دوو شانۆنامە

# - ژوورەکە

# - خوێندنگەی شەوان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هارۆڵد پینتەر

دوو شانۆنامە

# - ژوورەکە

# - خوێندنگەی شەوان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەلی عوسمان یاقووب



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: دوو شانۆنامە "ژوورەکە – خوێندنگەی شەوان"
نووسینی: هارۆڵد پینتەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٥١
هەڵەگری: بۆکان نووری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٥ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٧دا یەکەم شانۆنامە بەناوی "ژوورەکە" دەنووسێت و لە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ یشدا کۆچی دوایی دەکات. شانۆنامەی "ژوورەکە" دەبێتە دەستپێکی گرینگ و دەروازەیەکی والا بۆ گەمەی دەسەڵات، ترساندن، خەون و جیهانێکی فانتازیا. هارۆڵد پینتەر هەر دوای چەند ساڵێکی تر و بەشانۆنامەی "سەراییدار"، کە لە ساڵی ١٩٦٠دا دەینووسێ، دەچێتە ریزی نووسەرە گەورەکانی ئەو دەمەی ئینگلستانەوە و هێندەشی پێ ناچێ دەبێتە یەکێک لە شانۆنامەنووسە هەرە گەورەکانی ئەوروپا و دنیا. هارۆڵد پینتەر خاڵێکی وەرچەرخانە لە شانۆی جیهانیدا. سەرەتایەکی ترە و کۆتایی پێهێنانێکی راستەوخۆشە بە رەوتەکەی بەر لە خۆی. پینتەر دەروازەیەکی نوێیە و دوێنێ دەبەستێتەوە بەئەمڕۆوە و زمانێکی تایبەتمەند. فۆرم و گەردوونێکی جیاواز دەخوڵقێنێ و دەبێتە هاندەر و رێگە پیشاندەری نەوەیەکی نوێی شانۆنامەنووسەکانی ئەوروپا.

لەبەر گرنگی ئەم نووسەرە و پێگەی شانۆنامەکانی لە شانۆنامەی جیهانیدا، هەوڵ دەدەین لەم زنجیرەیەدا، بەپێی توانا شانۆنامەکانی بڵاو بکەینەوە. ساڵی پار "سەراییدار" و لەم ژمارەیەشدا "ژوورەکە" و "خوێندنگەی شەوان" تان پێشکێش دەکەین.

دانا رەئووف

# پینتەر و شانۆنامەی "ژوورەکە"

ئامادەکردنی: عەلی عوسمان یاقووب

ئەگەرچی شانۆنامەی "ژوورەکە" یەکەم بەرهەمی شانۆیی "هارۆڵد پینتەر"ە، بەڵام بەپێی بۆچوونی "مارتین ئەسلین"[١] بنیاتێکی درامی بەهێز و چەند کارەکتەرێکی سەرنجڕاکێشی ناو دونیای خەون و خەیاڵێکی بەجۆشی لە خۆ گرتووە. ڕەنگە ئەوانەی ئاگەداری بەرهەمەکانی پێشتری "پینتەر" بن، بەتایبەتی شیعرەکانی، هەمان ئەو دنیایەی تێیدا بدۆزنەوە، کە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا هەبوو، بەڵام بەزمانێکی روونتر. خۆ دەشێ ناونیشانی شانۆنامەکە یەکەم شت بێ، کە سەرنجی خوێنەر یا سەیرکەر رابکێشێ. دیارە "ژوور" وەکو شوێنی ڕووداوەکان لە زۆربەی شانۆنامەکانی "پینتەر" دووبارە دەبێتەوە وەکو شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە" و "سەرایپیدار" و "ژێر زەمین" و... هتد.

کەواتە کۆڵەگەی بنەڕەتی شانۆنامەکە ژوورێکە. ژوورێک دەرگەیەکی هەیە. "پینتەر" هەر لە سەرەتای شانۆنامەکە دوو شوێنی جیاواز، دوو شوێنی پێچەوانەی یەکتر وەک ئاماژەیەک بۆ ململانێیەک ، دەخاتە بەر دیدی خوێنەر یان سەیرکەر. گوتمان ژوورەکە دەرگەیەکی بۆ دەرەوە هەیە. لە دەرەوەی ئەم دەرگەیە دونیایەکی ترە. بەراوردکردنی ئەم دیوەی دەرگەکە - واتە ناو ژوورەکە - لەگەڵ دونیای ئەو دیوی دەرگەکە کارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو پەیامەی، کە "پینتەر دەیەوێ



بیگەیەنێ. دونیای دەرەوە دونیایەکی ساردە. دونیایەکی دژ و رقاوییە. ناو ژوورەکە گەرم و رووناکە، بەڵام لەدەرەوە زستانە، سارد و تاریکە. پێکهاتەی دووەمی شانۆنامەکە، ژن و مێردێکن، یان باشتر وایە بڵێین ژن و پیاوێکن، چونکە مەسەلەی ژن و مێردایەتییەکەیان وەکو زۆر شتی تری ناو شانۆنامەکە زۆر روون نییە. دیارە "پینتەر"، وەکو خەسڵەتی سەرەکی شانۆنامەکانی، هەردەم پانتاییەکی تەمومژاوی چ بۆ کارەکتەرەکان و چ بۆ ئاماژە ئاڵۆزەکانی رووداوەکان بەجێ دێڵێ، کە لەم باسەدا و لە شیکردنەوەی رووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە، بەپشتبەستن بە راوبۆچوونی هەندێ لە رەخنەگرەکان، ئاماژەی بۆ دەکەین. بەهەرحاڵ، پیاوەکە، کە ناوی" بێرت هود"ە، تەمەنی پەنجا ساڵە و ژنەکەیش "رۆز" بەتەمەن لە پیاوەکە گەورەترە. لە دەوروبەری شەست ساڵییە. سۆزێکی دایکانەی پێوە دیارە. چەنەبازە. دیارە بەتەواوی خۆی بۆ خزمەتکردنی مێردەکەی تەرخان کردووە. "بێرت" واتە مێردەکەی پیاوێکی کەمدووە. کە شانۆگەرییەکە دەست پێ دەکا، ئەو پیاوە خەریکی خوێندنەوەی گۆڤارەکەی بەردەمیەتی بێ ئەوەی ورتەیەکی لە دەمەوە بێ. "رۆز" ی ژنیشی بە گەرمییەوە خەریکی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئەوە. هەڵسوکەوتی "رۆز" هەر لە سەرەتاوە دوو بیرۆکە لای خوێنەر یا سەیرکەر دروست دەکا: یەکەمیان ئەوەیە، کە ئەم ژنە هەموو ئامانجی ئەوەیە دڵی مێردەکەی رابگرێ، بەڕادەیەک مرۆڤ بیر لە ئەگەری هۆکارێکی نادیار دەکاتەوە لە پشت ئەم بەتەنگەوە هاتنە لە رادەبەدەرەی "رۆز" بۆ مێردەکەی. دیارە ئەم ئەگەرە لای خوێنەر بەهێزتر دەبێ کاتێ سەیر دەکا، کە "بێرت" هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ پیشان نادا لە بەرامبەر

هەڵسوکەوتەکەی "رۆز". دووەمیشیان، وا لە سەیرکەر دەکا هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی پێشهاتێک بێ، کە شیرازەی ئەم پێوەندییە تێک بدا.

بەشێک لەو شتانەی، کە پینتەر لە شانۆنەمەکانیا زۆر بەبایەخەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەو کەرەسانەیە، کە لە شوێنی رووداوی ناو شانۆنامەکە بەکاری دێنێ. لەم بارەوە هیچ زیادەکارییان پێوە دیار نییە. هەموو شتێ بەوردی لە شوێنی خۆیا دادەنێ. دەبێ سەیرکەر یا خوێنەر لەم بارەوە خوێندنەوەیەکی وردی هەبێ تا بتوانێ خوێندنەوەیەکی راستەقینە بۆ کارەکتەرەکان، بەتایبەتیش دیوی ناوەوەیان، کە پینتەر زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، لای خۆی گەڵاڵە بکا. بۆیە ئەو کەلوپەلە سادەو ساکارانەی، کە لەم شانۆنامەیە لە ژووری دانیشتن و لە ژووری خەوتن هەیە، لە پاڵ شێوازی قسەکردن و جلوبەرگەکان سادەییی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە پیشان دەدەن. نووسەر هەر لە سەرەتاوە ئەو بیرۆکەیە لە لای سەیرکەر یان خوێنەر دروست دەکا، کە هەندێ هەڵە و ناتەواوی لە کەشوهەوای ئاخاوتنی نێوان کارەکتەرەکان هەیە. دیارە دونیای سارد و تاریکی دەرەوەی ژوورەکە خۆی لە خۆیدا حاڵەتێکی مەترسیدارە. ئەمە تایبەتمەندێتی دونیای شانۆنامەکانی "پینتەر"ە. بۆیە ئەگەر مرۆڤ شانۆنامەکانی "پینتەر"ی خوێندبێتەوە یا سەیر کردبێ، کاتێ ئەم شانۆنامەیە دەخوێنێتەوە یا سەیر دەکا هەر لە سەرەتاوە پێشبینی ئەوە دەکا، کە یەکێک لە ناو ئاسوودەیی و گەرمیی ژوورەکە توورِ هەڵدەدرێتە ناو دونیای سارد و بێ ئامانی دەرەوە. ئەمەیش وا لە خوێنەر یا سەیرکەری شانۆگەرییەکە دەکا بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی پێشهاتی



داهاتوو بکا. "پینتەر" ئەم چاوەڕوانییەی خوێنەر یا سەیرکەر لە رێگەی تێکستی رێنوێنییەکان و رەفتاری کارەکتەرەکان و هەندێ وشە و دەستەواژەی تایبەتی ناو حیوارەکان بەهێزتر دەکا. بۆیە دەشێ ئەو خۆشەویستییەی، کە "رۆز" بۆ بێرت هەیەتی لە بەرامبەر ساردیی و بایەخ پێ نەدانی "بێرت"، کۆمەڵێ مەترسی بە دواوە بێ.

لە راستیدا، ترس و دڵەڕاوکێی "رۆز" هەر لە سەرەتاوە دیارە. کاتێ "رۆز" بە بەردەوامی جەخت لەسەر گەرمی و ئاسوودەیی ژوورەکە دەکا لە بەرامبەر ساردیی و تاریکی دەرەوە و هەروەها تەڕیی و شیداریی ژێرزەمینەکە. ئەم جەختکردنەوەیەی "رۆز" لەلایەک دەربڕینی ئەو ترس و دڵەڕواکێیەیە، کە لە دەروونیا پەپکەی خواردووە و لە لایەکی تریش شاردنەوەی هەستکردنە بە نائاسوودەیی. بەڵام پاشان نائاسوودەییەکە بەرەبەرە زیاد دەبێ بەهۆی بەرەبەرە زیادبوونی دوودڵی و ناکۆکی و ئەو گومانە مۆتەکەئاسایەی، کە لەدەروونی "رۆز" ئارام ئارام تەشەنە دەکا. "پینتەر" ئەم حاڵەتە لە تەنیا قسەی بە نووزە نووزەوە بەرجەستە دەکا و ئیتر بەرەبەرە دەیکاتە سەرلێشێواندن و دڕندەیی. "رۆز" لەوە دڵنیا نییە کێ لە بەشەکانی تری خانووەکە دەژی، بەتایبەتی لە ژێرزەمینەکە. بۆیە هەر کاوناکاوێ ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا، ئاخۆ کێ لە ژێرزەمینەکە دەژی و لە هەمان کاتیشا چاوڕوونی لە خۆی دەکا، کە لە نهۆمی یەکەمە. "بێرت" لێخوڕە، هێشتا هەندێ کەلوپەلی ماوە و دەبێ بیانگەیەنێ. بۆیە سەرەڕای ساردوسڕیی ئەو ئێوارە زستانەیە، دەبێ هەر بچێتە دەرەوە. کاتێ "مستەر کید" بە سەردانێکی کورت دێتە لایان، "بێرت" بە تەواوی بێدەنگ دەبێ. بەڵام مرۆڤ هێشتا دڵنیا نییە ئاخۆ "بێرت" توانای قسەکردنی هەیە یان نا.

"مستەر کید" تا ڕادەیەک تووڕەیی پێوە دیارە. پیاوێکی بەتەمەنە و خوێنەر هەست دەکا گوێی گرانە. "ڕۆز" هەروا دەزانێ "مستەر کید" خاوەنی خانووەکەیە یاخۆ ئەو بیرۆکەیە لەلای ئێمەی خوێنەر یا سەیرکەر دروست دەکا. بۆیە پرسیاری دەربارەی کرێچییەکەی خوارەوە – واتە ژێر زەمینەکە – لێ دەکا، بەڵام "مستەر کید" گوێ بەپرسیارەکانی "ڕۆز" نادات یان هەر لە ئەسڵدا گوێی لەم پرسیارانە نییە. دەشێ هۆکاری تر هەبێ بۆ ئەم قسەنەکردنەی "مستەر کید". بەهەرحاڵ، ئەو نایەوێ ئەو ڕاستییە ساغ بکاتەوە، کە ئاخۆ خۆی خاوەنی خانووەکەیە یان نا، یاخود ئەو جوولەکەیە یان نا. تەنانەت لە ژوورەکەی خۆیشی دڵنیا نییە و بەتەواویش نازانێ خانووەکە چەند نهۆمی هەیە:

"ئۆە، جاران ڕاهاتبووم دەمژماردن. هیچ پێیەوە ماندوو نەدەبووم. من ڕاهاتبووم هەموو شتێ لەم خانووە نوێ بکەمەوە. بۆیە زۆر شت هەبوو لەم خانووە دەبوایە ئاگەداریان بم. توانای ئەوەشم هەبوو. ئەمە ئەو کاتە بوو، کە هێشتا خوشکم مابوو. بەڵام دوای ئەوەی خوشکم مرد، زۆر ئاگام لێ نەما. خوشکم ماوەیەکە مردووە. ئەو کاتە خانوویەکی خۆش بوو. ئەویش ژنێکی بەکردوکۆش بوو. بەڵێ ژنێکی زۆر بەتوانا بوو. ئاگای لە دایکیشم بوو. بەڵێ، ئەوەندەی من بیرم بێتەوە ئاگەداری پیرە دایکەکەشمی دەکرد. دایکم ژنێکی جوولەکە بوو. بەڵێ، بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کاتێ زانیم دایکم جوولەکە بوو. مناڵی زۆر نەبوو"



"پینتەر" هەر لە سەرەتاوە ڕووداوەکان لە دەوروبەرێکی ترسناک و هەڕەشەئامێز دادەنێ. ئەم دەوروبەرە ڕێک لە دونیای ناو ڕۆمانەکانی "کافکا" دەکا. نیشانەکانی ئەم دەوروبەرە ترسئامێزە زۆرن، وەکو بێدەنگی "بێرت"، خۆ بەستنەوەی "ڕۆز" بە ژوورەکە، هەروەها خودی ژوورەکە، کە لە خانووێک دایە قەبارەکەی دیار نییە و خوارەوەیشی ژێرزەمینێکە بەتەواوی نەدۆزراوەتەوە و سەرەوەیشی لە ناو تاریکیایە، بێجگە لەمەش کۆتاییی پێپلیکان دیار نییە. دوای ئەمە، "مستەر کید" ژوورەکە بەجێ دێڵێ. "ڕۆز" بە تەنیا دەمێنێتەوە. لێرەدا "پینتەر" ترس و نیگەرانی "ڕۆز" لە ڕێگەی ڕەفتار و جوولانەوەکانی، کە لە تێکستی ڕێنوێنییەکان دەردەکەوێ، بە ڕوونی دەخاتە بەرچاو:

«... ڕۆز هەڵدەستێتە سەرپێیان. سەیری دەرگەکە دەکا. پاشان لەسەرەخۆ ڕووی بۆ لای مێزەکە وەردەگێڕێ. گۆڤارەکە هەڵدەگرێ و دای دەنێتەوە شوێنی خۆی. دەوەستێ و گوێ ڕادەگرێ. دەچێتە لای ئاگرەکە. دەچەمێتەوە. ئاگرەکە دادەگیرسێنێ و دەستەکانی گەرم دەکاتەوە. خۆی قیت دەکاتەوەو سەیری ئەملا و ئەولای ژوورەکە دەکا. سەیری پەنجەرەکە دەکا و گوێ ڕادەگرێ. بەخێرایی دەچێتە لای پەنجەرەکە. دەوەستێ و پەردەکان ڕاست دەکاتەوە. دێتە ناوەڕاستی ژوورەکە و سەیری لای دەرگاکە دەکا. دەچێتە لای قەریۆڵەکە. دەسماڵەکەی دەکاتە سەر شان و دەچێتە لای سینکەکە. زبڵدانەکەی ژێر سینکەکە دەردێنێ. دەچێتە لای دەرگەکە و دەیکاتەوە.»

کە دەرگەکە دەکاتەوە، یەکسەر چاوی بەپیاوێکی گەنج و کچێک

دەکەوێ، کە لەسەر تەختایی پێبلیکانەکان وەستاون. ئەم بینینە کتوپڕە نەک هەر "ڕۆز" بەڵکو سەیرکەریش رادەچڵەکێنێ. ئەم دوو کەسە بە "توودی"و "کلاریسا" بانگی یەکتر دەکەن. ناوە ئەریستۆکراتەکانیان لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنیان، کە ڕێک لە شێوازی ئاخاوتنی چینی کرێکاران دەکەن، ناکۆکن. بەهەرحاڵ، سەرەتا مرۆڤ وا هەست دەکا بە هەڵەدا چووە و ئەم ترسەی لە ئەنجامی دەرکەوتنی ئەم دوو کەسە یا ئەم ژن و مێردە لای سەیرکەر پەیدا دەبێ چ بنەمایەکی نییە: ژن و مێردێک، بەناو "مستەر ساندز" و "خاتوو ساندز" بە دوای ژوورێکدا دەگەڕێن تێیدا بگیرسێنەوە. ئەوەی زۆر ئاساییە ئەوەیە، کە بەدوای خاوەن خانووەکە دەگەڕێن تا بزانن ژووری بەتاڵی لا دەست دەکەوێ یان نا. بەڵام نائاساییبوونی حاڵەتەکە لەوەدایە، کاتێ "ڕۆز" ناوی "مستەر کید" دێنی وەکو خاوەنی خانووەکە، چونکە ئەمان ناوێکی تریان پێ دراوە وەکو خاوەنی خانووەکە. "مستەر کید" کەمێک پێش ئەو کاتە بە "ڕۆز" ی گوتبوو، کە هیچ ژوورێکی بەتاڵ نەماوە. خانووەکە بەتەواوی پڕ بووە، کەچی کاتێ خاتوو "ساندز" بە "ڕۆز" دەڵێ، کە یەکێک لە ژێرزەمینەکە پێی گوتوون ژوورێک بەتاڵ دەبێ، ئەویش ژووری ژمارە حەوتە، واتە ئەو ژوورەکەی "ڕۆز"، باری دەروونی "ڕۆز" زیاتر دەشێوێ:

"ئێمە کە بیستمان ئەوان ژوورێکیان هەیە بۆ کرێ، یەکسەر بیرمان کردەوە بێین بۆ ئێرە و سەیرێکی بکەین، لەبەرئەوەی ئێمە لە شوێنێک دەگەڕێین. شوێنێکی هێمن. دەشمانزانی ئەم گەڕەکە هێمن و کشوماتە. ئێمە چەند مانگێک بەر لە ئێستا بەلای ئەم خانووە تێپەڕین و پێمان وابوو خانووێکی خۆشە. بەڵام بڕیارمان دا ئێوارەیەک سەردانێکی بکەین و خاوەنەکەی ببینین. بۆیە ئەم ئێوارەیە هاتووین.



بەڵام هەرکە گەیشتینە ئێرە، بەبەر دەرگەکە تێپەڕین. هۆڵەکە تاریک بوو. کەسیشمان لەم ناوە نەبینی. بۆیە چووین بۆ ژێرزەمینەکە. ڕاستی، ئێمە چووینە خوارەوە، چونکە "توودی" بینایی زۆر بەهێزە و بەینی خۆمان بێ من لە دەرەوە شێوەکەیم زۆر بەدڵ نەبوو. مەبەستم ئەوەیە سەرنجی نەپێکام. نەمانتوانی باش بیبینین. هەستم کرد تەڕو شێدارە. بەهەرحاڵ تیغە دیوارێکمان بڕی و پاشان گەیشتینە دیوارێکی ناوبڕەی تر. نەمانزانی بەرەو کوێ دەچین. بائەوەشت پێ بڵێم، هەرچەند زیاتر دەچووینە پێشەوە، تاریکتر دەبوو. کە زیاتر چووینە ژوورەوە هاتمە سەر ئەو ڕایەی، کە بەهەڵە هاتووینە ناو ئەم خانووە. بۆیە وەستام "توودی"یش وەستا. پاشان ئەم دەنگە گوتی. ئەم دەنگە بوو گوتی: با پێت بڵێم نەختێک ترسام. نازانم چۆن بوو، توودی. بەڵام یەکێک پێی گوتین کە ئامادەیە هەر شتێکمان بۆ بکا. بۆیە پێمان گوت، کە بەدوای خاوەن خانووەکە دەگەڕێین. ئەم پیاوەش پێی گوتین، کە خاوەن خانووەکە لە نهۆمی سەرەوەیە. پاشان "توودی" پرسی، ئاخۆ ژوورێکی بەتاڵ هەیە. ئینجا ئەو پیاوە، هەر ئەو دەنگە خۆی، وا بزانم لە پشت ناوبڕەکە بوو، گوتی: بەڵێ ژوورێکی بەتاڵ هەیە. وای بۆ چووم، کە پیاوێکی بە نەزاکەت و ڕەوشت بەرزە. بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانبینییەوە. نازانم بۆ گلۆپەکەیان هیچ دانەگیرساند. بەهەرحاڵ، پاشان چووینە دەرەوە و لەوێشەوە بۆ سەرەوە هاتین. هەتا سەرووی سەرەوە نەوەستاین. نازانم ئەوێ سەرووی سەرەوە بوو یان نا. لەسەر پێبلیکانەکان دەرگەیەک هەبوو داخرابوو. بۆیە لەوانەیە هێشتا نهۆمێکی تر مابووبێ. بەڵام ئێمە کەسمان نەبینی. تاریکیش بوو. ئینجا ئێمە ئێستا دیسان هاتووینە خوارەوە و تۆش دەرگەکەت کردەوە.

"رۆز" بەم قسانە تووشی حەپەسانێک دەبێ نەبێتەوە. کاتێ "خاتوو ساندز" پێی ڕادەگەیەنێ، کە ئەو ژوورە بەتاڵە ژووری ژمارە حەوتە:

**رۆز:**

هیچ ژوورێکی بەتاڵ لە ناو ئەم خانووە نادۆزیتەوە.

**مستەر ساندز:**

لەبەر چی؟

**رۆز:**

مستەر کید وای پێ گوتم. ئەو پێی گوتم.

**مستەر ساندز:**

مستەر کید؟

**رۆز:**

ئەو پێی گوتم هەمووی پڕە.

**مستەر ساندز:**

ئەو پیاوەی لە ژێرزەمینەکە بوو گوتی یەکێک هەیە. ژوورێک.

ژووری ژمارە حەوت.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

ئەمە ئەو ژوورەیە.

تەنانەت ئەو شێوازە تەمومژاوییە و گومان ورووژێنەی، کە "پینتەر" لە ڕێگەی دیالۆگەکان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەکاری دێنێ و مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی رۆژانە بەتایبەتیش لێڵی و ناڕوونی لە داڕشتنی رستەکان کەشوهەواکە لە هزر و خەیاڵی "رۆز" و



هەروەها خوێنەر یا سەیرکەری شانۆگەرییەکە ترسناکتر دەکا. بۆیە ئەم دوو ئاخاوتنە پێچەوانەیەی سەرەوە، کە بە شێوازێکی سادە و ساکار داڕێژراون، داچڵەکێنێکی راستەقینەی لێ دەکەوێتەوە. بەگوێرەی "رۆز" تەنها قسەکردن لەسەر بەتاڵکردنی ئەو ژوورەی، کە بە هی خۆی دەزانێ، مردنێکە بۆ خۆی. بۆیە زۆر بەتوندی ئەم رایە ڕەت دەکاتەوە. دوای ئەوەی "مستەر ساندز" و "خاتوو ساندز" ژوورەکە بەجێ دێڵن. "مستەر کید" دێتەوە ژوورێ. ئەوەندە پەشۆکاوە تەنانەت گوێی لەو پرسیارانەش نییە، کە "رۆز" بە حەپەساوییەوە لێی دەکا سەبارەت بەقبوولکردنی بیرۆکەی بەکرێدانی ژوورەکەی خۆی لەلایەن ئەو خەڵکەوە. دواجار "مستەر کید" ئەوە ئاشکرا دەکا، کە کەسێکی لابەلا لە ژێرزەمینەکەیە و دەیەوێ چاوی بە "رۆز" بکەوێ. ئەم پیاوە هەراسانی کردووە و ماوە نادا چرکەیەک ئاسوودە بێ. لە ژێرزەمینەکەیە و بە هیچ کلۆجێ ئەوێ بەجێ ناهێڵێ. بەردەوام پرسیاری دەربارەی "رۆز"ی لێ دەکا. ئەوە دوو رۆژە "مستەر کید" چاوەڕوانی ئەوە دەکا مێردەکەی – واتە "بێرت"ی مێردی "رۆز" – بچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەم قسەیە بگەیەنێتە "رۆز". بۆیە ئەمڕۆ زووتر هاتووەتەوە تا بزانێ ئاخۆ "بێرت" چووەتە دەرەوە یان نا. "رۆز" نایەوێ چاوی بەم کەسە بکەوێ، بەڵام کاتێ "مستەر کید" بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە "رۆز" رادەگەیەنێ، کە ئەگەر چاوی پێ نەکەوێ، ئەوا ئەو کەسە دەیەوێ بە ئامادەبوونی "بێرت" چاوی بە "رۆز" بکەوێ، "رۆز" دڵی نەرم دەبێ و داوا دەکا زوو چاوی پێ بکەوێ. کە "مستەر کید" دەچێتە دەرەوە، دیسان "رۆز" بە تەنیا دەمێنێتەوە. دیسان سەیرکەر یا خوێنەر لەگەڵ "رۆز" چاو دەبڕنە دەرگەی ژوورەکە. دەرگەکە دەبێتە خاڵی سەرنجپێدان. کەی دەکرێتەوە؟ ئاخۆ چ

نهێنییەک ئاشکرا دەبێ. ئەو پیاوەی ژێر زەمینەکە کێیە؟ بۆ دێتە لای "رۆز"؟ ئەمـانە و چەندەها پرسـیـاری تر لەم چاوەڕوانیـیـە تۆقـێنەرە دەوروژێن. دواجار دەرگەکە دەکرێتـەوە. پێستـرەشـێکی نـابینا دێتـە ژوورەوە. ناوی "رایلی"یە. "رۆز" نەک هـەر بەبێزەوە، بەڵکو بەترسـەوە و تەنانەت لە ڕوانگەی رقـوکـینەی رەگـەزپـەرسـتـیـیـەوە سـەیری ئەم پێستـرەشـە دەکـا، یان لانی کەم ئەم بیرۆکەیە لای خوێنەر یا سـەیرکەر دروست دەکـا. دیارە "رایلی" پـەیامـێکی لە باوکی "رۆز" ەوە بۆ "رۆز" هێناوە:

**رایلی:**

باوکت دەیەوێ بێیتەوە ماڵێ.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

ماڵەوە؟

**رایلی:**

بەڵێ.

**رۆز:**

ماڵەوە؟ دەبڕۆ بڕۆ. درەنگە درەنگ.

**رایلی:**

دێیتەوە ماڵەوە.

**رۆز:**

بەسە ناتوانم باوەڕ بکەم. چیت دەوێ؟ چیت دەوێ؟

**رایلی:**

"سـال"، وەرەوە ماڵ.



دیارە "رایلی" بە ناوی "سـال" بانگی "رۆز" دەکـا. پاشـان شـێـوازی ئاخاوتنی "رایلی" لـە کـەسـی سـێـیـەمـەوە دەگۆڕدرێ بۆ کـەسـی یەکەم. لەمــەوە مــرۆڤ ئەو رایـەی لەلا دروست دەبـێ، کـە "رایلی" هـەر بـاوکی "رۆز" خۆیەتی:

**رایلی:**

دەمەوێ بێیتەوە ماڵ.

**رۆز:**

نەخێر

**رایلی:**

لەگەڵ من.

**رۆز:**

ناتوانم.

**رایلی:**

چاوەڕوان بووم تۆ ببینم

**رۆز:**

بەڵێ.

**رایلی:**

سـال.

"رۆز" لە چرکـە سـاتێکـا "راسـتـی" ی حـاڵەتەکە دەردەبڕێ: «رۆژەکە دژوار و دڵپـەسـتکەرە. هـەرگیز ناچمە دەرەوە» ئەم قسـەیەی "رۆز" زۆر سادەیە، بەڵام ئاماژەیەکی گەورەی هـەیە و خوێنەر یا سـەیرکـەر دەخاتە حـاڵەتـی رامـان و بیـرکـردنەوە. رێک لـەم چرکـەسـاتـەدا "بێـرت" دێتـە

ژوورەوە. لە گەشتە شەوانەکەی گەڕاوەتەوە. جارێکی تر "پینتەر" خوێنەر رادەچڵەکێنێ کاتێ "بێرت" بۆ یەکەم جار لە شانۆنامەکەدا بەقسە دێنێ. باسی ساردوسڕیی دەرەوە دەکا. پاشان بە دووروودرێژی باسی ئەوە دەکا چۆن ترۆمبێلەکەی لێخوڕیوە. "بێرت" لە باسکردنی ترۆمبێلەکەی راناوی مێینەی بۆ بەکار دێنێ، کە بەداخەوە من لە وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە نەمتوانی بەڕوونی بیخەمە بەرچاوی خوێنەر. بەهەرحاڵ، دیارە ئەمەیش رەهەندێکی سێکسی لە دەروونی "بێرت" هەیە: «من دەستم بەکار دێنم. توووند دەیگرم، ئاوەها. بۆ هەر شوێنی بێ دەڕۆم. ئەو بردمیە ئەوێ. ئەو منی گەڕاندەوە». کاتێ "بێرت" هەست بە پێسترەشەکە دەکا، دەچێتە لای دادەنیشێ و لەگەڵ دەربڕینی دەستەواژەی " بێقیمەت" خۆی پەلاماری دەدا. لەسەر کورسییە دەسکدارەکە تووڕی دەدا. ئینجا چەند جارێک سەری لە سۆپاکە دەدا هەتا بەبێهۆشی دەکەوێتە سەر عەرزەکە و جوولەی لەبەر دەبڕێ. "رۆز" چاوەکانی خۆی هەڵدەگڵۆفێ و بینایی لەدەست دەدا.

بەر لەوەی ئاماژە بۆ هەر خوێندنەوەیەکی ئەم شانۆنامەیە بدەم حەزدەکەم تیشکێ بخەمە سەر شانۆنامە بەرایییەکانی "پینتەر" بەگشتی بەو پێیەی، کە ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لە بەرهەمە بەرایییەکانی "پینتەر"، وەکو ئاماژەم پێ کرد یەکەم بەرهەمی شانۆیییەتی. "مارتین. س. ریگاڵ"(٢) پێی وایە، کە شانۆنامەکانی بەرایی "پینتەر" بەگشتی ناوەڕۆکێکی ناتورالیستییان پێوە دیارە، چونکە زۆربەی رووداوەکانی ئەم شانۆنامانە یەک ئاراستەیان هەیەو لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراو دان. بۆ نموونە: شانۆنامەی "ژوورەکە" یەک ئێوارەی لەخۆ گرتووە. شانۆنامەی " ئاهەنگی جەژنی



لەدایکبوون" دوو رۆژ و هەروەها شانۆنامەی "سەراییدار" دوو هەفتە دەخایەنێ. دیاریکردنی کاتەکان یان درێژکردنەوەیان لە رێگەی تێکستی رێنوێنییەکان، هەروەها ئاماژەکانی ناو دیالۆگەکان دەستنیشان دەکرێ. هەندێ جار راستەوخۆ ئاماژە بۆ سەعاتەکە دەکرێ لە رۆژەکە، یان ئەو ئیشەی، کە بەشەو یان بەرۆژ دەکرێ. جار جاریش ئاماژە بۆ کاتەکانی ساڵ دەکرێ. هەموو ئەم کاتانە لە چوارچێوەیەکی ریزبەندی رێکوپێکی ئاساییەوە دادەڕێژرێ. دەشێ هۆکارەکان روون و ئاشکرا بن یان نادیار بن. زەمەنی رابووردوو بەڕوونی دەستنیشان دەکرێ، یاخود تەمومژاوییە، بەڵام رووداوەکان لەسەر تەختەی شانۆ یەک لە دوای یەک بەڕێوە دەچن و حیوارەکان تا رادەیەک ئاقارێکی ریزبەندی لەخۆ دەگرن. لەم شانۆنامە بەراییانەی "پینتەر" هیچ گواستنەوەیەک لە زەمەنی ئێستا بۆ زەمەنی رابوردوو یان بەپێچەوانەوە بەرچاو ناکەوێ وەکو لە شانۆنامەکانی دواترێ دەبینرێ، بۆ نموونە لە شانۆنامەی"ژێرزەمین" یان لە شانۆنامەی "ناپاکی". بێجگە لەمەش، رووبەری زاکیرەی هیچ کارەکتەرێک، تەنانەت لە باری دوورەپەرێزیشا درێژ نابێتەوە تا لەوێوە زەمەنەکان ئەمبەر و ئەوبەر بکەن. بەڵام مانای ئەوە نیە، کە "پینتەر" دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان وەلادەنێ، بەپێچەوانەوە، ئاماژەیەکی زۆر هەیە بە ئاراستەی شێواندنی ئاسوودەییەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان هاوکات لەگەڵ رەوتی ئاسایی زەمەنەکە. "پینتەر" زۆر جار شێواندنی باری ئاسوودەییەکە لە رێگەی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکە دەردەبڕێ، کە لە تێکستی رێنوێنییەکان ئاماژەی بۆ دەکا، بەڕادەیەک ئەو بیرۆکەیە لای بینەر دروست دەکا، کە

ناتەواوییەک یاخود شڵەژاوییەک ئاسوودەییەکانی ئەم کارەکتەرەی تێک داوە. بەهەرحاڵ شێواندنی ئەم ئاسوودەیییەی کارەکتەر جۆرێک لە ململانێی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەم ململانێیە لە شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر" بەهیچ شێوەیەک کار لە زەمەنەکە ناکەن. زەمەنەکە هیچ پچڕانێکی بەسەر نایەت. کەچی لە شانۆنامەکانی دواتریی "پینتەر" ، وەکو شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن" و "A Kind of Alaska" زەمەن لە زاکیرەی کارەکتەرەکان بەهۆی ئەم ململانێیەوە گواستنەوەی بەرچاوی هەیە.

لەلایەکی تر، وەکو "ریگاڵ" ئاماژەی بۆ دەکا، زمانی ئاخاوتن لەم شانۆنامانە، بنیاتی شانۆنامەکان، وەکو بنیاتێکی کۆن، هەروەها رەگەزی شوێن – خانوویەکی بچووک لە شانۆنامەی "سەرایيدار" و خانوویەک لە شارێکی کەنار دەریا، هەروەها خانووبەرەیەکی لادێ لە شانۆنامەی "سوکەژانێک" و ژووری دانیشتن و نووستن لە شانۆنامەی "ژوورەکە" – هەموو ئەمانە بنەمای ناتورالیزمین. بەڵام ئەو ناتورالیزمییە وەکو ئەو ناتورالیزمییە نییە، کە لە شانۆنامەکانی "جۆن ئۆزبۆرن" یاخود "ویسکەر" یان هەر شانۆنامەنووسێکی تر هەن، کە رێک لە کاتی نووسینی ئەم شانۆنامانە هاوچەرخی "پینتەر" بوون، چونکە شانۆنامەکانی "پینتەر" دونیای ئەو دیوی دەرگە داخراوەکان یان پەنجەرە گیراوەکان پیشان دەدا . لەوێ خەڵکێک لە ژێرزەمینەکان یا لە میوانخانەکان لە نێو بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی بەردەوام دان. هەر لە رێگەی ئەم بیرکردنەوەیە پێوەندییان بە دونیای دەرەوە هەیە.

"جۆن پیتەر" ئەم شانۆنامە بەراییانەی "پینتەر" بە "دونیای داخراو" یان "درامای داخراو" ناو دەبا[٣]. ئەو پێی وایە، کە ئەم شانۆنامانە



هیچ پەیامێکی روونیان نییە. دەشێ ئەم ناولێنانەی "پیتەر" لەمەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دونیا داخراوە و ئەو کەلوپەلانەی تیایەتی لە بەردەوامێتی دونیای دەرەوە دابڕابن. بەهەرحاڵ رەنگە هەر ئەمەش وای لە رەخنەگرەکانی پێشتر کردبێ ئاماژە بەبوونی جۆرە مانایەکی شاراوە یا پێشبینییەکی نادیار لەم شانۆنامانە بکەن. کارەکتەرەکان بەگشتی هیچ پێشینەیەکیان نییە بڕابێتەوە، بەڵام کۆمەڵێ پاڵنەری شاراوەیان هەیە بۆ هەڵسوکەوتەکانیان. بۆیە ئەم رەخنەگرانە بەروونی مەبەستیان رواڵەتی ناتورالیستی ئەم شانۆنامانە نەبوو، بەڵکو دونیای ناو ئەم شانۆنامانەیان لەگەڵ دونیای ناو رۆمانەکانی "کافکا" و "ئەرنەست هەمینگوای" بەراورد کرد. دیارە "پینتەر"یش لە کاتی گەنجێتی بەرهەمی ئەم دوو نووسەرەی زۆر خوێندووەتەوە وەکو خۆی لە چاوپێکەوتنێکا، کە لە کۆتاییی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراوەتە ڕوو، ئاماژەی بۆ دەکا . ئەو هێز و گوشارە نادیارانەی، کە هۆکارەکانیان روون نییە، لەناو ئەم شانۆنامانەی "پینتەر"، بە پێی بۆچوونی "ریگاڵ" وای کردوە، کە ئەم ناتورالیزمییەی "پینتەر" ناتورالیزمییەکی ئاسایی نەبێ. هەر بۆیەش خوێندنەوەی سەیری بۆ کراوە، کە بەرچاوترینیان خوێندنەوەیەکی سەمبوڵئامێزە. بۆیە "رایلی" لە شانۆنامەی "ژوورەکە"، بەپێی بۆچوونی ئەم رەخنەگرانە، پەیامهێنی مەرگە و "گۆڵدبێری" و "ماکان" لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" نموونەی ترس و هەڕەشەن. بەڵام "پینتەر" لە وەڵامی ئەم بۆچوونانەی رەخنەگرەکان دەڵێ، کە هیچ شانۆنامەیەکی لە روانگەی هیچ بیرۆکەیەک یان تیۆرێکی ئەبستراکت نەنووسیوە و هیچ کام لە

کارەکتەرەکانی پەیامهێنی مەرگ یا چارەنووسێکی رەش نین.. بە واتایەکی تر هیچ هێزێکی مەجازی ناکەن.[٤] دیارە نووسەر هەرچی بڵێ دەربارەی بەرهەمەکەی، دواجار رەخنەگر مامەڵە لەگەڵ دەق دەکا و ئەودیوی رستەو رووداو و حیوار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەخوێنێتەوە. بۆیە بەپێی بۆچوونی "ئۆستین. ئی، کویگلی" هەر راڤەکردنێکی سەمبولئامێز بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەگشتی و بەرهەمەکانی "پینتەر" بەتایبەتی کارێکی هەڵەیە، چونکە بەرهەمەکە بچوک دەکاتەوە لە جیاتی ئەوەی بیئاخنێتە مێشکەوە.[٥] کەواتە "کویگلی" ئەو رایە پەسند ناکا، کە دەڵێ "رایلی" پەیامهێنی مەرگە، چونکە لەگەڵ راستییەکانی ناو شانۆنامەکە ناگونجێ. پەیامهێنێکی مەرگ، کە هیچ پەیامێک ناگەیەنێ و خۆیشی بمرێ لە کارێکی شانۆییدا زیاتر وای لێ دەکا بەلای شانۆی ناماقووڵ بچێ. بەهەرحاڵ بەپێی راستییەکانی ناو شانۆنامەکە زۆر سەختە مرۆڤ خوێندنەوەیەکی ناتورالیستی بۆ کارەکتەری "رایلی" بکا. پێوەندی مردنی "رایلی" بە "رۆز" ەوە بۆ بینەر یا خوێنەر بە بەڵگەوە روون نییە. هەتا ئەو کاتەی هێرش دەکرێتە سەر "رایلی" شانۆنامەکە چ لە لایەنی زمانەوە و چ لەلایەنی بارودۆخی ناو شانۆنامەکە هەر لە چوارچێوەیەکی ناتورالیستییە، بەڵام ئەوەی هاوکێشەکە لەنگ دەکا مردنی "رایلی" یە لەگەڵ کوێربوونی "رۆز". بۆیە مرۆڤ رووبەڕووی ئەم پرسیارە دبێتەوە: ئەگەر هیچ سەمبولێک لە پشت ئەمەوە نەبێ، ئەم کۆتاییە لە پای چی؟

دەشێ ئەم کۆتاییە لێکدانەوەی تری بۆ بکرێ. "پینتەر"، وەکو خۆی دەڵێ، لە رەفتاری کارەکتەری "رایلی" رازی نەبووە، چونکە " رەفتاری



لە کارەکتەرەکانی تر جیاوازە"[٦]. جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە ئەم هەڵوێستەی "پینتەر" سەبارەت بەم کارەکتەرە لەگەڵ بۆچوونی رەخنەگری بەتوانا "مارتین ئەسلین" کۆکە، کە دەڵێ ستایلی شانۆنامەکە، رێک لەم کاتەدا «واتە لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا» جۆرێک لە گۆڕانی بەسەردا دێت.. بە واتایەکی تر کارەکتەری "رایلی" لێکدانەوەیەکی سەمبۆلئامێز دەگرێتەخۆ، چونکە لەمە بترازێ ناچێتە ژێر باری هیچ هەلومەرجێکی تر. خۆ دەشێ ئەم کۆتاییە توندوتیژە و پچڕ پچڕەی شانۆنامەکە بگەڕێتەوە بۆ کەمی شارەزاییی "پینتەر" لەو کاتەدا. بەڵام ئەگەر شێوازی شانۆنامەکە بە جۆرێک لە بابەجێی و نەگونجان کۆتایی پێ بێ، ئەوا لە رووی بابەتەوە کۆک و گونجاوە. ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەزانین، کە یەکێک لە ژێرزەمینی میوانخانەکەیە. دواجار دەردەکەوێ، کە ئەم کەسە "رایلی"یە. ئەمە حاڵەتێکی کۆکە. دەرکەوتنی "رایلی" دەبێتە هۆی شێواندنی ئارامیی ژوورەکەی "رۆز" و زیادکردنی ترس و نیگەرانی ئەو سەبارەت بەخانووەکە و بەژێرزەمینەکە. هەموو ئەمانە لەگەڵ رووداوی پێشتریی شانۆنامەکە کۆکە، بەڵام ئەو پرسیارانەی، کە شانۆنامەکە وەڵامیان ناداتەوە ئەمانەن: بۆ لە "رایلی" دەدرێ؟ بۆچی "رۆز" چاوی کوێر دەبێ؟ ئەمانەن، کە لێکدانەوە سەمبولئامێزەکە قوڵتر دەکەنەوە. بەهەرحاڵ کۆتاییی شانۆنامەکە چەندە بێ سەروبەر بێ، ئەوا رووبەری کاریگەرییەتی و مانای ئەنجامی شانۆنامەکە گەورەتر دەکا لە روانگەی ئەم لێکدانەوە سەمبولئامێزە.

بەڵام "رۆناڵد نۆڵز"[٧] لە میانی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی شانۆنامەکانی پینتەر، ئاماژە بۆ ئەو خوێندنەوانە دەکا، کە جەخت

لەسەر لایەنی سوریالی دەکەنەوە لەم شانۆنامەیەدا. بەگوێرەی ئەم خوێندنەوانە، "رایلی" واتە رەشپێستەکە، رەمزی مردنە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە دیوێکیا باری شلۆقی لە بینینی "رۆز" پیشان دەدا و لە هەمان کاتیشا جەخت لەسەر ئەوە دەکا، کە بینینی ئاسوودەئامێز لە جیهانێکی پڕ کێشە و ئاژاوە، کە جیهانێکی قەڵپ و هەڵخەڵەتێنەرە، بینینێکی پێویستە. ئەمە رۆحی شانۆنامەکانی "پینتەر"ە. "پینتەر" لەم دەرگەیەوە دەچێتە ناو دونیای شانۆی ناماقووڵ، کە هەریەک لە "یۆجین یۆنسکۆ" و "پیکیت" پێشەنگی بوون. "پینتەر" لە سەردەمێکا بیری دەکەوێتەوە، کە یەکێ لە شانۆنامەکانی" یۆجین یۆنسکۆی" بینیوە: " کاتێ شانۆنامەی "ئاهەنگی ساڵیادی لەدایکبوون"م نووسی، یەکێک لە شانۆنامەکانی "یۆجین یۆنسکۆ"م بینی بوو کە شانۆنامە' کرێچیە تازەکە' " بوو. هەڵبەت ئەم شانۆگەرییەی "یۆنسکۆ" لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەم جار لە "یانەی هونەرو شانۆ" نومایش کرا، واتە ساڵێک پێش ئەوەی "پینتەر" شانۆنامەی "ژوور" بنووسێت. بۆیە "رۆناڵد کنۆلز"[٨] پێی وایە، کە کاریگەرییەتی نیوەی یەکەمی شانۆنامەکەی "یۆنسکۆ" واتە "کرێچیە تازەکە" بەسەر نیوەی یەکەمی شانۆنامەی "ژوورەکە" بەرچاوە. لە شانۆنامەکەی "یۆنسکۆ" پیرەمێردێکی دەرگاوان بەبەردەوامی قسەی پچڕ پچڕ و ئەلەق مەلەق لەگەڵ کرێچییەکی تازە دەکا، کە زۆر بێدەنگە. بەڵام کاریگەرییەتی فۆرم و شێوازی شانۆنامەکە لێرە تەواو دەبێ. لە شانۆنامەکەی "یۆنسکۆ" کرێچییە تازەکە کەلوپەلی ناوماڵ وەردەگرێ، کە دواجار هەموو ژوورەکە و پاشان شەقامەکە و ئینجا پاریس داگیر دەکا. ئەمەیش، بەپێی بۆچوونی "کنۆڵز"، دەبێتە رەمزێکی سەرنجڕاکێش، کە



بەرجەستەکردنی ئەو پەڕی ماتریالیزمی کلۆسترۆفۆبیایە، واتە ترسان لە شوێنی داخراو.

پینتەر هیچ کاتێ شێوازی رەمزی و سوریالی و تەعبیری بەواقیع ناگۆڕێتەوە. لە کاتێکا ئاماژە مۆڕال و فەلسەفی و ئاینییەکانی ئەبسێردیزم، کە لەگەڵ هەلومەرجە مێژوورییەکان پەیدا بووە و لەگەڵ بنەما دژە واقیعەکان هاوتەریب بووە، بەئاراستەی قووڵکردنەوەی خوێندنەوەیەکی رەمزی ئەبستراکت قووڵ دەکاتەوە، زۆر جار هێزی درامی لە ناو کایەیەکی وشک دەتوێنێتەوە. راستێتی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری لەو رێنوێنییانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەستنیشانی پێوەندی نێوان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەگەڵ پێکهاتە ئایدۆلۆجییەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. دیارە مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ناتوانێ بەدەر بێ لە دیاریکردن و داڕشتنی ئەم هێزە ئایدیۆلۆجییانە. بۆیە رەخنەگرەکان هەردەم هەوڵ دەدەن ئەو پێکهاتەیە بخەنە روو، کە بەدرێژاییی مێژوو ئەم بەرهەمە ئەدەبییە یان هونەرییەیان لە هەناوی خۆیانا هەڵگرتووە.

ئەگەر لەم چوارچێوە مێژووییەوە سەیری شانۆنامەی ژوور بکەین «واتە دووبارە پێداچوونەوە بە بیروباوەڕی رەگەزپەرستی دوای جەنگی جیهانی و پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵ لە پەنجاکان» وەکو "کنۆڵز" بۆی دەچێ دەشێ شانۆنامەی "ژوورەکە" خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێ. لە پێش پەنجاکان، پێسترەشەکان لە بەریتانیا زیاتر لە شوێنی باکردن و بارداگرتنی کەشتی و لۆری و لە پشت کارگە و فرۆشگەکان دەبوون. پاشان لە زۆربەی شارەکان لە رێگەی پێکهێنانی ژیانی

هاوسەرێتی لەگەڵ زۆربەی تیرە و توێژ و ڕەگەزە جیاجیاکانی بەریتانیا تێکەڵ بوون. پێوەندی نێوان شانۆنامەکەی "پینتەر" و کۆمەڵگە پێوەندییەکی ئاڵۆزە. بۆ یەکەم جار ئەم شانۆگەرییە لە "یانەی شانۆی هامپستێد"، کە تازە دامەزرا بوو، نومایش کرا. ئەو کاتە چەند کیلۆمەترێک دوور لە شوێنی نومایشکردنەکە، بارگرژیی نێوان ڕەگەزەکان بەرەبەرە پەرەی دەسەند و تا دواجار بووە ئاژاوەیەکی گەورە. راستی ئەم پشێوییە بەگەورەترین پشێوی دوای جەنگی جیهانی دووەم دادەنرێ لەم بارەیەوە. شانۆنامەی "ژوورەکە" بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، وەکو وێنەیەکی بچوکی هەموو جیهان، ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا بەرجەستەیە. رەنگە کارەکتەری "رایلی" پێسترەش کارەکتەرێکی سەمبولئامێز بێ، بەڵام بۆ سەیرکەری شانۆنامەکە کارەکتەرێکی حەقیقی بوو. بەڵام پینتەر بۆ مەبەستی سایکۆلۆجی بەکاری دێنێ. پینتەر حاڵەتی نابینایی لە "رایلی"یەوە دەگوازێتەوە بۆ "رۆز". ئەمەیش لە رێگەی دەست پیاکێشانی "رۆز" بە" چاوەکانی رایلی و پشتی سەری..." . ئەم دیمەنە بۆ بینەرانی ئەم شانۆگەرییە لە ساڵی ١٩٥٧ حاڵەتێکی ناپەسند و ناخۆش بوو، نەک لەبەرئەوەی لە دیوێکیا هەڵگەڕانەوەی ناسنامەی تێیدا بەرجەستەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی رەهەندێکی سێکسی هەیە. بەڵام پینتەر زۆر بە جورئەتەوە ئەم کلێشە باوە دەشکێنێ. دیارە بەپێی سەرچاوە مێژوویییەکان ، پێسترەشەکان دەبووایە لە بەرامبەر کۆلۆنیستە گەورەکانیان ملکەچ بن. کۆچکردن قینی کوێرانەی ڕەگەزپەرستی لە ناو کۆمەڵگەی بەریتانی بەشێوەیەکی یەکجار زۆر خراپ دەرخست. لە ئاکامدا پشێوییەکان توندوتیژییەکی زۆر و خوێنڕشتنیشی لێ



کەوتەوە. پێسترەشەکان، ئەوکاتە، لە ماڵەکانی خۆیشیان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ هاتن. "پینتەر" لە بەشێک لەو بەسەرهاتانەی، کە لە شانۆنامەی "ژوورەکە" ترس و دڵەراوکێ دەورووژێنێ دەیەوێ ئەو راستییە دەربخا، کە بەریتانییەکانیش، وەکو خەڵکی تری ئەوکاتە، لەدەستیان هاتووە کەمینە نەتەوایەتییەکان بچەوسێننەوە یاخود کاری وایان لێ وەشاوەتەوە، کە دژایەتی پێسترەشەکان بکەن لەباری کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە وەکو "کنۆڵز" بۆی دەچێ.

"پینتەر" توانایەکی گەورەی هەیە بۆ بینینی ئەودیوی ئەو رووداوانەی دەیانکاتە بابەتی شانۆنامەکانی. هەر بۆیەش بەگشتی بابەتی شانۆنامەکان بۆ خەڵکی ئاسایی ئەوەندە بایەخیان نییە و نابێتە جێگەی سەرنجیان، چونکە وەکو هەر رووداوێکی ئاسایی رۆژانە سەیری دەکەن. بەڵام ئەوە بینینی "پینتەر"ە بابەتەکە دەکاتە بابەتێکی زیندووی سەرنجڕاکێش دوای ئەوەی بەقووڵی رووداوەکە دەپشکنێ. پێشتر کۆدەکانی بۆ خۆی شی دەکاتەوە و پاشان لە شانۆنامەکانا بەرجەستەیان دەکا. بۆیە رووداو لە پاڵ تەکنیکی درامی بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. بەگشتی رووداوەکانی شانۆنامەکانی "پینتەر" هەردەم بە ئاقارێکا دادەچن، کە جیابوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی لێ بکەوێتەوە. زۆر جار سەرەتای نووسینی شانۆنامەیەک لە سەرگوزشتەیەکی کورت یان بەرێکەوت بینینی دیمەنێکەوە دەست پێ دەکا. ئەم حاڵەتە، لە شانۆگەرییە بەراییەکانی وەکو شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "ژوور" دەردەکەوێ. دەشێ رووداوێک هێندە بچووک بێ، کە لەبیر بکرێ، بەڵام پاشان هەرکاتێ لەگەڵ رووداوێکی تری ناو نەستی مرۆڤ گرێ دەدرێ، زیندوو دەبێتەوە.

رەنگە ئەم زیندووبوونەوەیە کاتێکی زۆر بخایەنێ، بەڵام لای "پینتەر"، دواجار، دەبێتە سەرەتای یەکەمین حیواری درامی. بۆ نموونە: دیمەنی ئەو دوو پیاوەی، کە لە شانۆنامەی "ژێرزەمین" دان، وەکو "پینتەر" خۆی باسی لێوە دەکا، بیست ساڵ بوو لە مێشکیا بوو بەر لەوەی شانۆنامەکە بنووسێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی لە مێشکیا دروست بووە گەشە بکا بەو ئاراستەیەی، کە "پینتەر" خۆی دەیەوێ، پێویستە وێنەی تری لێ پەیدا بێ. بۆیە تا ئەو وێنانە پەیدا نەبوونە، شانۆنامەکە لە دایک نەبووە. "پینتەر" لە نامەیەکیا بۆ "پیتەر وود" بە روونی ئاماژە بۆ ئەم پەیدابوونەی وێنەکانی تر دەکا، کاتێ "پیتەر وود"، بەو پێیەی دەرهێنەری یەکەمی شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"ەکەیەتی، پرسیار دەربارەی ئەو حیوارانە لە پینتەر دەکا، کە زیاتر رووداوەکانی ناو شانۆنامەکە روون دەکەنەوە، "پینتەر" پێی دەڵێ، کە "دیمەنە سەرەکییەکە بڕیار لەسەر ئەمە دەدات". دیارە مەبەستی "پینتەر" لە دیمەنی مەتبەخەکە و دانانی "مێگ" و "پێتی" بەڕێوەچوونی چێشتی بەیانییەکەیە[٩]. "پینتەر" لە چاوپێکەوتنێکیشا، لە فێستیڤاڵی دراما لە "بریستۆڵ" لە ساڵی ١٩٦٢ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەشێک لە پرۆسەی داهێنان لەوەدایە، کە "وێنەیەکی ناو مێشکی نووسەر بتوانێ سەربەستانە وێنەیەکی تر دروست بکا"دیوێکی ئەم قسەیەی "پینتەر" گواستنەوەی پرۆسەکەیە لە گۆشەنیگای نووسەرەوە بۆ گۆشەنیگا کارەکتەری بە ئاگا. بۆیە خوێنەر یا سەیرکەر هەست دەکا، کە زمان و کارەکتەر و هەروەها هەلومەرجی رووداوەکەش بەڕادەیەک سەربەستییان پێ دەدرێ، کە مرۆڤ وا هەست دەکا "پینتەر" خۆی نووسەری شانۆنامەکە نییە،



بەڵکو تۆمارکەری رووداوەکانە.

کارەکتەرەکانی "پینتەر" وەکو وێنەیەکی هزری هەڵچنراون و لە نەستی خۆیا دەخەمڵێن تا ئەو کاتەی بەرەبەرە بەهێزتر دەردەکەون و دواجار دەچنە ناو چوارچێوەیەکی درامییەوە. کەواتە نە "پینتەر" تەنگیان پێ هەڵدەچنێ و نە ئەوانیش پێش وادە و سەروەختی خۆیان دروست دەبن. ئەمەش جۆرێکە لەو سەربەستییەی، کە پێشبینی بۆچوونێکی بنیاتگەرانە دەکا لە ئەدەب لە دەرەوەی کۆنترۆڵی نووسەر. ئەم سەربەستییەی کارەکتەر لەلای "پینتەر" لە فۆرمێکی زۆر بەهێز و یەکجار وردا بەرجەستە دەبێ. "پینتەر" لە گوتارێکا، کە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی "شەکسپیر لە هامبۆرگ" پێشکێشی کرد بەم شێوەیە ئەم مەسەلەیەی خستە روو: " رەنگە مەسەلەکە بێ مانا بکەوێتە بەرچاو، بەڵام من پێم وایە راستی دەڵێم کاتێ کە دەڵێم من لە رێی کارەکتەرەکانمەوە تووشی دوو جۆرە ئازار هاتووم. من ئازاری ئەوانم بینیوە کاتێ شێواندوومن، گۆڕیومن، تێکم داون، هەروەها رق و سەرکێشیەکانیشیانم بینیوە. کاتێ نەشمتوانیوە هەتا سەر ئێسقان بیانشێوێنم، تووشی ئازار هاتووم». خوێندنەوەیەکی وردی ئەم بۆچوونەی "پینتەر" مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەو ڕاستییەی، کە "پینتەر" لە سەرەتای نووسینی هەر بەرهەمێکیا نەیزانیوە کۆتاییەکەی چۆن دەکەوێتەوە یان ئەو رایەی لەلای خوێنەر یاخود سەیرکەر دروست کردووە. لێرەدا باشتر وایە ئاماژە بەحاڵەتێکی ناو شانۆنامەی "سەراییدار" بکەین. "پینتەر" لە قۆناغێکی ئەم شانۆنامەیە وا بیر دەکاتەوە، کە "داڤیس" ی پیرەمێرد بەدەستی یەکێک لە براکانی دەکوژرێ، بەڵام کاتێ پرۆسێسی نووسینەکە بەڕێوە دەبا بۆی

دەردەکەوێ مەسەلەکە وا نییە.

کاتێ مرۆڤ هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ پرۆسەی نووسین لەلای "پینتەر" دەکا، دەتوانێ پێکهاتە بنچینەییەکان یاخود شێوازی بنەڕەتی داڕشتنی نووسینەکە ببینێ و ڕەگەزەکانی لەیەک جیا بکاتەوە. بۆ نموونە: سەرەتا دوو کەس لە کەشوهەوایەکی خێزانی دان و پێوەندییان لە ڕووی دەروونییەوە بۆ بینەر و زۆر جاریش بۆ کارەکتەرەکان روون نییە، هەرچەندە یەکێکیان هەوڵ دەدا کاریگەرییەتی بەسەر ئەوەکەی ترا هەبێ. لێرەدا کارەکتەری سێیەم دێتە نێوانیانەوە. مەرجیش نییە بەشێوەی کەسێنی بێتە ناوەوە، بەڵکو دەشێ تەنها لە ڕێگەی باسکردنیەوە ئامادە بێ. ئیتر سێکوچکەیەک بۆ پێکهاتەی شانۆگەرییەکە دروست دەکەن. گۆڕانە دراماییەکە لێرەوە دەست پێ دەکا چونکە یەکێکیان لایەنگری کارەکتەرێک دەبێ زیاتر لە ئەوەکەی تر. "پینتەر" لە حاڵەتی ئاوا، ڕێک لەو چرکەساتەی، کە کارەکتەرەکەی تێدا دەژی، زۆر جەخت لەسەر سرووشتی "ڕێکەوت" دەکا. دیارە ئەم "ڕێکەوت"ەیە، کە دەبێتە بەردی بناغەی گۆڕان لە پێکهاتە و ڕەوتە دراماییەکە. دەشێ ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێگەی رستەیەک یان لەڕێگای سەیرکردنێک یاخود کارێکی وەکو دەرگەکردنەوە بێت. دوای ئەوەی مەسەلەکە دەگاتە ئەوپەڕی بارگرژی یاخود پەستکردنێکی ئەوتۆ، کە بەرگەی لەبەر نەگیرێ، "پینتەر" پەنا دەباتە بەر دووبارەکردنەوە. حاڵەتیک دووبارە دەکاتەوە تا رادەیەک بە نیوەی یەکەمی شانۆگەرییەکە دەچێ، بەڵام لە ژێر هەلومەرجێکی تر. ئەم دووبارەکردنەوەیە زیاتر لە شانۆنامە کورتەکان بەم شێوەیەیە، کە ئاماژەم بۆ کرد، بەڵام لە شانۆنامە درێژەکان، وەکو شانۆنامەی



"سەرایی‌دار" و "سەردەمە کۆنەکان" دووبارەکردنەوەکە ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە شانۆنامەکە لە بەشێکەوە دەچێتە بەشەکەی تر. تێکستی ڕێنوێنییەکان لە بەشی دووەمی شانۆنامەی "سەردەمە کۆنەکان" جەخت لەسەر ئەم شێوە پێکهاتە دەکاتەوە:

«قەنەفەکان و کورسییە دەسکدارەکە بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم دانراون، بەڵام پاشوپێش کراون». لە کۆتایی نیوەی دووەمی شانۆنامەکانی "پینتەر" هەردەم کارەکتەرێک کارەکتەرێکی تر دەبەزێنی، بەڵام "پینتەر" چارەسەری راست و دروست لە ڕێگەی ئەنجامێکی ئاسوودەبەخشەوە پێشنیاز ناکا. شێوازە دووبارەکراوەکان، شتە پاشوپێشکراوەکان، خولانەوە لە هەمان بازنەدا پرسیاری ناڕاستەوخۆی زۆر گرنگیان لێ دەکەوێتەوە، نەک وەڵامی پرسیارەکان. بۆیە کۆتایی پێهێنانی شانۆنامەکان تا رادەیەک لە رەفتار و پرەنسیپەکانی پێشترێی کارەکتەرەکان و هەلومەرجەکانی بەرایی وەردەگێرێن. "ڕۆناڵد نۆوڵز" پێی وایە کە هۆکاری ئەم ئەزموونەی "پینتەر" دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر: یەکەمیان خۆدزینەوەی کارەکتەرەکانە لە پێوەندیکردن لەگەڵ یەکتر. دووەمیشیان سەختێتی ساغکردنەوەی راستییەکانە. بەڵام "پینتەر" لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی، دوای سەرکەوتنی شانۆگەری "سەرایی‌دار" ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە، کە گوایە شانۆنامەکانی ئەو دەربارەی نووشووستییە لە پێوەندیکردنی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر. "پینتەر" یەکسەر ئەم بۆچوونە راست دەکاتەوە:

«من نەمگووتوە ئەم بۆچوونە راستە، کە بەسەر کارەکانی

من جێبەجێ دەکرێ. پێم وانییە مەسەلەکە بێ توانایی کارەکتەرەکان بێ لە پێوەندیکردن لەگەڵ یەکتر، بەڵکو مەسەلەکە لەمە زیاترە. ئەوان لەسەرێکەوە پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زۆر باشە. لە هەست و سۆزی یەکتر دەگەن. من پێم وایە پێوەندیکردن مەسەلەیەکی ترسناکە بۆ بەڕاستی ناسینی یەکێک، بۆ هاوبەشبوون لەگەڵ یەکێک... من وای دەبینم، کە ئەوەی روو دەدا، بەڕاستی، زیاترە لە خۆدزینەوە لە پێوەندیکردن»[١٠].

راستە بێدەنگی لە شانۆنامەکانی "پینتەر" رۆڵێکی گرنگی هەیە و رەخنەگرەکان بە بایەخەوە ئەم رۆڵە لە رووی تەکنیکەوە هەڵدەسەنگێنن، کە لەوپەڕی هاوتەریبی دایە لەگەڵ ئەو مەبەستە فیکرییەی لە پێناویا بەکار دێ، بەڵام خاڵێکی تری زۆر گرنگ لەم بارەوە مەسەلەی "subtext" واتە مانای شاراوە یان مانای دووەمی ئاخاوتن و رەفتاری کارەکتەرە. "پینتەر" پێی وایە ئەم مانا شاراوەیە"روونکردنەوەیە، دەربڕینی ئەو هەستەیە، کە لە دەروونی مرۆڤ دایە و بەردەوام لەو دیوی وشەکانی ناو تێکستەکەوە هەڵدەقوڵێ، کە مرۆڤ وەکو رۆڵێک دەری دەبڕێ و بەردەوام ژیان وەبەر ئەو وشانە دەدا، لە هەمان کاتیشا دەبێتە بنەما بۆ بەردەوامبوونی وشەکان"[١١]. خۆدزینەوە لە پێوەندیکردن، هەروەها سەختێتی راستکردنەوەی راستییەکان دوو شتی بەیەکەوە بەستراون، چونکە ساغکردنەوەی راستییەکان جێبەجێ نابێ ئەگەر گرفتەکە پێوەندیکردن بێت. ئەگەر پێوەندیکردنی راستەقینە لە رێگەی ئاخاوتن وەلابنرێ، ئەگەری زانینی سروشتی راستەقینەی هەلومەرجێکی





دیاریکراو لەبار دەچێ. "پینتەر" لە وەسفکردنی پرۆسەی ئاخاوتن (پێوەندیکردن)، دەڵێ: «ئاخاوتن (پێوەندیکردن) فێڵ و تەڵەکەیەکە بۆ پەردەپۆشکردنی راستییەکان"[١٢]. "پینتەر" بەگشتی لە شانۆنامەکانی جیاوازییەک دەخاتە ڕوو، کە پێویستی بە راڤەکردن و لێکدانەوە هەیە، چونکە فۆرمەلەکردنی ئەم جیاوازییە تەمومژی تێدایە. بۆیە دەڵێ: «ئەوەی لە ناو شانۆنامەکانی من بەڕێوە دەچێ شتی واقیعییە، بەڵام ئەوەی من دەیکەم ریالیزم نییە»

ئەگەرچی بەرهەمە بەراییەکانی "پینتەر" زۆر لە بەرهەمە سەرەتاکانی ئەدەبی ناوچەگەری دەچێ، کە لە رۆمان و شانۆ و هەروەها سینەما باو بوو، تایبەتیش بوو بەتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، بەڵام دیارە، بەپێی بۆچوونی "کنۆلز" ئەم ئەدەبە بۆ پێشکەوتنی درامای تەلەفزیۆنی لە بەریتانیا زۆر گرنگ بوو. هەر بۆ نموونە، شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە" (١٩٦٠) پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەم پێشکەوتنە. لەگەڵ ئەمەش، "پینتەر" نەیویستووە دان بەوەدا بنێ، کە چووەتە ژێر باری ریالیزمە هاوچەرخەکانی خۆی. راستە دیمەن و کەرەسەکانی ناو شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر" واقیعی مادی ژیانی چینی خوارووی کۆمەڵگە دووپات دەکەنەوە و لەگەڵ شێوازی ئاخاوتن و جلوبەرگی کارەکتەرەکان گونجاوە، بەڵام ریالیزمی چینی خوارووی کۆمەڵگا وەکو کاردانەوەیەک بۆ بە سووک سەیرکردنی خەڵکی سادە هاتە دی لە کولتوورێکا، کە بەهاکانی چینی ناوەندیی کۆمەڵگا تێدایە باڵادەست بوو. رواڵەتێکی بەرچاوی ئەم ریالیزمە لە پەنجاکان پێوەندی نێوان کارەکتەرو دەوروبەرەکەی بوو. پاشخانی ئەم ریالیزمە بزووتنەوەیەکی بەهێزی سەدەی نۆزدەیەم بوو،

که به "ناتورالیسزمی فەرەنسی" ناسرابوو. "ئەمیلْ زۆلا" (١٨٤٠–١٩٠٢)، که نووسەرێکی بەناوبانگی فەرەنسی بوو، پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە هەبوو. "پینتەر" بە پێچەوانەوە حەزی کرد ئەم دوو شتە لەیەک جیا بکاتەوە. واقیعی بە رواڵەت کۆنکریتی ژینگەی مرۆڤ لە بەسەرهاتەکانی مرۆڤ جیا بکاتەوە. دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەو راستییەیە، کە "پینتەر" توانایەکی درامییانەی بەهێزی هەیە لە بینینی شوناسی کارەکتەر لە چوارچێوەی سروشتی تایبەتی کەسێنی کارەکتەرەکە خۆی و رۆتینی ژیان و پیشە و نەریتییەوە.

نووسەرە ریالیستەکانی پەنجاکان شێوازێکی درامییانەی ئاشکرا و بێ پێچوپەنایان بەکار دەهێنا بۆ پیشاندانی کێشە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی کۆمەڵگە. "پینتەر" پێی وابووە، کە پیشاندانی راستییەکانی رابوردوو، بڕگەکانی پێشترێی بایۆگرافی کارەکتەر... شێوازێکە بۆ هەڵخەڵەتاندن. بۆیە خوێنەر یان سەیرکەری شانۆنامەکانی "پینتەر" هەست بەوە دەکا، کە ئەو لە زەمەنێکی زۆر کورت، کە کتوپڕیی و رووبەڕووبوونەوەی تێیدا چڕ دەبێتەوە و خۆی لە رەوتی بەیەکبەستنەوەی سەرپێیی لا دەدا، کە زنجیرەی رووداوەکان پێویستی پێیەتی. دیارە ئەو کاتە شێوازی درامییانەی باو ئەو شێوازە باش داڕێژراوە بوو، کە جەختی لەسەر سەرەتا و پاشان پێشکەوتنی رووداو و ئینجا ئاڵۆزبوونیان بە ئاراستەی کارەساتێکی ناخۆش و دوا بەدوای ئەویش دەرکەوتنی ئەنجامی شانۆگەرییەکە. دەشێ میکانیزمەکە لێرەو لەوێ، لای ئەم و لای ئەویتر جیاوازییەکی هەبووبێ، بەڵام بەگشتی چوارچێوەکەی ئەمانە هەموو دەگرێتەوە. دیارە ئەم شێوازە زۆر جەخت لەسەر هۆکار و ئەنجام دەکاتەوە. ئەمە



ئەو رێبازە بوو، کە شانۆنامەنووسەکانی وەکو "ئیبسن" و "چیخەف" لەسەری دەڕۆیشتن. رەنگە "پینتەر" لە هەندێ رووەوە شانۆنامەنووسێکی کۆنباو بێ، چونکە بۆ نموونە، بەشەکانی شانۆنامەکە بە پەردە لە یەکتر جیا دەکاتەوە. خۆیشی لەم چاوپێکەوتنەی، کە لە کۆتاییی ئەم لێکۆڵینەوە دایە بە روونی دان بەم راستییە دەنێ. بۆیە کە شانۆنامەکانی دەنووسێ، لە هزری خۆیا وێنای پەردەکانی شانۆنامەکە دەکا. بەڵام هیچ کاتێ سەرەتا و ئەنجامێکی روون و ئاشکرا نابەخشێتە شانۆنامەکە وەکو لە هی ئەوانەی تر بەرچاو دەکەوێ. "پینتەر" پێی وایە نەبوونی سەرەتا خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی درامایە بۆ وروژاندنی پرسیارێک، کە نە لەسەر تەختەی شانۆ و نە لەلای بینەریش نەبڕاوەتە. مۆڕاڵ و دەرهاویشتە ئیستاتیکییەکانی ئەنجامی شانۆگەرییەکان، وەکو سەرەتاکەی پێچەوانەی رەوتی واقیعییانەی ژیانە. نەبەخشینی سەرەتا و ئەنجامێکی روون و ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ، کە "پینتەر" دژی شێوازی روون و ئاشکرایە. هۆکارەکەیشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کە ئەم شێوازە لەگەڵ بینین و بیروباوەڕی "پینتەر" خۆی بەرامبەر بە ژیان، بە ئەدەب ، بە هونەر، کە بینینێکی تەمومژاوییە، ناکۆکە. خۆیشی جارێکیان بە ئاشکرا جەختی لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆی کرد: " ناوەرۆکی ژیانی ئێمە... ئەو لێڵی و تەمومژیەیە"(١٣). جێگەی سەرسامییە، کە "پینتەر" پێی وایە ئەو واقیعییەتە کراوەیەی، کە فیلمی "سەرایپدار" پیشانی دەدا، لە شەقام و خانووەکان و تەرزەلووکەی باکووری لەندەن هێندەی تر پێوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان روونتر دەخاتە بەرچاو. لە کاتێکا رەخنەگرەکان لەسەر تەختەی شانۆ، سوورن لەسەر ئەوەی، کە

ڕەهەندێکی ڕەمزی بخەنە پاڵ کارەکتەرەکان. بۆیە کارەکتەرەکانی "سەراییدار" بە پێی لێکدانەوەکانی "کنۆڵز" لە ڕوانگەی لێکدانەوەیەکی فرۆیدیانە و مارکسیانە ململانێی نێوان "من" و "منی باڵا"، حەز و ئارەزووەکانی ناو نەستی مرۆڤ دەردەخەن، بەڵام ململانێی نێوان چینەکان لە ڕوانگەی ماتریالیزمی دیالیکتیکییەوە سەرچاوە دەگرێ.

کاتێ مرۆڤ پێ بەپێ ئاگەداری ڕەوتی پێشکەوتن و شێوازی نووسینی بەرهەمەکانی هەر نووسەرێک دەبێ و دەبێتە جێگەی سەرنجی، ئیتر بەپەرۆشەوە دەڕوانێتە هەر بەرهەمێکی داهاتووی ئەو نووسەرە، ئینجا ڕۆماننووس بێ، شاعیر بێ ، هونەرمەندێکی تەشکیلی بێ یاخود شانۆنامەنووس. ڕەنگە ئەم حەزە بەرامبەر بە بەرهەمەکانی "پینتەر" لای خوێنەر یاخود سەیرکەری شانۆگەرییەکانی "پینتەر" بەهێزتر بێ سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردنی "پینتەر" لەگەڵ واقیع. کاتێ هەر شانۆنامەیەکی "پینتەر" بە ئاراستەی ڕادەی نزیکبوونەوەی لە واقیع لەگەڵ شانۆنامەکانی  پێشتر بەراورد دەکەیت، بۆت دەردەکەوێ، کە لە شانۆنامەکانی پێشترێی دیمەنەکانی سەرەتا بەشێوازێکی هێمنانە، بەڵام زۆر جار تەوسئامێزی کۆمیدییانە، دەست پێ دەکا . پاشان بەرەبەرە جۆرێک لە توندوتیژیی و ترس و تۆقاندن و هەروەها شتێک، کە ئەگەری بیرلێکردنەوەیشی زۆر دوورە جێگەیان دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەری هەر پێشهاتێک شتێک نییە بڕابێتەوە و باسی لێوە نەکرێ، چونکە کاتێ مرۆڤ بەوردی شوێن پێی ڕووداوەکان، هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان هەڵدەگرێ، هەست دەکا چووەتە ناو دونیایەکی تایبەت. بۆیە هەر پێوەندییەکی ئەم دونیا تایبەتە لەگەڵ دونیای دەرەوە، لەگەڵ واقیعی بەرچاو، کە ئێمە وێنای



هەستپێکردنی یان بینینی دەکەین لە ڕوانگەی بیروباوەڕێکی چەسپاو و نەگۆڕەوە دێ، کە پێشتر لەلای ئێمە گەڵاڵە بووە و تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەمان هاوتەریبە. لە شانۆنامەی "ژوورەکە" ئەم هاوتەریببوونە و ئەم بیروباوەڕە کز نابن و زیانیان پێ ناگا . شانۆنامەکە لە ڕاستیدا لە ماوەی چوار ڕۆژ نووسراوەتەوە و "پینتەر"، دوای چەند ڕاستکردنەوەیەکی کەم، یەکسەر بۆ برادەرێکی ناردووە لە زانکۆی "بریستۆڵ" . ئەویش نومایشی کردووە. بۆیە تێکستەکە هێشتا بەدڵی "پینتەر" نەبوو. "پینتەر" دەربارەی پێستڕەشە نابیناکەی ناو شانۆنامەکە، کە لە هەموو کارەکتەرەکانی تر زیاتر دژەواقیعە، دەڵێ: «کارەکتەرێکی زۆر سەیرە. کاتێ من گەیشتمە ئەو شوێنەی شانۆنامەکە، دەبوایە یەکێک لە ژێرزەمینەکە دابنێم. دیارە ئەو کەسەش پێستڕەشە نابیناکە بوو. پێم وانییە لە بنچینەدا هیچ هەڵەیەک لە خودی کارەکتەرەکە هەبێ، بەڵام هەڵسوکەوتی زۆر جیایە لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی تر. ئەگەر من ئێستا شانۆنامەکەم بنووسمەوە، وای لێ دەکەم دابنیشێ و کووپە چایەک بخواتەوە"

لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"، هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرانەی، کە نموونەی هەڕەشە و گوڕەشەن، زۆر ئاساییە دەتوانین بڵێین واقیعیانەیە – لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ "مێک" و"لولو" و هەروەها لەگەڵ ئەو ژنە قژزەردەی خوارەوە. تەنانەت لەگەڵ "ستانلی"یش هەروایە. هەڕەشە، وەکو لە شانۆنامەکەدا بەرجەستەیە، دەکەوێتە سەر ئەو هەلومەرجەی، کە کارەکتەرەکە تیایەتی. لەلایەکی تر، خۆ ئەم هەڕەشەیە لە کەسێکەوە نایەت لە هەسارەیەکی ترەوە هاتبێت، بەڵکو لە خەڵکێکی ئاساییەوە دێت، کە وەکو هەر یەکێک لە

ئێمە وایە. دیارە هەلومەرجێکی تایبەت هەیە، کە وا لە کەسێک دەکا ببێتە مایەی ترس و هەڕەشە بۆ کەسێکی تر. بەکورتی، هەڕەشەکە، لە ئەسڵدا، شتێکی زگماک نییە، بەشێک نییە لە سروشتی کەسایەتی کارەکتەرەکە. "پینتەر" لەم شانۆنامەیە لە واقیع نزیکتر دەبێتەوە تا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێسترەشە نابیناکەی شانۆنامەی "ژوور". خۆ لە شانۆنامەی "شاگردە لاڵەکە" هێشتا لە واقیع نزیکتر دەبێتەوە. بۆ نموونە، جاری یەکەم، کاتێ ئەو کەسانە، وەکو مرۆڤی ئاسایی پیشان دەدا، کە هەڕەشەکانیان لە دەرەوەی رووداوەکانی ناو شانۆنامەکە بەکار دێنن. جاری دووەمیش ئەو کاتە، کە توندوتیژییەکە لە تابلۆی کۆتایی، واتە لە نواندنێکی بێ جوولەی سەر شانۆ بەرجەستە دەکا لە جیاتی ئەوەی راستەوخۆ لەسەر شانۆ لە رێگەی نومایشی ئاسایی بەرجەستەی بکا.

## خوێندنگەی شەوان

بابەتی شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" بابەتێکی تا سەر ئێسقان "پینتەریە" بەو واتایەی، کە زۆر تایبەتە بە "پینتەر". ئەمەیش سەبارەت بە تایبەتمەندییەتی شێوازەکەیەتی. دیارە شانۆنامەکە دەربارەی ململانێیەکە لە بەدەستهێنانی ژوورێک. لە ئەسڵا، پینتەر ئەم شانۆنامەیەی بۆ تەلەفزیۆن نووسی. لە سەرەتای شانۆنامەکە و لە ئاخاوتنی نێوان"میلیا"و "ئانیا"، کە دوو پووری "وەڵتەر"ن و ئەمان بە"والی" بانگی دەکەن، دەردەکەوێ، کە دوو پوورەکەی "وەڵتەر" ژوورەکەی ئەمیان داوە بەکچێک بەناوی "سالی"."والی" تازە لە بەندیخانە ئازاد کراوە و پوورەکانی هەواڵی بە کرێدانی ژوورەکەی پێ دەڵێن. "وەڵتەر" وەکو کەسێکی ساختەکەر و هیچوپووچ، ژیان و



گوزەرانی خۆی لە رێگەی ساختەکردنی تۆماری پارە و پوولی فەرمانگەی پۆست، کە کاری تێدا دەکا، دابین دەکا. کە دواین جار لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ، هەردوو پوورەکانی، "ئانیا" و "میلیا" بە سۆزێکی دایکانە پێشوازی لێ دەکەن و دیارە هەر بەم سۆزەوەش پەروەردەیان کردووە. ئەم پێوەندییە پڕ سۆز و دایکانەیەی نێوان "وەڵتەر" و پوورەکانی لە پێوەندی نێوان "مێگ" و "ستانلی" دەچێ لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون". بەهەرحاڵ "وەڵتەر" دەیەوێ هەرچۆن بێ ژوورەکەی خۆی دەستکەوێتەوە، کە پوورەکانی داویانە بە "سالی گیبز". کاتێ "وەڵتەر" بەهۆی بەکرێدانی ژوورەکەوە تووڕە دەبێ، پوورەکانی زۆر بە کرێچییەکە واتە بە "سالی" دەپەسنن و باسی خاتوونی و جوانی ئەم بۆ "وەڵتەر" دەکەن. "سالی" کچێکی جوان و ژیر و رێکوپێکە، بەڵام کارەکتەرێکی سەرنجڕاکێشە. دوو شێوازی ژیانی هەیە خۆی لە بنچینەدا مامۆستای خوێندنگەیە، بەڵام لەلایەکی تر، لە یانەیەکی شەوان وەکو خانەخوێ کار دەکا. "وەڵتەر" سوورە لەسەر ئەوەی ژوورەکەی دەستکەوێتەوە، لە پێش هەموو شتێکیش جێگەی خەوتنەکەی. بەڵام کاتێ چاوی بە "سالی" دەکەوێ، ئەمیش پێیەوە سەرسام دەبێ. دەشێ ژوورەکەی و جێگەی خەوتنەکەی دەستکەوێتەوە ئەگەر ببێتە خۆشەویستی "سالی". بۆیە بڕیار دەدا هەستی "سالی" بجوولێنێ و بچێتە دڵیا. دەشزانێ، کە پوورەکانی باسی تازە ئازادکردنی ئەمیان بۆ "سالی" کردووە، بەڵام هۆیەکەیان پێ نەگوتووە. بۆیە "وەڵتەر" لە لای "سالی" خۆی وەکو تاوانبارێکی رۆمانسی پیشان دەدا. "وەڵتەر" داوا لە "سالی" دەکا ماوەی بدا لە ژوورەکەیدا بەدوای شتێ بگەڕێ. کاتێ "وەڵتەر" ناو دۆلابەکە دەپشکنێ، وێنەیەکی "سالی"

دەدۆزێتەوە لەگەڵ چەند پیاوێکی ژەنتڵ. ئەو جلوبەرگەی، کە لەبەریەتی هەروەها ئەو شوێنەی لە وێنەکە دەردەکەوێ ئەوە دەردەخا، کە "سالی" خانەخوێیەکی سەماکەرە لە یانەیەکی شەوان. بەهەرحاڵ "وەڵتەر" وێنەکە دەخاتە گیرفانی. جێگەی ئاماژە پێکردنە، دواتر کاتێ پرسیار لە "سالی" دەکرێ ئاخۆ سەماکەرە یان نا بەتوندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە هیچ کاتێ بۆ سەماکردن چووبێتە دەرەوە. "وەڵتەر" سوور دەبێ لەسەر دۆزینەوەی راستییەکانی دەربارەی "سالی". بۆ ئەم مەبەستەش داوای یارمەتی لە ناسیاوێکی خۆی دەکا بەناوی "سۆڵتۆ"، کە لە سەروبەندی یانەکانی شەوان شارەزاییەکی باشی هەیە. "سۆڵتۆ" خاوەنی ئەو خانووەیە، کە پوورەکانی "وەڵتەر" تێیدا نیشتەجێن. بۆیە پوورەکانی "وەڵتەر" جارجار بۆ چا خواردنەوە بانگهێشتی دەکەن. "وەڵتەر" لەلایەک داوای هەندێ پارە لە "سۆڵتۆ" دەکا تا پرۆژەی کارێکی تازەی پێ بەڕێوە ببا و لەلایەکی تریش داوای لێ دەکا زانیاری دەربارەی ئەو کچە بۆ بدۆزێتەوە، کە لە وێنەکەدایە. هەڵبەت "وەڵتەر" ئەو راستییە بۆ "سۆڵتۆ" ئاشکرا ناکا، کە "سالی" کرێچییە لە خانووەکە. "سۆڵتۆ"، کە بەروخسارو شێوەی کچەکە سەرسام دەبێ، بەڵێنی پێ دەدا هەوڵی بۆ بدا.

ئێوارەیەکیان "وەڵتەر" هەرچۆنێک بێ دەتوانێ خۆی بۆ خواردنەوە لە ژوورەکەی "سالی" بانگهێشت بکا. "ئانیا" و "میلیا" بە دزییەوە لە کونی کلیلی دەرگەکەوە گوێ بۆ ئاخاوتنی نێوان "وەڵتەر" و "سالی" رادەگرن. "وەڵتەر" هەوڵ دەدا دڵی "سالی" بۆ خۆی رابکێشێ لە رێگەی ئەو چیرۆکە سەیرانەی، کە دەربارەی ژیانی خۆی وەکو چەکدارێک یا وەکو تاوانبارێک لە بەندیخانە بۆ "سالی" دەیگێڕێتەوە. هەرکە "وەڵتەر"



هەست دەکا کاتەکە لەبارە بۆ خۆنزیککردنەوە و هەوەسبازی، دوای ئەوەی "سالی" زۆر دەخواتەوە، بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر "سالی" دا جێبەجێ دەکا لە رێگەی فەرمان پێکردنی

قاچەکانت بخەرە سەریەک.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت لەسەریەک لابدە.

(وچانێکی کورت)

هەڵسەوە سەر پێ.

(وچانێکی کورت)

رووت وەرگێڕە.

(وچانێکی کورت)

بوەستە.

(وچانێکی کورت)

دانیشە.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت بخەرە سەریەک.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت لەسەریەک لابدە.

(بێدەنگی)

لێرەدا مرۆڤ رووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە ئایا "سالی" هەموو ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکا، کە "وەڵتەر" داوای لێ دەکا؟ بەپێی بۆچوونی "مارتین ئەسلین" ئەم مەسەلەیە دیار نییە چونکە بەرهەمەکە

لە ئەسڵدا بۆ رادیۆ نووسراوە و تەنانەت کاتێ لە تەلەفزیۆنیش پەخش کرا، دەرهێنەر هەر "وەڵتەر"ی نزیک دەکردەوە. بۆیە ئەوەی پێوەندی بە کاردانەوە یا رەفتاری "سالی"یەوە هەبوو بۆ بینەری بەجێ هێشت[١٤]. بەهەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی گومان و سەرنج، مەبەستی "وەڵتەر"ە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر "سالی". ئایا سەرەتای دەسبازی و جووتبوونە یاخود دەربڕینی حاڵەتێکی سادی منالانەیە. "ئەسلین" پێی وایە ئەگەر دیمەنی "ئەلبێرت" و "ئافرەتە سۆزانییەکە، لە شانۆنامەی" شەوێک لە دەرەوە"، کە زۆر لە دیمەنەکەی "وەڵتەر" و "سالی" دەچێ، بخەینە بەرچاو، ئەوا رەنگە گریمانەی دووەم راست بێ. بەڵام دواجار بڕیارەکە هەر بۆ بینەر یاخود خوێنەر دەمێنێتەوە.

لە دیمەنی داهاتووی شانۆنامەکە "سۆڵتۆ" لە یانەکەی شەوانە و کچەکەی ناو وێنەکەی – واتە "سالی" – دەستنیشان کردووە. داوا لە بەڕێوەبەری یانەکە دەکا، کە برادەرێکی کۆنیەتی، پێی بناسێنێ. لەبەرئەوەی خۆشی دەوێ، خۆی لێ دەباتە پێشەوە. داوای لێ دەکا پشووی هەفتەی لەگەڵ بەسەر ببا لە خانووە بچووکەکەی لە کەنار دەریا. لێرەدا "سۆڵتۆ" زۆر بێباکانە راسپاردەکەی "وەڵتەر"ی بۆ ئاشکرا دەکا. پێی دەڵێ، کە ناسیاوێکی ساختەکەری خۆی بەناوی "وەڵتەر" داوای لێ دەکا هەوڵ بدا "سالی" بۆ بدۆزێتەوە. ئەم هەنگاوەی "سۆڵتۆ" بە مەبەستی ئەوەیە زیاتر ببێتە جێگەی متمانەی "سالی". دیارە "سالی" بەم هەواڵە زۆر نیگەران دەبێ. هۆکاری نیگەرانییەکەشی ئەوەیە، کە "وەڵتەر" دواجار دەزانێ، کە ئەم – واتە "سالی" – وەکو خانەخوێ لە یانەیەکی شەوان کار دەکا. بەڵام ئەگەر



ئەو بەڕاستی مامۆستای خوێندنگە بێ بەڕۆژ و کارکردنی شەوانەیشی سەماکردن بێ لە یانەکە، ئەوا ئەم مەسەلەیە لە شانۆنامەکە بەتەواوی یەکلا نەکراوەتەوە. هەر هەمان شەو "سۆڵتۆ" دەچێتە لای "وەڵتەر" و پێی دەڵێ، کە نەیتوانیوە کچەکەی ناو وێنەکەی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە ئەم کچە هەر بوونی نییە. رۆژی دواتر "سالی" دەڕوا، چونکە ناتوانێ خۆی بە "وەڵتەر" پیشان بدا دوای ئەوەی "وەڵتەر" کاتی کارکردنەکەی لە یانەکە دەزانێ. بەم شێوەیە "وەڵتەر" ژوورەکەی خۆی دەست دەکەوێتەوە. بەڵام ئەو دەرفەتەی، کە بۆی رەخسابوو تا هاوبەشی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، لەدەست دەدا.

"پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا ململانێ لە پێناوی ژوورێک بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی بەڕێوە دەبا. تەڵەیەک بۆ درۆکردن دەنێتەوە. ئەم تەڵەیە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک خودی راستەقینەی خۆیان بشارنەوە لە بەرامبەر یەکتر و لە ئاکامدا دەبێتە کۆسپ لە بەردەم دروستبوونی پێوەندییەکی راستەقینە. "وەڵتەر" بە "سالی" گوتبوو، کە چەکدارێکی رۆمانسییە. "سۆڵتۆ" بە "سالی" راگەیاند، کە "وەڵتەر" درۆی کردووە. لەلایەکی تر "سالی" بە "وەڵتەر"ی گوتبوو، کە مامۆستایەکی خوێندنگەی شەوانە. کەچی وێنەکە سەلماندی، کە ئەم قسەیە درۆیە. هیچ یەکێکیان رووی نییە ئەوەی تر ببینێ، چونکە دڵنیایە، کە راستییەکەی زانیوە. ئەگەر جورئەتیان هەبووایە و بەڕاشکاوی قسەیان لەگەڵ یەکتر کردبا رەنگە یەکتریان دۆزیبایەوە و پێوەندییە راستەقینەکە دروست ببا، چونکە کەسایەتییە راستەقینەکانیان زۆر لەگەڵ یەکتر هاوتەریبە تا لەو کەسایەتییانەی بە خەیاڵ بۆ خۆیانیان هەڵچنی.

"مارتین ریگاڵ"[١٥] لە میان توێژینەوەکانی دەربارەی شانۆنامەکانی "پینتەر" ئاماژە بۆ ئەو راستییە دەکا، کە "پینتەر" هەردەم لەم بەرهەمەی دوودڵ بووە، بەڕادەیەک سەرەتا ماوەی نەدا بڵاویش بێتەوە، بەڵام دواجار، کە لە ساڵی ١٩٦٧ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەگەڵ کۆمەڵە شانۆنامەیەک بڵاوی کردەوە. گرنگیی ئەم شانۆنامەیە، بەپێی بۆچوونی "کنۆڵز"[١٦] ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە مرۆڤ ئاگەداری شێوازی ئاخاوتن و رەفتاری کارەکتەرەکانی ناو شانۆمەکانی تر بێ وەکو شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "شەوێک لە دەرەوە". بۆ نموونە، ئەو شێوازە تایبەتییەی، کە "پینتەر" لە رەفتار و قسەکردنی نێوان "والی" و "سالی" لە شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" بەکاری دێنێ، دووبارەکردنەوەی یاخود لاساییکردنەوەی هەمان شێوازی ئاخاوتن و مامەڵەکردنی "ستانلی"یە لەگەڵ "لولو" لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" ، هەروەها "ئەلبێرت" لەگەڵ ژنە سۆزانییەکە لە شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە". لەلایەکی تر و لە هەمان شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان"، پینتەر هەردوو قارەمانە تراژیدی – کۆمیدییەکەی ناو شانۆنامەکە واتە "وەڵتەر" و "سالی" لە بەرامبەر سێ کارەکتەر داناوە، کە بەشێوازێکی دراماییانەی زۆر رێکوپێک دای ڕشتوون، ئەوانیش هەردوو پوورەکەی "وەڵتەر" واتە "ئانیا" و "میلیا" لەگەڵ کارەکتەری "سۆڵتۆ". دوو کارەکتەری یەکەم خۆیان لە "سالی" و "وەلتەر" دەگرن ئەو کاتەی لە ژوورەکەی "سالی" – کە جاران هی "وەڵتەر" بوو – بەیەکتر دەگەن. بەڵام هێندە خلەفاون، کە هیچ لە مەسەلەکە نازانن. ئەم دوو کارەکتەرە رێک وەکو "مێگ" وان لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون". جار جاریش بیرۆکە و خەیاڵی هەوەس هەڵسێن دەربارەی خواردن دەچنن. دوور نییە



خۆگرتنەکەشیان لە "سالی" و "وەڵتەر" ڕەهەندێکی سێکسی هەبێ. کارەکتەری سێیەمیش، کە "سۆڵتۆ"یە، مرۆڤێکە لە دونیای خەیاڵ دەژی. چیرۆکی سەیر سەیر دەربارەی ئازایەتی و بوێریی خۆی لە ئوستralia و هەروەها دەربارەی سامانداریی و دەوڵەمەندیی خۆی هەڵدەچنێ بۆ خۆفشکردنەوە و فریودانی "سالی" تا پشووی هەفتەی لەگەڵ بەسەرببا. لەلایەکی تر، "سالی" وەکو دیارە دوو کارەکتەری تێدا بەرجەستەیە یەکێکیان کارەکتەری مامۆستای خوێندنگە و ئەویتریان کارەکتەری ئافرەتێکی سووکە. ئەم کارەکتەرە هاوتەریبە لەگەڵ کارەکتەری "سارا" لە شانۆنامەی "عاشقەکە"، کە دوو سروشتی هەیە، هەروەها کارەکتەری "رووث" لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، کە تێکەڵاوێکە لە ژنێکی بەڕێز و سەنگین و ئافرەتێکی سووک. کارەکتەری "سۆڵتۆ"، وەکو "رۆناڵد نۆڵز" ئاماژەی بۆ دەکا درێژکەرەوەی کارەکتەری "گۆڵدبێری"یە لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"، هەروەها ساویلکەیی هەردوو پوورەکەی "وەڵتەر" درێژکەرەوەی ساویلکەیی کارەکتەری "رۆز"ن لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون". بەهەرحاڵ، "پینتەر" سەبارەت بەم دووبارەبوونەوەیە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، لە بەردەم دۆزینەوەی هەندێ شتی تر دایە بۆ ئەوەی کەشوهەوای شانۆنامەکە سەرنجڕاکێشتر بکا، بەتایبەتی لە دروستکردنی شێوازێکی لەبار بۆ ئاخاوتن و رەفتاری "مستەر سۆڵتۆ"، تەنها بۆ ئەوەی خۆی بەدوای "سالی" بگەڕێ. شێوازەکە هێندە سەیرە، تەنانەت خەریکە باوەڕ بە "والی" ساویلکە و بەستەزمانیش بێنێ، کە "سالی" بوونی نییە. هەر دەڵێی ئەو جۆشوخرۆشییە سەیرەی، کە کارەکتەری "گۆڵدبێری"ی لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" پێ وەسف دەکرا، بەپێی

بووچوونی "رۆناڵد نۆلز" [١٧] هێشتا گوڕوتینی داهێنەرانەی لەلای "پینتەر" ماوە بۆ ئەوەی درێژەی پێ بدا و بەسەر کارەکتەری"سۆڵتۆ"ش جێبەجێی بکا.

«بۆ رۆژی دوایی سێ سەد و پەنجا پاوەندیان لە من ویست وەکو باجی دەرامەت. بە شەرەفم پێم گوتن، ئێوە ئەقڵتان لەدەست داوە، دەتانەوێ چی بکەن، تووشی مەرگێکی ناوەختەم بکەن؟ بێڵێکی هەرزانم بۆ بکڕن. بەیانی، کە لە خەو هەڵسام، پێش قاوەڵتی، گۆڕێک بۆ خۆم هەڵدەکەنم»

کەواتە کەموکووڕی شانۆنامەی " "خوێندنگەی شەوان" هەرچی بێت، گومان لەوەدا نییە، کە هەندێ لایەنی تێدایە شایانی لێکۆڵینەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە زانیارییەکی زیاتر دەربارەی ئەدەبی "پینتەر" بۆ خوێنەر یاخود بینەر دەخاتە ڕوو. دیارە ئەم زانیاریانەش لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە دێنە دەست، کە وەکو لە سەرەوە باس کرا، لە رێگەی بەراوردکرنی ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ شانۆنامەکانی تر دەکرێن. نموونەش بۆ ئەمە ئەو بەراوردکردنەیە، کە لە نێوان کارەکتەری "سۆڵتۆ" لە شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" لەگەڵ "گۆڵدبێری" لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" دەکرێ، یان بەراوردکردنی کارەکتەری "واڵتەر" هەر لە شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" لەگەڵ کارەکتەری "ئەلبێرت" لە شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە". بەپێی ئەم بەراوردکردنە دەردەکەوێ، کە "واڵتەر" لە شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" وەکو "ئەلبێرت" لە شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە" وای لێ دەکرێ بچێتە ژێر باری خەیاڵ و وڕێنەیەکی سایکۆلۆجییەوە لە بەردەم ئافرەتێکی گەنج و جوان.



"واڵتەر"یش لە شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" پلەوپایەی خۆی، وەکو فەرمانبەرێکی پلەنزمی ساختەکەر لە فەرمانگەی پۆست، بە هەیتوهووت و قەبارەیەکی زۆر گەورە دەردەخا، کاتێ خۆی لە بەردەم کچێکی جوان و قەشەنگەوە وەکو فەرماندەی تاقمێکی جەردەی چەکدار پیشان دەدا. "واڵتەر" وەکو "ئەلبێرت" فەرمان بەسەر کچێکا جێبەجێ دەکا، کە هاوتای بەرامبەرەکەی دەچێتە ژێر باری خەیاڵ و فەنتازیای پلەوپایەیەکی بەرز، وەکو مامۆستای خوێندنگە. لە کاتێکا ئەم شانۆنامەیە کێشەکان بە تەواوی چارەسەر ناکا، بەڵام بەراوردێکی سەیر لە نێوان فەنتازیا و واقیعی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی پیشان دەدا. "میلیا" و "ئانیا" بێ هیچ ئاڵۆزییەک خەریکی وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەن، بەڵام سەرگوزشتەی ژیانی "سۆڵتۆ" ئەوە دەردەخا، کە هەر بەزگماک درۆزنە و دڕندەییەکی گاڵتەئامێز بەکار دێنی بۆ ئەوەی بوونی جامباز و ساختەچییەکانی دوای جەنگ، کە خەریکی کۆکردنەوەی پارەوپوول بوون، وەکو حاڵەتێکی ئاسایی بشارێتەوە. لە ئەنجامدا حەز دەکا خۆی وەکو کەسێکی بەسام و بەهەیبەت دەربخا.

سوێد

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هارۆڵد پینتەر

بۆ ئەوەی تیشک زیاتر بخەینە سەر تەکنیک و شێوازی بیرکردنەوەی "هارۆڵد پینتەر" سەبارەت بەپرۆسەی نووسینی دراماو دونیای شانۆ بەپێویستی دەزانم ئەم چاوپێکەوتنەی "پینتەر" ، کە لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵیا کراوە بخەمە ڕوو، تێیدا باسی هەندێ لە ڕەهەندەکانی شانۆنامەی" ژوور" و هەندێ لەو شانۆنامانەی، کە تا ئەو کاتە نووسیویەتی دەکا[١٨]:

پرسیار: کەی بڕیارت دا شانۆنامە بنووسیت و بۆچی؟

پینتەر: یەکەم شانۆنامەم شانۆنامەی "ژوور" بوو. لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی نووسیم. برادەرێکم، کە ناوی "هنری وەڵف" بوو، خوێندکار بوو لە بەشی دراما لە زانکۆی "بریستۆڵ". ئەو کاتە لە سەرتاسەری وڵات هەر ئەم بەشە بۆ دراما هەبوو. ئەو برادەرە بوارێکی بۆ هاتە پێشەوە تا شانۆنامەکە دەربهێنێ. لەبەرئەوەی برادەرێکی کۆنم بوو، بۆیە دەیزانی شانۆنامە دەنووسم. ئاخر هێشتا هیچ شانۆنامەیەکم نەنووسیبوو، بەڵام ئەو دەیزانی بیرۆکەی شانۆنامەیەکم لەلا گەڵاڵە بووە. من ئەو کاتە وەکو ئەکتەر کاری نواندنم دەکرد. پێی گوتم دەبێ شانۆنامەکە بخاتە بەرنامەی هەفتەی دواتر. من وام زانی گاڵتە دەکا و لەوانەیە دوای شەش مانگی تر بیخاتە بەرنامەی خۆیەوە. پاشان بە چوار ڕۆژ شانۆنامەکەم نووسی.



پرسیار: ئایا نووسین هەروا ئاسان بوو لە لای تۆ؟

پینتەر: سەیرکە، من ئەوە چەند ساڵە دەنووسم. سەدەها شیعر و کورتە پەخشانم نووسیوە. نزیکەی دوانزەیانم هەر لە گۆڤارە بچووکەکان بڵاو بووەتەوە. ڕۆمانێکیشم نووسی، ڕاستی بۆ بڵاوکردنەوە باش نییە. دوای ئەوەی شانۆنامەی "ژوور"م نووسی، کە هەتا چەند هەفتەیەک نومایشەکەمم نەبینی، یەکسەر شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" م نووسی.

پرسیار: چی وای لێ کردووی ئاوا پەلە بکەیت؟

پینتەر: پرۆسێسی نووسینی شانۆنامە بوو وای لێ کردم بەردەوام بم. پاشان چووم نومایشی شانۆگەری "ژوور" ببینم. بۆ من ئەزموونێکی تازە بوو. ئاخر من پێشتر هیچ شانۆنامەیەکم نەنووسیبوو، بۆیە هیچ نومایشێکی شانۆیی خۆمم نەبینیبوو. هیچ سەیرکەرێکم لەوێ نەبینی. هەر ئەو کەسانە لەوێ بوون، کە نووسینەکەیان بینیبوو. ئەوانیش ژنەکەم و هەندێ لە برادەرانی خۆم بوون. لە هەموو کارەکەم پەست بووم. دواجار دەرپەڕیمە دەرەوە و بەپشت کەپری پایسکلەکان ڕۆیشتم.

پرسیار: پێوەندی بەستن لەگەڵ بینەران چ کاریگەرێتییەکی بەسەر تۆوە هەبوو؟

پینتەر: کاردانەوەی بینەرەکانی زانکۆ زۆر هانیان دام، هەرچەندە من دەزانم شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"م هەر دەنووسی، ئینجا کاردانەوەکانیان هەرچۆن بووایە. ئەوە گرنگ نەبوو. شەوەکانی بەرایی خەڵکێکی کەمم دەبینی. هیچ کاتێ شانۆنامەکە ئاوا بەباشی

بەڕێوە نەچووە. بەڵام ئەزموونێکی ناخۆشە، خۆ مەسەلەکەش ئەوە نییە ئاخۆ شانۆنامەکە بەباشی بەڕێوە دەچێ یان نا. مەسەلە کاردانەوەی بینەران نییە، بەڵکو کاردانەوەی منە. من تا رادەیەک لەگەڵ بینەران ناکۆکم. زۆر گوێ بەو ژمارە زۆرەی خەڵک نادەم، کە پێکەوە کۆ دەبنەوە. هەموو کەسێ ئەوە دەزانێ، کە بینەران زۆر جیاوازن. هەڵەیە مرۆڤ زۆر گوێیان پێ بدا. ئەو شتەی زۆر گرنگە مرۆڤ گوێی پێ بدا ئەوەیە، کە ئاخۆ نومایشەکە رێک ئەو بیرۆکەیە دەردەبڕێ، کە مرۆڤ لە نووسینەکەی مەبەستیەتی. هەندێ جار، بەڵێ دەری دەبڕێ.

پرسیار: پێت وایە بەبێ هاندانی ئەو برادەرەی زانکۆی "بریستۆڵ" دەتتوانی دەست بە نووسینی شانۆنامەکانت بکەیت؟

پینتەر: بەڵێ. پێم وایە دەمویست شانۆنامەی "ژوور" بنووسم. من تەنها لە ژێر هەندێ هەلومەرجدا نەختێ بە پەلە نووسیم. ئەمەیش هەندێ شتی وورووژاند. شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"یشم لەمێژ بوو لە خەیاڵ بوو. بیرۆکەکەیم لە بارودۆخێکی تایبەتی لەلا گەڵاڵە بوو. ئەو کاتە بوو، کە لە گەشتێکا بووم. لە ژوورێک بووم، بەکرێم گرتبوو. راستی، رۆژی دواتر برادەرێکی خۆم نامەیەکی پێ دام. خۆم بۆم نووسیبوو. خوا دەزانێ کەی نووسیبووم. لە نامەکە نووسرابوو: «لە ژوورێکی پیس و بێزەوەری وەک هی شێتانم. ژنێکی مل ئاوساو، مەمکەکانی بەملا و بەولادا شۆڕ بووەتەوە. خانەخوێیەکی بێ شەرم، سەگ، پشیلە، پیسایی، چاپاڵێو، خواردنی ناخۆش، مشتومڕ، قسەی قۆڕ و بێ مانا، زبڵ، پاشەڕۆ، چنگ لێدان، ژەهر، کاری منالانە، بێسەروبەری نەخش و نیگاری سەرەوە» ئێستا ئەمانە



هەموو "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"یان لێ کەوتەوە. من لەو ژوورە پیسوپۆخڵە بووم. ژنەکەش، "مێگ" بوو لە شانۆنامەکە. یەکێکیش هەبوو لە "ئیست بۆرن" لە کەنار ئاوەکە دەژیا. ئەم شتانە هەر لە خەیاڵم مانەوە. سێ ساڵ دوای ئەمە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"م نووسی.

پرسیار: ئەی بۆچی لە شانۆنامەکە کارەکتەرێکی تێدا نییە نوێنەرایەتی تۆ بکا؟

پینتەر: هیچ شتێکم نەبووە و نییە راستەوخۆ دەربارەی خۆم بیڵێم. نەمدەزانی لە کوێ دەست پێ بکەم، بەتایبەتی لەوەتەی لە ئاوێنەدا سەیری خۆم دەکەم و دەڵێم «پێم ناڵێی تۆ کێی؟"

پرسیار: پێت وایە ئەگەر کارەکتەرێک لەسەر شانۆ تۆ دەرببڕێ، یارمەتیت دەدا شتی تازە بدۆزیتەوە؟

پینتەر: نەخێر.

پرسیار: ئایا هەموو شانۆنامەکانت هەڵقوڵاوی ئەو بارودۆخەن، کە خۆت تێیاندا ژیاویت؟ بۆ نموونە شانۆنامەی "سەراییدار".

پینتەر: هەر لە میانی رەوتی ئاسایی ژیاندا هەندێ سواڵکەر و بێلانە و ژنی سووکم بینی، وا بزانم یەکێکی تایبەتی هەبوو... باش نەمناسی، سەرنجم دا زۆربەی ئاخاوتنەکان هەر ئەو دەیکا. چەند جارێک تووشی بووم. دوای نزیکەی ساڵێک ئەم بەرهەمەی لێ کەوتەوە.

پرسیار: ئایا وا رێک کەوتووە جارێک لە جارەکان لە شانۆنامەی

"ژوور" وەکو ئەکتەر بەشداری بکەیت؟

پینتەر: نەخێر. نا. نواندن چالاکییەکی جیاوازە. هەرچەندە من شانۆنامەی "ژوور" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "شاگردە لاڵەکەم" لە ساڵی ١٩٥٧ نووسی، بەڵام بەردەوام لەگەڵ تیپێکی هەمیشەیی کاری نواندنم دەکرد. هەموو جۆرە کارێکم دەکرد سەفەری "بۆرنماوث" وتارکوای" و "بێرمەنگەهام"م دەکرد. شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"م ئەو کاتە نووسی، کە کارم لە ناو شانۆنامەیەکی گاڵتەجاڕ دەکرد. ناوەکەیم بیر نەماوە.

پرسیار: وەکو ئەکتەر، قەت هەستت کردووە دەبێ بەزۆر ڕۆڵی کارەکتەرەکان جێبەجێ بکرێت؟

پینتەر: هەندێ جار هەستم کردووە دەبێ بەزۆر ڕۆڵەکانم نومایش بکرێن بەڵام دواجار بۆم روون بووەتەوە، کە بەهەڵەدا چوومە.

پرسیار: ئەی تۆ خۆت هەموو ڕۆڵی کارەکتەرەکان دەبینی، کە دەیاننووسی؟ پاشان، ئایا نومایشکردن یارمەتی تۆ دەدا، وەکو شانۆنامەنووس؟

پینتەر: ئەو کاتەی دەیاننووسمەوە، بەدەنگێکی بەرز بۆ خۆم دەیانخوێنمەوە، بەڵام خۆم لە هەموو ڕۆڵێکا نادۆزمەوە. نەمتوانیوە هەموو ڕۆڵەکان ببینم. هەر لەبەر ئەمەیشە کاری نواندن ڕێگەی نووسینم لێ ناگرێ. بۆ نموونە، حەز دەکەم شانۆنامەیەک بنووسم بەتەواوی دەربارەی ژن بێ.

پرسیار: زۆر جار "ڤیڤیان مێرچنت"ی ژنت لە شانۆنامەکانت دەردەکەوێ. ئایا هیچ ڕۆڵێکی دیاریکراوی بۆ دەنووسی؟



پینتەر: نەخێر. من هیچ ڕۆڵێکم بۆ هیچ ئەکتەرێک نەنووسیوە. تەنها ئەو وەکو ئەکتەرێکی باش دەبینم و کارکردنیشم لەگەڵ ئەو لەلا خۆشە. بۆیە حەز دەکەم لە شانۆگەرییەکانم کاری نواندن بکا.

پرسیار: کە یەکەم جار دەستت بە نووسینی شانۆنامە کرد، کاری نواندنت دەکرد؟

پینتەر: ئا، بەڵێ. هەموو ئەوەی کردوومە کاری نواندن بووە. نەچوومە زانکۆ. لە تەمەنی شانزە ساڵی قوتابخانەم جێ هێشت. بێزار و بێ تاقەت بووم. تاکە شتێ، کە لە ژیانی خوێندنگە کەیفم پێ دەهات، زمان و ئەدەبی ئینگلیزی بوو. بەڵام زمانی لاتینیم نەخوێندبوو. هەر بۆیەش نەچوومە زانکۆ. تەنها لە هەندێ لە قوتابخانەکانی دراما خوێندم. خوێندنەکەیشم بە جیدی نەبوو. ئەو کاتە زیاتر خەریکی دڵداری بووم. پێیەوە بەسترابوومەوە.

پرسیار: قوتابخانەکانی دراما هیچ سوودێکی بۆ تۆ هەبوو وەکو شانۆنامەنووس؟

پینتەر: هەمووی هەر ژیان بەسەربردن بوو و هیچی تر.

پرسیار: لە سەردەمی گەنجێتیتا زۆرت شانۆگەری بینیوە؟

پینتەر: نەخێر زۆر کەم. تاکە کەسێک، کە بەڕاستی حەزم دەکرد کارەکەی ببینم، "دۆناڵد وەڵفیت" بوو، کە ئەو کاتە لە کۆمپانیای شەکسپیری کاری دەکرد. کارەکانی ئەوم زۆر بەدڵ بوو. "شالیر"ەکەی باشترین کار بووە هەتا ئێستا بینیبم. پاشان ماوەی چەند ساڵێک ئەدەبی مۆدێرنم دەخوێندەوە بەتایبەتی ڕۆمان.

پرسیار: ئەی بەرهەمی شانۆنامە نووسەکان، بریخت، بیراندللۆ...

پینتەر: نەخێر، تا چەند ساڵێک لە سەردەمی گەنجێتیما هەمینگوای و دستۆڤسکی و جیمس جۆیس و هنری میللەر و کافکام دەخوێندەوە. هەروەها رۆمـانـەکـانـی "پیکیت"یشـم دەخـوێندەوە. بەڵام "یۆنسکۆ"م نەبیستبوو تا ئەو کاتەی هەندێ لە شانۆنامە بەراییەکانم نووسی.

پرسیار: پێت وایە ئەم نووسەرانە هیچ کاریگەرێتییەکیان بەسەر نووسینەکانی تۆوە هەیە؟

پینتەر: من وەکو پینتەر بە هەر هەموویان سەرسامم، بەڵام هیچ کام لەم نووسەرانە کاریگەرێتییەکی تایبەتییان بەسەر نووسینەکانمەوە نییە، هەرچەندە "پیکیت" و "کافکا" لە هەموو ئەم نووسەرانە زیاتر لەگەڵم بوونە. پێم وایە "پیکیت" باشترین نووسەرە تا ئێستا لە ژیاندا مابێ. من تا ئێستا بە دونیای نووسەرەکانی ترەوە بەستراومەتەوە. ئەمە باشترین شتە لەم بارەوە.

پرسیار: پێت وایە مۆسیقا کاریگەرییەتی بەسەر نووسینەکانتەوە هەیە؟

پینتەر: من نازانم مۆسیقا تا چەند کاریگەرییەتی بەسەر نووسینەوە هەیە، بەڵام مۆسیقا هەردەم گرنگ بووە بۆ من، ئینجا مۆسیقای جاز بێ یان کلاسیک. لە کاتی نووسین بەردەوام هەست بە مۆسیقا دەکەم. بەڵام ئەمە جیایە تۆ لە ژێر کاریگەرییەتی مۆسیقا بیت. "بۆڵز" و "وێبێرن" ئێستا ئاواز دانەرن. بە بەردەوامی گوێیان لێ دەگرم.

پرسیار: هەست دەکەی سنووری نووسینی شانۆنامەکانت بێ ئارامت دەکا؟



پینتەر: نەخێر. بەتەواوی بە پێچەوانەیە. لای من نووسین بۆ شانۆ لە هەموو نووسینێکی تر سەختترە. لە هەموو جۆرە نووسینێکی تر رووت و بێ پەردەترە. تۆ بە تەواوی دەبەسترێیتەوە. هەندێ کاری فیلمسازیم کرد، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ئاسان نەبوو دڵم بەبیرۆکەی فیلمسازی ئاو بخواتەوە. "ئاهەنگی چا خواردنەوە"، کە بۆ تەلەفزیۆنم نووسی، لە بنەڕەتا فیلمێک بوو. کارێکی سینەمایی بوو. من وام نووسیبوو. تەلەفزیۆن و سینەما لە شانۆ ئاسانترن. ئەگەر دیمەنێک بێزاری کردیت، دەیپەڕێنیت و دەچیتە سەر دیمەنێکی تر«هەڵبەت ئەمە زیادەڕۆییە». ئەوەی زۆر تایبەتە بە شانۆ ئەوەیە، کە تۆ خۆت لەوێ ئامادەیت. دەمێنیتەوە. کارەکتەرەکانت لەوێ لەسەر شانۆ دەمێننەوە. تۆ لەگەڵیان دەژیت و ئاڵوێریان لەگەڵ دەکەیت. نووسەرێکی ئەوەندە زیرەک نیم لە بەکارهێنانی تەکنیک، وەکو نووسەرەکانی تر. سەیری بریخت بکە. من ناتوانم تەختەی شانۆ بەهەمان ئەو شێوەیە بەکار بێنم، کە ئەو بەکاری دێنێ. ئەو توانا هزرییەم نییە. بۆیە لەگەڵ کارەکتەرەکان دەبم. کە دادەنیشن، هەڵدەستنەوە سەر پێ یاخود دێن و دەڕۆن و لە دەرگەکە دەچنە دەرەوە و دێنە ژوورەوە. ئەوە هەموو ئەو کارانەیە، کە دەیکەن.

پرسیار: گفتوگۆ دەکەن؟

پینتەر: بێدەنگیش دەبن.

پرسیار: دوای شانۆنامەی "ژوورەکە"، دەرهێنانی شانۆنامەی داهاتووت چ کاریگەرییەکی کردە سەر نووسینت؟

پینتەر: شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە "لەریک هەمەرسمیث" لە لەندەن نومایش کرا. ماوەیەکی کەم لە "ئۆکسفۆرد" و

له "کامبریج" نومایش کرا. زۆر سەرکەوتوو بوو کە هاتە لەندەن ڕەخنەگرەکان، ڕەخنەی توندیان لێ گرت – بەتەواوی لەباریان برد. من نەمزانی بۆ وایان کرد. پێم خۆش نەبوو. یەک هەفتەی خایاند. ئەو قسانەی، کە لە پەنجەرەی پلیت فرۆشەکەم بیست بەدرۆم زانی: دوو سەد و شەست پاوەند بەشەوی یەکەمیشەوە، کە سەد و چل پاوەند بوو، هەروەها نومایشکردنەکەی ڕۆژی پێنج شەمەیش، کە دوو پاوەند و نۆ شلینگ بوو– شەش کەسی تێدا بوو. من بەڕاستی یەکەم جارم بوو بۆ شانۆیەکی پرۆفیشناڵ بنووسم. لەگەڵ ئەمەشدا هەر بەردەوام بووم لە نووسین. بی بی سی زۆر یارمەتیدەرم بوو. "سووکەژان" م لەسەر ئەرکی ئەوان نووسی. لە ساڵی ١٩٦٠ "شاگردە لاڵەکە" دەرهێنرا. دوای ئەمیش "سەراییدار". تاکە ئەزموونی ناخۆشم لەگەڵ شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" بوو. ئەوکاتە ساویلکە و کاڵفام بووم. نەک بەو مانایەی ئێستا گەشبین و پشت ئەستوورم. مەسەلەکە بەراوردکارییە. بەهەرحاڵ نەمزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ شتەکانی وەکو پلان و نەخشەی دیکۆری شانۆ بکەم و چۆن قسە لەگەڵ ڕێژیسۆر بکەم.

پرسیار: کاریگەریی ئەم ئەزموونە ناخۆشە بەسەر تۆوە چی بوو؟ چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ ئەو ڕەخنە نابەجێیانەی لە کاری نواندن دەکرا؟ هەڵبەت پێشتر ڕەخنەت لێ گیراوە؟

پینتەر: زۆر خراپ دای چڵەکاندم. هەتا چل و هەشت سەعاتی تەواو لەوپەڕی دڵتەنگیدا بووم. بەڕاستی ژنەکەم بوو پێی گوتم « پێشتر تێبینییەکانت خراپ بوو... هتد» گومانی تێدا نییە، کە هەڵوێستی گشتی ئەم و پشتگیریکردنی یارمەتی دام بەسەر دڵتەنگییەکەم زاڵ



بم. تا ئێستا هەستێکی ئاوا خۆش دای نەگرتووم.

پرسیار: تۆ زۆر لە شانۆنامەکانی خۆتت دەرهێناوە. نیازت وایە لەم کارە بەردەوام بیت؟

پینتەر: نەخێر. هاتمە سەر ئەو ڕایە، کە کارێکی هەڵەیە. من کە دەنووسم زۆر ماندوو دەبم. لە دیمەنێکەوە بچۆ بۆ دیمەنێکی تر و بزانە دواتر چی ڕوو دەدا. مرۆڤ هەوڵ دەدا شتەکان ڕاست بن. بەڵام من بەدەگمەن چنگم دەکەوێ. پێم وایە وەکو نووسەر بچمە ناو شانۆنامەکە سوودی زیاترە. وەکو ڕێژیسۆر هەر خەریکی چاودێریکردنی کارەکتەرەکان دەبم و ڕێیان لێ دەگرم، چونکە ئەو کاتە هەرچەندە بابەتی بم لەگەڵ تێکستەکە و هەوڵ بدەم پێ دانەگرم، کە مەبەستەکە ئاوایە، پێم وایە ئەرکی ئەکتەرەکان لەوە قورسترە، کە بتوانن بەرگەی بگرن.

پرسیار: لەبەرئەوەی تۆ خۆت ئەکتەریت، ئایا ئەکتەرەکان لە شانۆگەرییەکانت جارێ لە جاران هاتوونەتە لات و داوایان لێ کردووی چەند دێرێک یا چەند لایەنێک لە ڕۆڵەکانیان بگۆڕن؟

پینتەر: هەندێ جار بەڵام زۆر کەم، کە پێکەوە کار دەکەین، چەند دێرێک دەگۆڕدرێن. من هیچ باوەڕم بەوە نییە، کە شانۆی پووچگەرایی (العبث) ناوی دەنێ "ئەکتەرە داهێنەرەکان". ئەکتەرەکان دەتوانن لە شانۆگەری یەکێکی تر وا بکەن. ئەمەیش کار ناکاتە سەر تواناکانیان لە نواندن لە شانۆگەرییەکانی من.

پرسیار: کامە شانۆگەریت لە شانۆنامەکانی خۆت یەکەم جار دەرهێنا؟

پینتەر: شانۆگەری "کۆلێکشن" م بە هاوبەشی لەگەڵ "پیتەر هۆڵ" دەرهێنا. پاشان شانۆنامەی "عاشقەکە" و "کورتەباڵاکان"م دەرهێنا لەسەر هەمان پرۆگرام لە "یانەی هوونەر". شانۆنامەی "عاشقەکە" دەرفەتێکی زۆری نەبوو، چونکە دوای ئەوەی خەڵک پەشیمانییان دەربڕی، تەنها من نەبێ، بڕیارم دا "کورتەباڵاکان" نومایش بکرێ، کە کارێکە دەسکاریکردنی مەحاڵە. لە رواڵەتا لە سەدا نەوەد و نۆی خەڵک پێیان وابوو کات بە فیڕۆدانە. بینەران رقیان لێ بووەوە.

پرسیار: وا دیارە چڕوپڕترین شانۆنامەیە بەو مانایەی، کە حیواری زۆرە و رووداوی کەمە. ئایا ئەمە بۆ تۆ ئەزموونێک نەبوو؟

پینتەر: نەخێر. راستییەکەی ئەوەیە، کە شانۆنامەی"کورتەباڵاکان" لە رۆمانێکی چاپنەکراوی خۆمەوە وەرگیراوە، کە زۆر لەمێژە نووسیومە. بەشێکی زۆرم لەم رۆمانە وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەو بارە دەروونییەی، کە کارەکتەرەکانی تێدایە.

پرسیار: کەواتە ئەم هەلومەرجەی نووسین ئەگەری دووبارەبوونەوەی نییە؟

پینتەر: نەخێر. با ئەوەشت پێ بڵێم، تەنانەت ئەگەر بواری ئەم ئەگەرەش هەبێ، وەکو خۆت گوتت، زۆر چڕوپڕە. بەهایەکی گەورەی هەیە. بۆ من سوودێکی زۆری هەبوو. بەپێی بۆچوونی خۆم، هەموو حاڵەتەکانی جۆش و خرۆشی، بارە دەروونییەکان و کاردانەوە و پێوەندییەکانی ناو شانۆنامەکە، ئەگەرچی پەرش و بڵاون، بەڵام بۆ من روون و ئاشکران. من هەموو ئەو شتانە دەزانم، کە نەگوتراون، هەروەها دەزانم کارەکتەرەکان چۆن سەیری یەکتر دەکەن. شانۆنامەکە دەربارەی خەیانەت و لێ بێزاربوونە. لە رواڵەتا زۆر تێکەڵ



و پێکەڵ دیارە و وا دەردەکەوێ، کە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. بەڵام بۆ من زۆر باش بوو ئەنجامی بدەم.

پرسیار: پێت وایە دەکرێ شانۆگەرییەکانت بە زۆر رێگەی جیا جیا دەربهێنرێ؟

پینتەر: بەڵێ، بەڵام بە هەر شێوازێک بێ، دەربارەی هەمان "راستی" ناو شانۆنامەکەیە. ئەگەر بشێوێندرێ شتێکی خراپە. جیاوازی سەرەکی لە لێکدانەوەکان لە ئەکتەرەکانەوە دێ. هەڵبەت ریژیسۆریش بەرپرسە لە کارەساتەکە، بەڵام نومایشی "سەراییدار" لە ئەڵمانیا بەهێز بوو. هیچ نەخشەسازییەکم بۆ هیچ شانۆگەرییەک نەبوو. زۆر لەم نەخشەسازییانە ئەنجام دراون بێ ئەوەی من دەستم لە دەرهێنانیانا هەبووبێ.

پرسیار: کاتێ کار لەسەر شانۆگەرییەک دەکەیت، پێت وایە باشترین شێوازی پێوەندی لە نێوان کارەکتەر و رێژیسۆر لە کوێدایە؟

پینتەر: شتێکی گرنگ لەم بارەوە ئەوەیە، کە هیچ کامیان هەڵوێستی پارێزگاریکردن لە دژی یەکتر وەرنەگرن. مەسەلەکە راشکاویی و متمانە پێکردنە بەیەکتر. ئەگەر ئەمەی تێدا نەبێ، کات بە فیڕۆدانە.

پرسیار: "پیتەر هۆڵ" کە زۆربەی شانۆنامەکانی تۆی دەرهێناوە، دەڵێ شانۆنامەکان پشت بەشێوازی ئاخاوتن و ریتمی رووداوەکان دەبەستن و کاتێ تۆش دەنووسی "وچانێکی کورت" مانای زیاتر لە "بێدەنگی" دەگەیەنێ. دانانی سێ خاڵ جیایە لە خاڵی کۆتایی. ئایا ئەم شێوازە هەستیار و ناسکە هۆکارە بۆ پێکەوەکاردنتان؟

پینتەر: بەڵێ وایە. زۆر راستە. من زۆر بایەخ بەم خاڵانە دەدەم، کە باست کردن. جارێکیان "هۆڵ" خاڵێک و "وچانێکی کورت"ی لە پرۆڤەی شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" ی دواخست. هەرچەندە کارێک بوو زۆر خۆدەرخستنی پێوە دیار بوو، بەڵام لە رواڵەتا کارێکی باش بوو.

پرسیار: باشە تۆ چوارچێوەیەکی سەرەتایی بۆ شانۆنامەکانت دادەنێی بەر لەوەی بیاننووسی؟

پینتەر: نەخێر هەرگیز. من نازانم شانۆنامەکانم چ جۆرە کارەکتەرێک لەخۆ دەگرن هەتا... هەتا دەردەکەون، هەتا خۆیان دەردەخەن، کە چین. من بەهیچ شێوەیەک بیریان لێ ناکەمەوە. هەر کاتێ سەرەداوێکم دەست کەوت، بە شوێنیا دەچم. بەڕاستی ئەمە کاری منە. من دوای سەرەداوەکان دەکەوم.

پرسیار: مەبەستت لەم سەرەداوانە چییە؟ بیرت دەکەوێتەوە، بۆ نموونە یەکێ لە شانۆنامەکانت لە مێشکی خۆتا گەشە پێ داوە و پێشت خستووە یان ئایا ئەم پێشکەوتنە پێ بەپێ بەرێوە چووە؟

پینتەر: هەڵبەت. من بەتەواوی بیرم نایەت چۆن شانۆنامەیەکی تایبەت لە مێشکما بەرەبەرە پێشکەوتووە. پێم وایە ئەوەی روو دەدا ئەوەیە، کە من لەو پەڕی هەڵچوون و بێزاری دام کاتێ دەنووسم. شوێن پێی ئەوە دەکەوم، کە لەسەر کاغەز دەینووسم، رستە بەدوای رستە. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە هیچ بیرۆکەیەکی گشتیم نییە یان تووشی رەشبینی نایەم و شتەکان جارجار لە بەرچاوم لێڵ نابن. ئەو وێنە هزرییەی، کە دەبێتە خاڵی دەستپێکردنم یەکسەر رووداوی دواتریی لێ پەیدا نابێ. بەڵکو ئەگەری رووداوێکی گشتی لێ دەبێتەوە، کە من بەدوای خۆیا رادەکێشێ. من وێنای ئەوە دەکەم، کە رەنگە روو



بدا. هەندێ جار بەتەواوی دەیپێکم. بەڵام زۆر جاریش ئەوەی بەڕاستی روو دەدا دەیسەلمێنێ، کە من بەهەڵەدا چووم. هەندێ جار هەر بەردەوام لە گەڵیا دەڕۆم، کاتێک سەیر دەکەم نووسیومە "گ. دێتە ژوورەوە" لەکاتێکا نەمزانیوە، کە ئەو نیازی وا بووە بێتە ژوورەوە، نەمزانیوە رێک لەم کاتە دەبوایە بێنە ژوورەوە.

پرسیار: لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" کارەکتەری "سام"، کە تا ماوەیەک کارەکتەرێکی ناچالاک و سستە، کەچی چەند دەقیقەیەک پێش کۆتایی شانۆنامەکە، لە پڕێکا هاوار دەکا و دەکەوێتە خوارەوە. ئایا ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەوەی ئێستا باست کرد؟ ئەمە حاڵەتێکی زۆر کتوپڕە.

پینتەر: لە پڕێکا بە راستم زانی. لە خۆیەوە هات. من دەمزانی لە کاتێک لە کاتەکانی ناو ئەم بەشە دەبێ شتێک بڵێ. ئیتر ئەمە ئەوە بوو، کە رووی دا و گوتی.

پرسیار: کەواتە دەشێ کارەکتەرەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆ پێش بکەون، بیروبۆچوونی تۆ بگۆڕن – تەنانەت ئەگەر ئەم بۆچوونە تەمومژاویش بێ – دەربارەی بابەتی شانۆنامەکە؟

پینتەر: دواجار من پەتەکەم گرتووە. بۆیە ناتوانن زۆر دوور بڕۆن.

پرسیار: تۆ هەست دەکەی چ کاتێ پێویستە پەردە دادرێتەوە یان تێکستەکە بە وریاییەوە دەگەیەنیتە ئەو چرکەساتە گرنگەی، کە لای خۆت بڕاندووتەوە؟

پینتەر: ئەمە سەلیقەیەکی تەواوە. پەردەکان ئەو کاتە دادەرێنەوە، کە ریتمی رووداوەکان رێچکەی راست و دروستی خۆیان وەردەگرن. ئەو

کاتەی ڕووداوەکان پێویست بەوە بکەن، کە کۆییان پێ بێ. من زۆر حەز لە جیاکردنەوەی پەردەکان دەکەم. حەز دەکەم بەشێوەیەکی ڕاست و دروست دیاریان بکەم.

پرسیار: کەواتە پێت وایە شانۆنامەکانت بونیادێکی سەرکەوتوویان هەیە؟ پێت وایە دەتوانی ئەم سەلیقەیە بگەیەنیتە ڕیتمی ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە؟

پینتەر: نەخێر. لە ڕاستییا نەخێر. خەمی سەرەکی من ئەوەیە، کە شانۆنامەکە بنیاتێکی ڕاست و دروستی هەبێ. من هەردەم سێ ڕەشنووس بۆ شانۆنامەکانم دەنووسم. بەڵام خۆ دواجار هەر واز دێنی. کاتێکی وا هەر دێ بڵێیت ئیتر بەسە. ناتوانم چیتر بەردەوام بم. تاکە شانۆنامەیەک، کە بەتەواوی لە قەوارەی پێکهاتەکان نزیک دەبێتەوە شانۆنامەی"بە ماڵ شادبوونەوە"یە. شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "سەراییدار" زۆر نووسینیان تێدایە... من دەمەوێ ناکۆکییەکان لابدەم. ئەوانە نەهێڵم، کە پێویست نین. هەندێ جار زۆر نووسین بێزارم دەکا. بەڵام ئەمە شتێکە ناتوانم خۆمی لێ لابدەم. شتەکان خۆیان دەردەکەون. لە زاری کارەکتەرەکانەوە دێنە دەرەوە. من بەڕاستی ئەوەندە لە بەرهەمەکانی خۆم ورد نابمەوە. بەڵام زۆر چاک ئاگەدارم، بەگوێرەی ئەوەی کە دەینووسم، کاتێ کارەکتەرێک لە هەندێ کاتا زۆر دەڵێ.

پرسیار: زۆر کەس لەگەڵ ئەو ڕایەدایە، کە بەهێزیی شانۆنامەکانی تۆ سەبارەت بەم قسەکردنەی کارەکتەرەکانە. تۆ لەم ڕێگەیەوە وێنەی کارەکتەرەکان دەکێشیت و هێز و تواناکان دەزانی. ئایا تۆ ئەم قسانەت لە خەڵکەوە بیستووە و وەرت گرتوون تۆ



بەدزییەوە گوێ لە قسەی خەڵک دەگری؟

پینتەر: من کاتی خۆم بەم شێوەیە بەسەر نابەم. جار جار وەکو هەر کەسێک دێم و دەچم. گوێم لە قسەی خەڵک دەبێ. بەڵام قسەکان ئەو کاتە دەردەکەون، کە کارەکتەرەکان دەنووسم نەک پێشتر.

پرسیار: بۆچی پێت وایە ئاخاوتنی ناو شانۆنامەکانت زۆر کاریگەرن؟

پینتەر: نازانم. دەشێ لەبەر ئەوە بێ، کە خەڵک پشت بەهەموو شتێ دەبەستن، کە دەیدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسی ئەوە بەدوور بگرن کە بناسرێن. بۆ ئەوەی نەناسرێن.

پرسیار: کە شانۆنامەکانت دەنووسی، لە کامە مەودا کێشەت بۆ دروست دەبێ؟

پینتەر: مەوداکان پێوەندییەکی هێندە بەهێزیان بەیەکترەوە هەیە، لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. بۆیە ناتوانم بڕیار بدەم.

پرسیار: چەند ساڵێک پێش ئێستا زۆر لە وتەکانی ناو "ڕووبەڕووبوونەوە" دەربارەی پەسندکردن بوو لە چوونە ڕیزی بەریتانیا بۆ بازاڕی هاوبەش. ئەم مەسەلەیە لەلایەن خەڵکەوە لە بواری ئەدەب قۆزرایەوە. تۆ مەسەلەکەت بەکورتترین وشە دەربڕی، کە تا ئێستا گوترابێ، "من هیچ بەرژەوەندییەکم لە مەسەلەکەدا نییە و گرنگ نییە چی ڕوو دەدا" ئایا ئەمە پوختەی هەڵوێستی تۆیە بەرامبەر بەسیاسەت، یان بەبارودۆخی ئێستا؟

پینتەر: نەخێر ئەمە ڕاستی مەسەلەکە نییە. هەرچەندە ئەمە هەڵوێستی منە بەرامبەر بە بازاڕی هاوبەش. من هەر، بە لەعنەت بێ، گوێ بە بازاڕی هاوبەش نادەم. بەڵام زۆر ڕاست نییە بڵێی گوێ

بەبارودۆخی ئێستا نادەم. من بەشڵەژانی باری ئاسایی نیگەرانم. بێزارم. تووڕەش دەبم. هەندێ جار گوێی پێ نادەم. بەگشتی هەوڵ دەدەم خۆم لەگەڵ ئەوە بگونجێنم، کە لە دەستم دێ و واز لەوانی تر بێنم. پێم وانییە هیچ وەزیفەیەکی گرنگم دەستکەوتبێ، کە بەهایەکی گرنگی هەبێ. بەگوێرەی سیاسەتیش هیچ کێشەیەک نییە ئەگەر پێوەندیم بەسیاسەتەوە هەبێ، چونکە مەسەلەکان بەهیچ شێوەیەک ئاسان نین. کە دەبیتە سیاسەتمەدار، مانای ئەوەیە دەبێ بتوانی وێنەی شتەکان بەڕاستی بخەیتە ڕوو تەنانەت ئەگەر تۆ بەم شێوەیەش نەیانبینی.

پرسیار: هیچ کاتێ بیرت لەوە کردووەتەوە بیروبۆچوونە سیاسییەکان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دەربڕی؟

پینتەر: نەخێر. سیاسەت، دواجار، بێزارم دەکا. کە ئاواش بێ، دەبێ بڵێم سیاسەت لە بەشێکی زۆر لە ئێش و ئازارەکانمان بەرپرسیارە. من بڕوا بەهیچ جۆرە گوتارێکی ئایدیۆلۆجی ناکەم.

پرسیار: ئەی پێت وانییە دیمەنی ئەو هەڕەشە کەسێنییانەی، کە زۆر جار لە شانۆنامەکانتا پیشانی دەدەی، بەمانایەکی گەورەتر نیگەرانی و ئازاردانە. بیرکردنەوەیەکی سیاسییە، یان پێوەندی بەهیچ شتێکەوە نییە؟

پینتەر: من هەست ناکەم لەلایەن هیچ هەڵسوکەوتێکی سیاسی یان هیچ مرۆڤێکی سیاسی هەڕەشەم لێ بکرێ. من ژیانی بەریتانیام پێ خۆشە. بایەخ بە پێکهاتە سیاسییەکان نادەم. بۆ من جێگەی مەترسی نین. بەڵام دەبنە هۆی ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ ملیۆنەها کەس. با رای خۆمت بەڕاستی پێ بڵێم دەربارەی سیاسییەکان: شەوێک لەم شەوانە



سەیری هەندێ کەسی سیاسیم دەکرد لە تەلەفزیۆن باسی ڤێتنامیان دەکرد. خەریک بوو شاشەی تەلەفزیۆنەکە بە ئامێرە ئاگرپژێنەکەم وردوخاش بکەم و چاویان بسووتێنم، ئینجا لێیان بپرسم، چۆن ئەم کارەی من لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەڵدەسەنگێنن.

پرسیار: ئایا جارێ لە جاران ئەم تووڕەیییەی خۆت لە شانۆنامەیەکا بەکار دێنیت، کە ئاقارێکی سیاسی هەبێ؟

پینتەر: من کە شانۆنامەیەکی گاڵتەجاڕ و پلارهاوێژ دەنووسم، لە هەموو بیرکردنەوەیەکی هەڵچوونانە و کەفوکوڵی تووڕەیییەوە دوورم. جارێکیان وام کرد. شانۆنامەیەکی وام نووسی. کەس لەبارەی ئەم شانۆنامەیە نازانێ. شانۆنامەیەک هەموو شتێکی دەردەخست. لە دوای "سەرایییدار" نووسیم. سێ ڕەشنووسم نووسی.ناوی "خانووە گەرمەکە" بوو. دەربارەی دەزگایەک بوو، کە خەڵکی نەخۆشی تێدا بوو. هەموو ئەوەی لەم شانۆنامەیە خرابووە ڕوو دەربارەی فەرمانڕەوایی کلێسە بوو، هەروەها ئەو خەڵکەی، کە ئەم دەزگایەیان بەڕێوە دەبرد. کەسێ نەیزانی نەخۆشەکان چییان بەسەر هات، یان بۆ لەم دەزگایەن یاخود کێن. شانۆنامەیەکی زۆر گاڵتەجاڕ و پلارهاوێژ بوو. بەڕاستی بێ سوود بوو. هیچ کارەکتەرێکم لە کارەکتەرەکان خۆش نەویست. هەرگیز لەم جۆرە کارەکتەرانەم لە ژیانا نەبینیبوو. بۆیە یەکسەر شانۆنامەکەم فڕێ دا. کارەکتەرەکان بەتەواوی کارتۆنی بوون. من بەئەنقەست، بۆ یەکەم جار، ویستم کارێ بکەم، کارێکی روون و ئاشکرا، کە ئەمانە خەڵکێکی پیس و بۆگەنن. من لەگەڵیان هاوڕا نیم و پەسندیان ناکەم. بۆیەش نەژیاون، کەچی من لە شانۆنامەکانی ترم، هەموو کارەکتەرێک، تەنانەت کارەکتەرە چەپەڵەکانیشی لە وێنەی

"گۆڵدبێری"یشم خۆش دەوێ، کە لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"ە.

پرسیار: تۆ زۆر جار باسی کارەکتەرەکانی خۆت دەکەی وەکو مرۆڤی زیندوو بن. ئایا ئەمانە دوای نووسینی شانۆنامەکە دەردەکەون یان لە کاتی نووسینی شانۆنامەکە؟

پینتەر: لە هەردوو حاڵەتدا.

پرسیار: وەکو ئەو خەڵکەی تۆ دەیانناسی حەقیقین؟

پینتەر: نەخێر جیاوازن. من دوای ئەوەی شانۆنامەی "سەراییدار"م نووسی خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی دەربارەی دوو برا. لەخەونەکەم، ماڵەکەم سووتا. هەوڵم دا بزانم کێ ئەم کارەی کرد. لە هەموو کۆڵان و قاوەخانەکان گەڕام. دواجار لە شوێنێک چوومە ژوورێک، دوو برای تێدا بوو. هی شانۆنامەکە بوون. پێم گوتن، کەواتە ئێوە خانووەکەی منتان سووتاند. گوتیان زۆر خەم لە خانووەکەت مەخۆ. گوتم ئاخر من هەموو شتێکم لە ناو ئەم خانووەیە. ئەوانیش گوتیان باشە ئێمە قەرەبووت دەکەینەوە. ئاگامان لە تۆ دەبێ – برا گەنجەکەیان قسەی دەکرد – یەکسەر دوای ئەمە چەکێکم بە پەنجا پاوەند نووسی... چەکێکم پێ دا بە پەنجا پاوەند.

پرسیار: حەز لە سایکۆلۆجیا دەکەی؟

پینتەر: نەخێر.

پرسیار: بەهیچ جۆرێک؟ ئەی هیچ مەبەستێکت لە مێشکتا هەبوو کاتێ قسەی برا گەورەکەت دەنووسی، کە باسی کێشەکانی خۆی دەکرد لە نەخۆشخانەی شێتان، لە کۆتایی پەردەی دووەمی



شانۆنامەی "سەراییدار"؟

پینتەر: با پێت بڵێم، من مەبەستێکم هەبوو بەو مانایە، کە "ئاستۆن" لە پڕێکا زاری دەکاتەوە. مەبەستی من ئەوە بوو، کە بەردەوام بێ لە قسەکردن هەتا تەواو دەبێ و پاشان... پەردەکە دادەدەمەوە. هیچ مەبەستێکی تایبەتی خۆمم نەبوو لەوێ. بەڵام تاکە شتێ، کە خەڵک تێیدا سەرکەوتوو نەبوونە ئەوەیە، کە پێویست نییە بڕیار بدەن، کە هەر شتێ "ئاستۆن" دەربارەی بەسەرهاتەکانی خۆی لە نەخۆشخانەی شێتان دەیڵێ، راستە.

پرسیار: لە زۆربەی شانۆنامەکانت دیمەنی ترس و هەڕەشەیەکی توندوتیژ هەیە. ئایا تۆ جیهان وەکو شوێنێک دەبینی، کە پڕ بێ لە توندوتیژی؟

پینتەر: جیهان شوێنێکی خۆشی توندوتیژە. مەسەلەکە ئاوا سادە و ئاسانە. بۆیە هەر توندوتیژییەک لە ناو شانۆنامەکانم شتێکی سروشتییە. بۆ من فاکتەرێکی گرنگە و هەر دەبێ هەبێ.

پێم وایە ئەوەی تۆ باسی دەکەی، سەرەتاکەی لە شانۆنامەی "شاگردە لاڵەکە" دەست پێ دەکا، کە بە بیروڕای من بەرهەمێکی ئاساییە. بەڕاستی توندوتیژی هەر دەربڕینی مەسەلەی باڵادەستی و ملکەچێتییە، کە لە زۆر لە شانۆنەمەکانم دووبارە دەبێتەوە. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا، چیرۆکێکی کورتم نووسی بەناوی "تاقیکردنەوەکە". بیروڕای من دەربارەی توندوتیژی لەم چیرۆکەوە سەرچاوەی گرت. ئەم کورتە چیرۆکە باسی دوو کەس دەکا لە ژوورێکا لە ململانێدان. سروشتی ململانێکە روون نییە سەبارەت بەوەی کامە بەسەر ئەوی تریان باڵادەستە و ئەم باڵادەستییە لە چ ئاستێکدایە.، هەروەها چ

هۆیەک بەکار دێن بۆ مسۆگەرکردنی ئەم باڵادەستییە و چۆن هەرکەس هەوڵ دەدا ئەوی تریان ملکەچ بکا و بیکاتە خواردەستی خۆی. هەڕەشەکە هەردەم لێرەدایە. پێوەندی بەم مەسەلەوە هەیە: لە بەرزترین پلەوپایە بیت یان هەوڵ بۆ بەرزترین پلەوپایە بدەیت. هەر ئەمەش وای لێ کردم "خزمەتکار" بۆ سینەما بنووسم.، کە لە ئەسڵدا چیرۆک بوو. من ئەمە ناو نانێم توندوتیژی مادەمەکی ئەم ململانێیە بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە شتێکی ئاساییە لە ژیانی رۆژانەدا.

پرسیار: ئایا ئەم بیروڕایانەت دەربارەی ململانێی رۆژانە و توندوتیژی پێوەندییان بەهیچ رووداوێکی تایبەتییەوە هەیە، کە بەسەر خۆتەوە هاتبێ؟

پینتەر: هەموو کەسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان تووشی توندوتیژی دێ. شتی وا روو دەدا. من لە دوای جەنگ تووشی ئەوپەڕی توندوتیژی هاتم. ئەو کاتەی فاشستەکان خەریک بوون دەسەڵات پەیدا بکەنەوە لە بەریتانیا. تووشی شەڕێکی زۆر هاتم. ئەگەر تۆ دووروونزیک لە جوولەکەیەک چووبای، ئەوە تووشی کێشە دەبووی. بێجگە لەمەش، چوومە یانەیەکی جوولەکەکان. لە تەنیشت کۆنە تاقێکی شەمەندەفەران بوو. ئەو کۆڵانەی هەموو جارێ پێیدا دەڕۆیشتین، خەڵکێکی زۆری تێدا بوو. شووشەی شکاوی شیریان بەدەستەوە بوو. دوو رێگەمان لە پێش بوو بۆ خۆ رزگارکردن. یەکێکیان بەکارهێنانی توندوتیژی بوو. بەڵام تۆ لە بەرامبەر ئەم بوتڵە شووشانە هیچت پێ ناکرێ. ئێمە بوتڵەشیری شکاومان لا نەبوو. بۆیە باشترین رێگە ئەوە بوو، کە قسەیان لەگەڵ بکەین. قسەی لە جۆری " چۆنن، باشن" "بەڵێ. باشم". بەڵام دەبێ چاوت هەر لە رووناکییەکەی سەر شەقامە سەرەکییەکە بێ.



شتێکی ترت پێ بڵێم: ئێمەیان بە کۆمۆنیست دەزانی. ئەگەر تۆ بەلای شەقامی فاشستەکان تێپەڕی بایت و بە نیگایەکی ناحەزانە سەیری یەکێکت کردبا – ئەمە لە بازاڕی "ریدلی رۆد" نزیک چوارڕیانی "کالستۆن" – ئەوا رێک تۆیان بە کۆمۆنیست دادەنا. خۆ ئەگەر چەند کتێبێکت بەدەستەوە با، بەڵگەیەکی تەواو بوو، کە کۆمۆنیستی. ئەو رۆژگارە توندوتیژییەکی زۆری تێدا بوو.

پرسیار: ئایا ئەمە وای لە تۆ کرد ببیتە کەسێکی ئاشتیخواز؟

پینتەر: کە جەنگ کۆتایی پێ هات، تەمەنم پانزە ساڵان بوو. گومان لەوەدا نەبوو، ئەگەر دوای سێ ساڵی تر بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کرابام، هەر دەبوایە بچم. من هیچ مانایەکم لەمەدا نەدەبینی. بۆیە نەچووم. بانگهێشتەکەم رەت کردەوە. لە ئاکامدا گیرام. بە ترومبێلێکی پۆلیس بردمیانە بنکەی پشکنینی تەندروستی. دوو دادگەش داوای کردم. دەبوایە زیندانی بکرێم. فلچەی ددانم برد و چوومە دادگە. مەسەلەکە وا کەوتەوە، کە سەرۆکی دادگە بەزەیی پیاما هاتەوە. بۆیە لە جیاتی زیندانیکردن سی پاوەندم وەکو سزا دا. لەوانەیە لە جەنگی داهاتوو بانگم بکەنەوە، بەڵام هەر ناچم.

پرسیار: "رۆبەرت پرۆستاین" دەربارەی درامای سەردەم گوتوویەتی «شانۆنامەنووسی یاخی دەبێتە پەیامبەر. هەوڵ دەدا وا لە خەڵک بکا متمانە بە بیروباوەڕی بکەن». ئایا تۆ ئەم رۆڵە دەگێڕی؟

پینتەر: نازانم ئەو باسی چی دەکا. من نازانم چ بیروباوەڕێکە، کە من هەوڵ دەدەم خەڵک لە دەورەیا کۆ بکەمەوە.

پرسیار: کارکردن بۆ شانۆ کارێکە زۆر ململانێ و پێشبڕکێی تێدایە. ئایا تۆ وەکو نووسەر هەست دەکەی ململانێ لەگەڵ شانۆنامەنووسەکانی تر دەکەی؟

پینتەر: نووسینی باش دڵم خۆش دەکا. من هەستم نەکردووە هیچ جۆرە پێشبڕکێیەک لەمەدا هەبێ.

پرسیار: ئایا ئەو شتانە دەخوێنیتەوە، کە دەربارەی تۆ دەنووسرێن؟

پینتەر: بەڵێ. زۆر جار نازانم ئەوان باسی چی دەکەن، بەڵام گشتیان ناخوێنمەوە. یان دەیانخوێنمەوە و دەڕۆن – ئەگەر لێم بپرسی باسی چی دەکەن، شتێکی زۆر کەم دەربارەیان دەزانم. بەڵام گشتیان وانین. ڕەخنەگرە نەشارەزاکان وان.

پرسیار: تا چەند ئاگات لە خوێنەر یا بینەرە کاتێ دەنووسی؟

پینتەر: زۆر کەم. بەڵام دەزانم، کە ئەمە ناوەندێکی گشتییە. نامەوێ بێزاریان بکەم. هەوڵ دەدەم بیانبەستمەوە بە ڕووداوەکان. بۆیە دەمەوێ هەتا بکرێ بەرێکوپێکی بنووسم. من هەر ئاوا دەنووسم.

پرسیار: شتێک دەگێڕنەوە، کە "پرۆستاین" لە کتێبی "شانۆی هەڵگەڕانەوە" باسی لێوە دەکا. دەڵێ جارێکیان "یۆجین یۆنسکۆ" وازی لە نومایشکردنی "ڕەشەکە" هێنا، چونکە هەستی کرد هێرشی دەکرێتە سەر. بەڵام ئەکتەرەکان زۆر لایان خۆش بوو. ئایا تۆ چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی ئاوا دەکەی لە بینەرانی خۆت؟ ئەی تۆ خۆشت کاردانەوەیەکی ئاوا پیشان دەدەی؟



پینتەر: ئەم کاردانەوەیەم هەبووە. بەم دواییە لە لەندەن بەسەر خۆم هات. کاتێ چووم نومایشی "ئەمریکا" ببینم، کە کۆمپانیای "ڕۆیاڵ شەکسپیر" دژی شەڕی ڤێتنام دەری هێنابوو. جۆرێک لە هێرشکردنی تێدا بوو. من نامەوێ ببمە بابەتی پڕۆپاگەندە و ڕقم دەبێتەوە لەسەر سەکۆی وتاردان بوەستم. من دەمەوێ شتەکان بەڕوونی لە شانۆنامەکانم بخەمە ڕوو. هەندێ جار ئەمە بینەران نیگەران دەکا. بێگومان دەبێتە هۆیەک بۆ هێرشکردنیان.

پرسیار: کەواتە هەست دەکەی شانۆنامەکە نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ لە جۆشدانی هەڵوێستەکانی دژ بەجەنگ؟

پینتەر: هەڵبەت جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان واقیعی جەنگی ڤێتنام و ئەو وێنەیەی، کە شانۆنامەی "ئەمریکا" لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشی کرد. جیاوازییەکە هێندە گەورەیە تا دەگاتە رادەی بێ مانایی. ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێ، کە بینەران تووشی داچڵەکان بکات یاخود وانەیەکیان پێ بدا، ئەوا ئەوپەڕی بێ ماناییە، چونکە مەحاڵە ئەمە لە کارێکی شانۆیی گەورەدا ڕوون بکەیتەوە، لە کاتێکا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان هەموو شتێ بەتەواوی پیشان دەدەن.

پرسیار: ئایا تۆ بەئەنقەست بارودۆخە دژوارەکان دەکەیتە حاڵەتێکی قۆشمە و سەیر؟ زۆر جار پێکەنینی بینەری شانۆنامەکانی تۆ ئاراستەیەکی تر وەردەگرێ کاتێ لە "راستیی" بابەتەکە دەگا.

پینتەر: بەڵێ، ئەمە زۆر ڕاستە. من بە دەگمەن لەمە ئاگەدارم، کە قۆشمەچێتی دەنووسم. بەڵام خۆم هەندێ جار بە هەندێ شتی تایبەت پێکەنینم دێ، کاتێ لە پڕێکا بۆم دەردەکەوێ شتەکە سەیرە. ڕاستە،

زۆر جار هەر قسەکان سەیر نین. ئەوەی باسی لێوە دەکەی، بەڕاستی لە پێناوی ژیانی خۆیا دەجەنگێ.

پرسیار: زۆر لە بارودۆخە دژوارەکان هەندێ ئاماژەی سێکسی هەیە، وا نییە؟ تۆ بەکارهێنانی سێکس لە شانۆنامەکانی ئەمڕۆ چۆن دەبینی؟

پینتەر: من یەک شت ڕەت دەکەمەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی سێکس: ئەم پلانە لەلایەن لیبرالەکانەوە خەریکە جێبەجێ دەکرێ بۆ ئەوەی دەرگەی زمانێکی سووک و بێشەرم لە هەموو ئالوگۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بکەنەوە. هەندێ وشە هەن، ژمارەیەکی کەمن، نابێ زۆر بەکار بێن. من یەک دوو جار لە شانۆنامەکانم بەکارم هێناون. بەڵام ئەمە بەسەر ئەنجوومەنی لۆردان تێ ناپەڕێ. وشەی زۆر باش و چاکن، بەڵام پێویستە کەم بەکار بێن. سەربەستی بەکارهێنانی زمان بەم ئاشکرا و راشکاوییە بێ تاقەتم دەکا، چونکە ئەمە زیاتر بۆ خۆدەرخستنە نەک قسەیەکی ئاسایی بێ و بگوترێ.

پرسیار: پێت وایە ئەم شێوازەی تۆ هانی خەڵکی داوە لاسایت بکەنەوە؟ ئایا ئەم شێوازە "پینتەریانە" ی خۆتت لە هیچ شانۆنامەیەک یان کارێکی سینەمایی خەڵکی تر دیوە؟

پینتەر: ئەم وشەیە! ئەم وشە لەعنەتییە! ئەم وشە تایبەتە! – "پینتەریانە" – نازانم، بە لەعنەت بن باسی چی دەکەن؟ پێم وایە ئەمە بۆ من کارێکی قورسە، بۆ نووسەرەکانی تریش... ئا، جار جار هەندێ شت بە بایەخەوە وەردەگرم، کە هەندێ شتی ترم بیر دێنێتەوە، بەڵام لەمە زیاتر تێ ناپەڕێ. من پێم وایە نووسەرەکان لە کاری نووسین هەر



بەردەوام دەبن. کاری نووسین هەر دەکەن. باوەڕ ناکەم من هیچ کاریگەرێتییەکم بەسەر نووسەرەکانی ترەوە هەبێ. من خۆم لەم بارەیەوە بەڵگەیەکی زۆر زۆر کەمم بینیوە. بەهەرحاڵ ڕەنگە خەڵکی تر لە من زیاتر بەڵگەیان بەدەستەوە بێ.

پرسیار: مەبەستت لە ڕەخنەگرەکانە؟

پینتەر: هەڵەیەکی گەورەیە بایەخێکی زۆر بەمانە بدەیت. وا بزانم تۆ دەبینی ئەم سەردەمە سەردەمی ئازادییەکی لە رادەبەدەر و بە توندی پێداگرتنە لەسەر هەموو شتێک بێ پێچوپەنا. من نموونەی زۆر زیندووی نووسەرێکم، کە دەتوانێ بنووسی، بەڵام نووسەرێک نیم بەم هەموو باشییەی، کە خەڵک باسی لێوە دەکەن. من نووسەرم و هیچی تر. بۆیە وا بزانم لە رادەبەدەر گەورە کراوم، چونکە نووسینی چاک دەگمەنە. بۆیە خەڵکیش حەز دەکەن لەسەر هەمان شت بڕۆن. نووسەر هەوڵ دەدا هەتا بتوانێ بنووسی.

پرسیار: پێت وایە شانۆنامەکانی تۆ دوای پەنجا ساڵی تر نومایش بکرێن؟ ئایا تۆ بەهوشیارییەوە هەوڵ دەدەی بەرهەمەکانت سروشتێکی جیهانی بگرنە خۆ؟

پینتەر: من نازانم ئاخۆ دوای پەنجا ساڵی تر شانۆنامەکانم نومایش دەکرێن یان نا. ئەمە بۆ من گرنگ نییە. من دڵخۆشم کاتێ سەیر دەکەم ئەوەی من دەینووسم، خەڵک لە ئەمریکای باشوور یان لە یۆغۆسلاڤیا تێگەیشتنیان بۆی هەیە. ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرە. من خۆم هەوڵ بۆ بە جیهانبوونی بەرهەمەکانم نادەم. ئەوەندەم بەسە، کە لە نووسینی شانۆنامەکانم هەوڵی بۆ دەدەم.

پرسیار: پێت وایه ئەو سەرکەوتنەی به هۆیەوه ناوبانگت پەیدا کرد هیچی له نووسینەکانی تۆ گۆڕی؟

پینتەر: نەخێر. بەڵام نووسینەکانم ئاڵۆزتر بوون. وا بزانم ئێستا سنووری هەندێ شتم بەزاندووه. کاتێ یەکەم سێ شانۆنامەم له ساڵی ١٩٥٧ نووسی، له روانگەی ئەوەوه نووسیم، که بنووسم. دوور بووم له کاری نواندن و شانۆیی. بۆیه ئەم سێ شانۆنامەیەم بەسەرنجێکی زۆر ورد نەنووسی، بەڵام ئەو راستییەی، که بۆ نووسین پێویسته بووەته کارێکی سەخت. هەتا ماوەیەک زۆر سەخت بوو بتوانی خۆت له پشکنین دوور خەیتەوه. شانۆنامەی "به ماڵەوه شادبوونەوه"م به پێنج ساڵ نووسی. دوای "سەراییدار" نووسیم. له هەمان کاتدا زۆر ئیشی تریشم دەکرد، بەڵام که شانۆنامەی "به ماڵەوه شادبوونەوه"م نووسی، هەستم کرد زۆر باشترم. ئێستا گەڕاومەتەوه هەمان دۆخی جاران. که دەمەوێ شانۆنامەیەک بنووسم، بەردەوام بیری لێ دەکەمەوه. ناتوانم هەروا به ئاسانی خامەکەم بخەمه سەر کاغەز. خەڵک نازانن، که مرۆڤ بارێکی قورسی لەسەر شانه. کاتێ وشەکان دەبینم دێنه سەر کاغەز، هەست دەکەم هەموو شتێ، که دەیکەم پێشتر زانراوه. بۆیه هەست دەکەم ناپەسنده، جێگەی ئومێد نییه. ئەمه وام لێ دەکا زۆر وریا بم. ئیتر گوێ بەقسەی ئەملا و ئەولا نادەم. ئەگەر شتێکم هەبێ بینووسم، هەر دەینووسم. لێم مەپرسه بۆ دەتەوێ له نووسینی شانۆنامەکانت بەردەوام بیت.

پرسیار: پێت وایه هەموو کاتێ تەکنیکێکی ئازادتر، کراوەتر بەکار دێنی، وەکو شێوازێک بۆ دووباره نووسینەوه؟

پینتەر: که ئەم حاڵەته لەلای نووسەرەکانی تر دەبینم، دڵم پێی



خۆش دەبێ. پێم وابوو ئێوارەیەکی خۆشم لەگەڵ شانۆنامەی "مارا ساد Marat/Sade " بەسەر برد، هەروەها شانۆنامه جیاوازەکانی تری وەکو "بازنەی تەباشیری قەوقازی"م لەلا خۆش بوو. بەڵام من خۆم هەرگیز ئەم تەکنیکه له شانۆنامەکانم بەکار ناهێنم.

پرسیار: ئایا ئەمه وات لێ دەکا هەست بکەی، که کۆنباوی؟

پینتەر: من شانۆنامەنووسێکی کۆنباوم. بۆ نموونه، من سوورم لەسەر بەکارهێنانی پەرده له شانۆنامەکانم. هەر بۆیەش رستەی جیاکردنەوەی پەردەکان دەنووسم. تەنانەت ئەگەر رێژیسۆرەکانی وەکو "پیتەر هۆڵ" یان "کلۆد ریجێه" له پاریس بیانەوێ لای بدەن، من هەر سوورم لەسەر مانەوەیان. لای من هەموو شتێ پێوەندی به بنیات و شێوەو تێکڕایی بەرهەمەکەوه هەیه. ئەو غەڵبه غەڵبەی له نومایشی هونەرییا، که بینەرانی تێدا بەکار دێ بۆ ئەوانه مایەی دڵخۆشییه. من دڵنیام.

پرسیار: ئەی نابێ ئەمانیش خۆشی لێ وەربگرن؟

پینتەر: ئەگەر هەر هەموویان پێیان خۆش بێ، من دڵم پێ خۆش دەبێ. بەڵام منی لێ دەربکە. من له پێنج دەقیقه زیاتر نامێنمەوه. کێشەکه لەمەدایه، که بەغەڵبه غەڵبی دەزانم و حەز له شتی هێمن دەکەم. بەشێکی زۆر له هونەری مۆدێرن گەڕەلاوژەیەکی هیچوپووچی زۆری تێدایه و له ئاستێکی زۆر نزمه بەبەراود لەگەڵ نموونه باشەکان. جیمس جۆیس زۆر شتی لای بۆرخیس نەهێشت ئەو کاتەی، که تەکنیکی بۆرخیس هێشتا نەخەملا بوو.، هەرچەنده بۆرخیس نووسەرێکی چاکه. ئەمه مانای ئەوه نییه، که من خۆم بەنووسەرێکی هاوچەرخ نازانم: من ئەوەتا لێرەم.

# ژوورەکە

THE ROOM
AND
THE DUMB WAITER
BY
HAROLD PINTER
London
METHUEN& CO LTD
11 NEW FETTER LANE EC4

**کارەکتەرەکان**

بێرت هود پیاوێکی پەنجا ساڵانە

رۆز ژنێکی تەمەن شەست ساڵانە

مستەر کید پیاوێکی پیرە

مستەر ساندز

(ژن و مێردێکی گەنجن)

خاتوو ساندز

رایلی



دیمەن

*ژوورێک لە ناو خانوویەکی گەورە. دەرگەیەک لە پێشەوە بەلای راستەدا. تەباخێکی غاز لە لای چەپە. سۆپایەکی غاز و سینک (قاپشۆرێک) لە سەرەوە لە لای چەپ دایە. پەنجەرەیەک لە لای سەرەوە رێک لە ناوەڕاستە. مێزێک و چەند کورسییەک لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆیە. کورسییەکی هەژۆک هەر لە ناوەڕاستە بەلای چەپ. لە سەرەوە لە لای ڕاستەدا قاچی قەریۆڵەیەکی دووکەسی لە سووچەکەوە دیارە.*

«بێرت لەبەر مێزەکەوە دانیشتووە. شەبقەیەکی لە سەرە. گۆڤارێک لە بەردەمیایە. رۆز لەبەر سۆپاکە دانیشتووە»

**رۆز:**

فەرموو، ئەمە سەرمای ناو لەشت دەردەکا.

(هێلکەوڕۆنە بە گۆشتەکە لە ناو قاپێک دادەنێ. چاوە غازەکە دەکوژێنێتەوە، ئینجا قاپەکە هەڵدەگرێ و لەسەر مێزەکە دای دەنێ).

دەزانم دەرەوە زۆر ساردە. مردنە.

(دەگەڕێتەوە لای سۆپاکە و ئاوی کتلییەکە لە چادانەکە دەکا. چاوەکەی تری غازەکە دەکوژێنێتەوە. چادانەکە دەهێنێتە سەر مێزەکە. هەندێ خوێ و ساس دەکاتە ناو فەخفوورییەک و دوو

لەت لە نانەکە دەبڕێ. بێرت دەست بە خواردن دەکا).

باشە، تۆ ئەمە بخۆ. پێویستت پێی دەبێ. تۆ لێرە لە ژوورەوە هەستی پێ دەکەی. ژوورەکە هێشتا گەرمە. هەر چۆن بێ لە ژێرزەمینەکە باشترە.

(کەرە لە نانەکە هەڵدەسوێ).

من نازانم ئەوان چۆن لە خوارەوە دەژین. تەنها سەرئێشە دروستکردنە. دەی بیخۆ. بۆ تۆ باشە.

(دەچێتە لای سینکەکە. کووپە و ژێر کووپەکە دەسڕێتەوە و دەیانهێنێتە سەر مێزەکە).

ئەگەر دەتەوێ بچیتە دەرەوە، دەبێ شتێک بکەیتە هەناوتەوە، چونکە کە چوویتە دەرەوە، ئەو کاتە باوەڕ دەکەی وایە.

(شیر دەکاتە کووپەکەوە).

ئێستا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. ئەمە بۆ من بەس بوو. زیرۆحێک لە دەرەوە نەبوو. گوێت لە دەنگی "با"یە؟

(لەسەر کورسییە هەژۆکەکە دادەنیشێ).

من تا ئێستا نەمزانیوە کێیە؟ کێیە؟ کێ لە خوارەوە دەژی؟ پێویستە بپرسم. مەبەستم ئەوەیە، وا باشترە تۆش بزانیت، بێرت. بەڵام هەرکەسێ بێ لەوانە نییە کەسێکی نزیک بێت.

(وچانێکی کورت).

وا بزانم لەوەتەی من دواجار لەوێ بووم دەستاودەست نەکراوە. من ئەو کاتە نەمبینی کێ چوو بۆ ئەوێ. مەبەستم ئەوەیە کێ یەکەم جار لەوێ گیرسایەوە.





(وچانێکی کورت).

بەهەرحاڵ وا بزانم ئێستا ئەوێیان جێ هێشتووە.

(وچانێکی کورت).

بەڵام وا بزانم ئێستا یەکێکی تر چووەتە ئەوێ. من حەزم نەدەکرد لەو ژێرزەمینە بژیم. قەت دیوارەکانیت بینیبوو؟ رزیون. ئێرە رێک بۆ من باشە. دەی، بێرت، پارچە نانێکی تریش بخۆ.

(دەچێتە لای مێزەکە و لەتێ لە نانەکە دەکاتەوە)

هەتا دێیتەوە هەندێ کاکاو ئامادە دەکەم.

(دەچێتە لای پەنجەرەکە و پەردەکان رێک دەخا)

نەخێر. ئەم ژووره زۆر باشە بۆ من. مەبەستم ئەوەیە، بۆ نموونە، کە دونیا ساردە، تۆ دەزانی لە کوێی؟

(دەچێتە لای مێزەکە)

رات چییە بە لەتە گۆشتێکی تر؟ باش بوو؟ دەزانم باش بوو، بەڵام وەکو ئەوە باش نەبوو، کە من بۆم هەڵبژاردی. هۆیەکە ئاووهەوایە.

(دەچێتە لای کورسییە هەژۆکەکە و دادەنیشێ)

بەهەرحاڵ من نەچوومەتە دەرەوە. تەندروستیم زۆر باش نەبوو. تاقەتم نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ زۆر باشترم، هەرچەندە من هیچ لە بارەی تۆوە نازانم. نازانم تۆ نیازت هەیە بچیتە دەرەوە یان نا. مەبەستم ئەوەیە نابێ یەکسەر دوای ئەوەی کەوتیتە ناوجێگا بچیتە دەرەوە. لەگەڵ ئەمەش، بێرت، خۆت نیگەران مەکە. بڕۆ، زۆرت پێ نەچێ. باشە تۆ لێرە، لە سەرەوە بووی. دەزانم. باش

بوو لە خوارەوە، لە ژێرزەمینەکە نەبوویت. بەگاڵتە وا ناڵێم. ئۆه، چایەکەم بەجێ هێشت. راوەستاوم و چاکەشم جێ هێشتووە.

(دەچێتە لای مێزەکە و چای لە کووپەکە دەکا)

نا، خراپ نییە. چایەکی سووک و خۆشە. چایەکی روون و بەتامە. فەرموو، بیخۆرەوە. من چاوەڕوان دەکەم، ئاخر دەمەوێ نەختێک قورستر بێ.

(قاپێک دەباتە لای سینکەکە و لەوێ بەجێی دێڵێ)

تا ئێستا ئەو دیوارانە تۆی کوشتبوو. نازانم ئەوانەی لە خوارەوە دەژین، کێن. هەر کەسێ بن، خۆیان دەدەنە بەر مەترسییەوە. دەشێ بیانی بن.

(دەچێتە لای کورسییە هەژۆکەکە و دادەنیشێ)

من تۆم رزگار کرد.

(وچانێکی کورت)

هەر چۆن بێ، لە خوارەوە جێگەی دوو کەس نابێتەوە. وا بزانم یەکەم جار یەک کەس لەوێ بوو. پێش ئەوەی ئەو ئەوێ بەجێ بێڵێ. دوور نییە ئێستا دوو کەسیان هێنابێتە ئەوێ.

(خۆی رادەژەنێ)

خەریکە تاریک دادێ.

(هەڵدەستێتەوە سەر پێ)

زۆرم لێناوە. بۆ خۆت هەر بیخۆرەوە.

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)



ئەمڕۆ سەیری دەرەوەت کرد؟ رێگەو بانەکان بوونەتە بەستەڵەک. ئێ، دەزانم تۆ دەزانی لێ بخوڕیت. من ناڵێم تۆ نازانی ترومبێل لێ بخوڕیت. ئەم بەیانییە بە مستەر کیدم گوت، کە تۆ ئەمڕۆ سەردانێکی خێرا دەکەیت. پێم گوت تۆ هێشتا ئەوەندە گەورە نەبوویتە. بەڵام پێشم گوت ئەو تا ئێستا لێخوڕێکی زۆر باشە. هیچم لا گرنگ نەبوو، کەی، لە کوێ، هیچ شتێ، بێرت. تۆ خۆت دەزانی چۆن لێدەخوڕیت. وام پێ گوت.

(بلووزە بە قۆپچەکەی لە خۆی دەپێچێ)

بەڵام ساردە. ئەمڕۆ بەڕاستی ساردە. سەرمایە. هەتا دێیتەوە کاکاوێکی خۆشت بۆ ئامادە دەکەم.

(هەڵدەستێتەوە سەر پێیان. دەچێتە لای پەنجەرەکە و سەیرێکی دەرەوە دەکا)

کشوماتە. کە تاریک داهات بگەڕێوە. کەسێ لەم ناوە ناسووڕێتەوە.

(بەپێوە وەستاوە و سەیر دەکا)

کەمێ بوەستە.

(وچانێکی کورت)

نازانم ئەمە  کێیە؟

(وچانێکی کورت)

نا، وام زانی یەکێکم بینی.

(وچانێکی کورت)

نەخێر.

(پەردەکان دادەداتەوە)

دەزانی چی؟ ئێستا کەمێ باشترە. "با"کەی خستووە. باشتر وایە بلووزە ئەستوورەکەت بکەیتە بەر.

(دەچێتە لای کورسییە هەژۆکەکە و دادەنیشێ و خۆی رادەژەنێ)

ئەمە ژوورێکی چاکە. تۆ بەختت هەیە ئەم شوێنەت چنگ کەوت. من بەدوای تۆ دەگەڕێم، وا نییە بێرت؟ ئەو کاتەی لێرە ژێرزەمینەکەیان بەئێمە دا. من دەستبەجێ گوتم نا. من زانیم باش نابێ. ساپیتەکەی ئەوەندە نزمە، هەر ئەوەتە سەرت پێی ناکەوێ. نەخێر، لێرە پەنجەرەیەکت هەیە. دەتوانی بجووڵێیتەوە. دەتوانی شەوان بێیتەوە. ئەگەر پێویست بوو بچیتە دەرەوە، کاری خۆت بکەیت و بێیتەوە ماڵ. تۆ هەموو شتێکت تەواوە. منیش لێرەم. بەختت یارە.

(وچانێکی کورت)

نازانم ئێستا کێ چووەتە ئەوێ؟ تا ئێستا نەمبینیون. هیچیشم دەربارەیان نەبیستووە. بێرت، ئەو پارچە گۆشتە بەتام بوو. کووپە چایەکیش دەخۆمەوە. من پێم خۆشە خەست بێ. تۆ حەز دەکەی روون بێت.

(لە دەرگە دەدرێ. هەڵدەستێتە سەرپێیان)

کێیە؟

(وچانێکی کورت)

کێیە لەوێ؟

(دیسان لە دەرگەکە دەدرێ)



ئێ، دەوەرە ژوورەوە.

(لە دەرگەکە دەدرێتەوە)

کێیە؟

(وچانێک. دەرگەکە دەکرێتەوە و مستەر کید دێتە ژوورەوە)

**مستەر کید:**

لە دەرگەم دا.

**رۆز:**

گوێم لێ بوو.

**مستەر کید:**

بەڕاست!

**رۆز:**

گوێمان لە تۆ بوو.

**مستەر کید:**

ئەم کاتەت باش، مستەر هود، چۆنی؟ باشی؟ سەیری بۆڕییەکانم کرد.

**رۆز:**

باش بوون؟

**مستەر کید:**

ها؟

**رۆز:**

دانیشە، مستەر کید

**مستەر کید:**

نا، ئاوا باشە. من هەر سەرێکم دا تا بزانم کاروبارەکان چۆن بەڕێوە دەچن. ئەها، ئێرە گەرم و خۆشە، وا نییە؟

**ڕۆز:**

ئۆه، سوپاست دەکەم مستەر کید.

**مستەر کید:**

مستەر هود، ئەمڕۆ دەچیتە دەرەوە؟ من چوومە دەرەوە. دیسان یەکسەر هاتمەوە. هەڵبەت هەر هەتا سووچەکە چووم.

**ڕۆز:**

ئەمڕۆ خەڵک لە دەرەوە زۆر نەبوون، مستەر کید.

**مستەر کید:**

ئاخر بۆیە منیش بیرم کردەوە، باشتر وایە سەیرێکی ئەو بۆرییانە بکەم. هەر سەبارەت بەمەش بوو هەتا سووچەکە چووم. لە هەندێ شت دەگەڕام. دەڵێی خەریکە بەفر دەبارێ. من وای دەبینم.

**ڕۆز:**

بۆ دانانیشیت، مستەر کید؟

**مستەر کید:**

نا نا وا باشە.

**ڕۆز:**

ئاخر جوان نییە بەم کەشوهەوایە بچیتە دەرەوە، مستەر کید. کەس هەیە یارمەتیت بدا؟



**مستەر کید:**

چی؟

**ڕۆز:**

وام زانی ژنێک هەیە یارمەتیت دەدا.

**مستەر کید:**

نەخێر، هیچ ژنێک نییە.

**ڕۆز:**

کە یەکەم جار هاتیتە ئێرە، وام زانی ژنێک هەیە یارمەتیت دەدا.

**مستەر کید:**

هیچ ژنێک لێرە نییە.

**ڕۆز:**

ڕەنگە من بیرم لە یەکێکی تر کردبێتەوە.

**مستەر کید:**

لە نزیک سووچەکە زۆر ژن هەن، بەڵام لێرە نا. نەخێر. ئەرێ من ئەمەم پێشتر دیوە؟

**ڕۆز:**

چی؟

**مستەر کید:**

ئەمە.

**ڕۆز:**

نازانم، دیوتە؟

**مستەر كيد:**

دەڵێی هەندێ شتم بیر دێتەوە.

**رۆز:**

ئەم کورسییە هەژۆکە کۆنە.

**مستەر كيد:**

کە هاتیت لێرە بوو؟

**رۆز:**

نەخێر، خۆم هێنام.

**مستەر كيد:**

دەتوانم سوێند بخۆم، کە لە پێشتر دیومە

**رۆز:**

لەوانەیە.

**مستەر كيد:**

چی؟

**رۆز:**

دەڵێم لەوانەیە بینیبێتت.

**مستەر كيد:**

بەڵێ، لەوانەیە بینیبێتم

**رۆز:**

مستەر کید، فەرموو دانیشە.

**مستەر كيد:**

من نامەوێ چیتر سوێند لەسەر ئەوە بخۆم.



(بێرت باوێشک دەدا. باڵی لێ ڕادەکێشێ و هەر سەیری گۆڤارەکە دەکا).

نا، نامەوێ دانیشم و "مستەر هود"یش وا خەریکە دوای چا خواردنەوە پشوێ بدا. من دەبێ بچم خێرا هی خۆم گڕ دەم. کەواتە نیازت وایە بچیتە دەرەوە مستەر هود. من ئێستا سەیری ترومبێلەکەی تۆم دەکرد. ترومبێلێکی بچووکی زۆر جوانە. بینیم لەبەر ساردیی باشت داپۆشیوە. گلەییت لێ ناکەم. بەڵێ من دەمبیست تۆ دەڕۆیت. کەی بوو، لەمێژ نییە. بەڵێ، ڕێکوپێکە. دیارە گێڕی باش دەگۆڕێ.

**رۆز:**

وام زانی ژووری خەوتنەکەت لە پشتەوەیە، مستەر کید.

**مستەر كيد:**

ژووری خەوتنی من؟

**رۆز:**

ئەی هەر لە پشتەوە نەبوو؟ من هەروام زانیوە.

**مستەر كيد:**

من لە ژووری خەوتنم نەبووم.

**رۆز:**

ئەها، ئێ ئێ.

**مستەر كيد:**

لە خەو هەڵسابووم.

**ڕۆز:**

من لەم کەشوهەوایە زوو لە خەو هەڵناسم. بەکەیفی خۆمە. پەلە ناکەم.

(وچانێکی کورت)

**مستەر کید:**

ئێرە ژووری خەوتنەکەی من بوو.

**ڕۆز:**

ئێرە؟ کەی؟

**مستەر کید:**

کە لێرە دەژیام.

**ڕۆز:**

من ئەمەم نەدەزانی.

**مستەر کید:**

من چەند چرکەیەک دادەنیشم.

(لەسەر کورسییە دەسکدارەکە دادەنیشێ)

**ڕۆز:**

باشە، من هەرگیز ئەمەم نەزانیوە.

**مستەر کید:**

کە هاتیتە ئێرە ئەم کورسییە لێرە بوو؟

**ڕۆز:**

بەڵێ.



**مستەر کید:**

من ئەمەم بیر نایەت.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

ئەی کەواتە کەی بوو؟

**مستەر کید:**

چی؟

**ڕۆز:**

چ کاتێ ئەمە ژووری خەوتنی تۆ بوو؟

**مستەر کید:**

ماوەیەکی باش بەر لە ئێستا بوو.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

من بە" بێرت"م دەگوت، کە بە تۆم گوتووە ئەو چۆن لێ دەخوڕێ.

**مستەر کید:**

مستەر هود؟ ئەها، مستەر هود باش دەزانێ لێ بخوڕێ. من دیومە لە ڕێگەکە بەباشی لێ دەخوڕێ. ئا، بەڵێ.

**ڕۆز:**

باشە مستەر کید، پێویستە بڵێم، کە ئەمە ژوورێکی خۆشە. زۆر ئاسوودەبەخشە.

**مستەر کید:**

باشترین ژووری خانووەکەیە.

**رۆز:**

خوارەوە نەختێ هەر تەڕ دەبێ.

**مستەر كيد:**

بەڵام وەكو سەرەوە خراپ نییە.

**رۆز:**

ئەی خوارەوە چۆنە؟

**مستەر كيد:**

چی؟

**رۆز:**

خوارەوە چۆنە؟

**مستەر كيد:**

چییەتی؟

**رۆز:**

نەختێک تەڕ دەبێ.

**مستەر كيد:**

نەختێک، سەرەڕای ئەمەش وەکو سەرەوە خراپ نییە.

**رۆز:**

ئەمە بۆ وایە؟

**مستەر كيد:**

ئاوی باران دێتە ژوورەوە.

(وچانێکی کورت)



**رۆز:**

کەس لە سەرەوە دەژی؟

**مستەر كيد:**

لەوێ لە سەرەوە؟ پێشان، ئێستا نەماون.

**رۆز:**

ئەم خانووە چەند نهۆمی هەیە؟

**مستەر كيد:**

نهۆمەکان. (پێ دەکەنێ) جاران زۆر بوون.

**رۆز:**

ئەی ئێستا چەند نهۆمن؟

**مستەر كيد:**

سەیرکە. راستیت پێ بڵێم. ئێستا نایانژمێرم.

**رۆز:**

ئێ ئێ.

**مستەر كيد:**

نا، ئێستا نا.

**رۆز:**

ئەمەش کارێکی نەختێک گرانە.

**مستەر كيد:**

ئۆه، جاران راهاتبووم دەمژماردن. هیچ پێیەوە ماندوو نەدەبووم. من راهاتبووم هەموو شتێ لەم خانووە نوێ بکەمەوە. بۆیە زۆر شت هەبوو لەم خانووە دەبوایە ئاگەداریان بم. توانای

ئەوەشم هەبوو. ئەمە ئەو کاتە بوو، کە هێشتا خوشکم مابوو. بەڵام دوای ئەوەی خوشکم مرد، زۆر ئاگام لێ نەما. خوشکم ماوەیەکە مردووە. ئەو کاتە خانوویەکی خۆش بوو. ئەویش ژنێکی بە کردوکۆش بوو. بەڵێ ژنێکی زۆر بەتوانا بوو. ئاگای لە دایکیشم بوو. بەڵێ، ئەوەندەی من بیرم بێتەوە ئاگەداری پیرە دایکەکەشمی دەکرد. دایکم ژنێکی جوولەکە بوو. بەڵێ، بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کاتێ زانیم دایکم جوولەکەیە. مناڵی زۆر نەبوو.

**ڕۆز:**

ئەی خوشکەکەت، مستەر کید؟

**مستەر کید:**

چییەتی؟

**ڕۆز:**

ئەو مناڵی هەبوو؟

**مستەر کید:**

بەڵێ، یەکێکی هەبوو. هەر بەدایکم دەچوو، بەڵام باڵای بەرزتر بوو.

**ڕۆز:**

باشە، ئەی خوشکت کەی مرد.

**مستەر کید:**

ئا، ڕاستە. ئەوە دوای مردنی ئەو بوو، کە من دەبووایە چی تر نەمژاردنایە. ئەو خۆی وابوو. هەموو شتێکی بەرێکوپێکی



دەپاراست. منیش یارمەتیم دەدا. هەتا دوا هەناسەش هەر مەمنوونم بوو. هەموو جارێ پێی دەگوتم، کە ئەو چەندە ئەو – یارمەتییە کەمەی – من پێشکێشی دەکەم بە بەرز دەنرخێنێ. پاشان هەر خۆی سەروبەری دەکرد. من بەتەمەن لەو گەورەتر بووم. بەڵێ گەورەتر بووم. ئەو ژوورێکی تایبەتی قەشەنگی هەبوو.

**ڕۆز:**

بەچی مرد؟

**مستەر کید:**

کێ؟

**ڕۆز:**

خوشکت.

(وچانێکی کورت)

**مستەر کید:**

من پارەم بۆ گوزەرانی خۆم پەیدا کردووە.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

هەموو ژوورەکان پڕن، مستەر کید؟

**مستەر کید:**

لەسەریان دەڕژێ.

**ڕۆز:**

وا بزانم هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە؟

**مستەر کید:**

ئا، بەڵێ. من پارە بۆ گوزەران پەیدا دەکەم.

**رۆز:**

ئێمەش وا دەکەین، وا نییە بێرت؟

(وچانێکی کورت)

کەواتە ئێستا ژووری خەوتنەکەت لە کوێیە، مستەر کید؟

**مستەر کید:**

هی من؟ من دەتوانم بەئارەزووی خۆم هەڵبژێرم (هەڵدەستێتەوە سەرپێیان) کەواتە هەروا زوو دەچیتە دەرەوە، مستەر هود؟ باشە، کە بە ڕێگەدا دەڕۆیت، ئاگەداری خۆت بە. ئەم ڕێگاوبانانە گاڵتە نین. بەڵام خۆ تۆ دەزانی چۆن ترومبێلەکەت بەرێکوپێکی بەکار دێنی، وانییە؟ دوور دەڕۆی؟ زۆرت پێ دەچێ؟

**رۆز:**

زۆرت پێ دەچێ؟

**مستەر کید:**

نا، هەڵبەت نا. نابێ زۆری پێ بچێ.

**رۆز:**

نا.

**مستەر کید:**

کەواتە من بۆی دەردەچم. بەهیوای گەشتێکی خۆش، مستەر هود. وریا بە، کە بە ڕێگەوە دەڕۆی. هاکا دونیاش تاریک





داهات، بەڵام ماوەیەکی زۆر ناخەیەنێ. جارێ ماڵئاوا.

(دەچێتە دەرەوە)

**رۆز:**

من هەر باوەر ناکەم خوشکی هەبووبێ.

(قاپ و کووپەکە هەڵدەگرێ و دەیانباتە سەر سینکەکە. بێرت بەدەست قژی بۆ دواوە دەبا و هەڵدەستێتەوە سەر پێیان)

زۆر باشە. کوا، کەمێ بوەستە. کوا بلووزەکەت؟

(بلووزەکەی لەسەر قەریۆڵەکە بۆ دێنێ)

هانێ بیگرە، پاڵتۆکەت داکەنە و بلووزەکەت لە بەر بکە.

(لە بلووز لەبەرکردنەکەدا یارمەتی دەدا)

باشە، ئەی کوا ملپێچەکەت؟

(ملپێچەکەی لەسەر قەریۆڵەکە بۆ دێنێ)

فەرموو لە ملت بپێچەوە. ئاوەها. زۆر بەخێرایی مەڕۆ، بێرت، باشە؟ هەتا دێیتەوە هەندێ کاکاوت بۆ ئامادە دەکەم. نابێ زۆرت پێ بچێ. بوەستە! کوا پاڵتۆکەت؟ باشترە پاڵتۆکەت لەبەر بکەیت.

(بێرت ملپێچەکەی توند دەکا. بەرەو دەرگەکە دەچێ و دەڕواتە دەرەوە. رۆز هەڵدەستێتە سەرپێیان. سەیری دەرگەکە دەکا. پاشان لەسەرەخۆ رووی بۆ لای مێزەکە وەردەگێڕێ. گۆڤارەکە هەڵدەگرێ و دای دەنێتەوە شوێنی خۆی. دەوەستێ و گوێ رادەگرێ. دەچێتە لای ئاگرەکە. دەچەمێتەوە. ئاگرەکە دادەگیرسێنێ و دەستەکانی گەرم دەکاتەوە. خۆی قیت

دەکاتەوە و سەیری ئەملا و ئەولای ژوورەکە دەکا. پاشان یەکڕاست تەماشای پەنجەرەکە دەکا و گوێ رادەگرێ. بەخێرایی دەچێتە لای پەنجەرەکە. دەوەستێ و پەردەکان راست دەکاتەوە. دێتە ناوەڕاستی ژوورەکە و سەیری لای دەرگەکە دەکا. دەچێتە لای قەریۆڵەکە. دەسماڵەکەی دەکاتە سەر شان و دەچێتە لای سینکەکە. زبڵدانەکەی ژێر سینکەکە دەردێنێ. دەچێتە لای دەرگەکە و دەیکاتەوە.)

ئۆه!

(هەست دەکا مستەر ساندز و خاتوو ساندز لە تەختاییی سەر پێبلیکانەکانن)

**خاتوو ساندز:**

زۆر داوای لێبووردن دەکەین. نەمانویست لێرە بوەستین. مەبەستمان نەبوو بتانترسێنین. هەر ئێستا لە پێبلیکانەکان سەرکەوتین.

**رۆز:**

باشە، قەیناکا.

**خاتوو ساندز:**

ئەوە مستەر ساندزە. منیش خێزانی ئەوم.

**رۆز:**

خۆشحاڵم بەناسینتان.

(مستەر ساندز بەمرخە مرخەوە وەڵام دەداتەوە)



ئێمە تازە لە پێبلیکانەوە سەردەکەوتین. بەڵام تۆ لەم شوێنە هیچ شتێ نابینی. وانییە "توودی"؟

**مستەر ساندز:**

نا هیچ شتێ.

**رۆز:**

لە چی دەگەڕان؟

**خاتوو ساندز:**

ئەو پیاوەی خانووەکە بەڕێوە دەبا.

**مستەر ساندز:**

خاوەنی خانووەکە. دەمانەوێ خاوەنی خانووەکە بدۆزینەوە.

**خاتوو ساندز:**

ناوی چییە توودی؟

**رۆز:**

ناوی مستەر "کید"ە.

**خاتوو ساندز:**

کید؟ ئەمە چ ناوێکە توودی؟

**مستەر ساندز:**

کید؟ نا، ئەوە نییە.

**رۆز:**

مستەر کید. ناوی مستەر "کید"ە.

**خاتوو ساندز:**

با وابێ. ئەوە ئەو پیاوە نییە، کە ئێمە بەدوایا دەگەڕێین.

**رۆز:**

کەواتە هەبێ و نەبێ بەدوای یەکێکی تر دەگەڕێن.

(وچانێکی کورت)

**خاتوو ساندز:**

وا بزانم هەر وایە

**رۆز:**

دەڵێی سەرماتە؟

**خاتوو ساندز:**

دەرەوە مردنێکە بۆ خۆی. چوویتە دەرەوە؟

**رۆز:**

نەخێر

**خاتوو ساندز:**

ئێمە لەمێژ نییە هاتووینەتە ژوورەوە.

**رۆز:**

دە باشە، ئەگەر پێتان خۆشە وەرنە ژوورەوە، خۆتان گەرم بکەنەوە.

(دێنە ناوەڕاستی ژوورەکە)

(رۆز کورسییەک لە لای مێزەکە دەباتە لای ئاگرەکە)

فەرموو لێرە دانیشە. دەتوانن لێرە خۆتان باش گەرم بکەنەوە.

**خاتوو ساندز:**

سوپاس.

(دادەنیشێ)



**رۆز:**

خۆت لە ئاگرەکە نزیک کەرەوە، مستەر ساندز.

**مستەر ساندز:**

نا، زۆر باشە. من هەر دەمەوێ قاچەکانم درێژ بکەم و بەس.

**خاتوو ساندز:**

بۆ تۆ هێشتا دانەنیشتوویت؟

**مستەر ساندز:**

جا چی تێدایە؟

**خاتوو ساندز:**

باشە، بۆ دانانیشیت؟

**مستەر ساندز:**

بۆ دابنیشم؟

**خاتوو ساندز:**

ئاخر سەرماتە.

**مستەر ساندز:**

نا، نەخێر

**خاتوو ساندز:**

با، سەرماتە. کورسییەک بێنە و دانیشە.

**مستەر ساندز:**

سوپاس، ئاوا لەسەر پێیان دەوەستم، زۆر باشە.

**خاتوو ساندز:**

ئاخر ئاوا بەپێوە ناخۆشە.

**مستەر ساندز:**

من ئاوام پێخۆشە، کلاریسا.

**رۆز:**

کلاریسا؟ ناوێکی چەندە خۆشە.

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ خۆشە، وانییە؟ دایک و باوکم ئەو ناوەیان لێناوم.

(وچانێکی کورت)

دەزانی، ئەمە ئەو ژوورەیە، کە دەتوانی تێیدا دابنیشیت و هەست بە ئاسوودەیی بکەیت.

**مستەر ساندز:**

(سەیری ژوورەکە دەکا) قەبارەکەیشی مام ناوەندییە.

**خاتوو ساندز:**

بۆ دانانیشیت، خاتوو...

**رۆز:**

هود. نا، سوپاس

**مستەر ساندز:**

چیت گوت؟

**رۆز:**

کەی؟

**مستەر ساندز:**

گوتت ناوەکە چی بوو؟



**رۆز:**

هود

**مستەر ساندز:**

ئێ، خۆیەتی. کەواتە تۆ ژنی ئەو کابرایەی، کە ناوت هێنا؟

**خاتوو ساندز:**

نا، وا نییە. ئەو مستەر کید بوو.

**مستەر ساندز:**

بەڕاست؟ هەر وام زانی ناوی "هود"ە.

**خاتوو ساندز:**

نا. ناوی کید بوو. وانییە، خاتوو هود؟

**رۆز:**

بەڵێ وایە. خاوەنی خانووەکەیە.

**خاتوو ساندز:**

نا، خاوەنی خانووەکە نا، پیاوەکەی تر.

**رۆز:**

ئاخر ناوەکەی وایە. ئەو خاوەنی خانووەکەیە.

**خاتوو ساندز:**

کێ؟

**رۆز:**

مستەر کید

(وچانێکی کورت)

**مستەر ساندز:**

بەڕاست؟

**خاتوو ساندز:**

دەشێ خانووەکە دوو خاوەنی هەبێ.

**مستەر ساندز:**

شتی وا مەحاڵە.

**خاتوو ساندز:**

گوتت چی؟

**مستەر ساندز:**

گوتم شتی وا مەحاڵە.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

دەرەوە چۆنە؟

**خاتوو ساندز:**

دەرەوە زۆر تاریکە.

**مستەر ساندز:**

بەڵام لە ژوورەوە تاریکتر نییە

**خاتوو ساندز:**

راست دەکا

**مستەر ساندز:**

ژوورەوە تاریکترە لە دەرەوە. ئەوە هەر قسەی پێناوێ.



**خاتوو ساندز:**

ئەم شوێنە زۆر رووناک نییە، وانییە خاتوو هود؟ دەزانی ئەم تۆزە رووناکییە، یەکەم رووناکییە، کە بیبینین لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە؟

**مستەر ساندز:**

یەکەمین درزە.

**رۆز:**

من هەرگیز بەشەو ناچمە دەرەوە. لە ژوورەوە دەمێنینەوە.

**خاتوو ساندز:**

ئێستا وا بیرم کەوتەوە، ئەستێرەیەکم بینی.

**مستەر ساندز:**

چیت بینی؟

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ پێم وایە بینیم.

**مستەر ساندز:**

پێت وایە چیت بینی؟

**خاتوو ساندز:**

ئەستێرەیەک

**مستەر ساندز:**

لە کوێ؟

**خاتوو ساندز:**

لە ئاسمان.

**مستەر ساندز:**

کەی؟

**خاتوو ساندز:**

کە دەهاتینە ئێرە.

**مستەر ساندز:**

بڕۆ ماڵەوە.

**خاتوو ساندز:**

مەبەستت چییە؟

**مستەر ساندز:**

تۆ ئەستێرەت نەبینی.

**خاتوو ساندز:**

بۆ؟

**مستەر ساندز:**

چونکە من پێت دەڵێم. من پێت دەڵێم تۆ ئەستێرەت نەبینی.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

هیوادارم دەرەوە زۆر تاریک نەبێ. هیوادارم بەستەڵەک نەبێ. مێردەکەم لە ناو ترومبێلەکەیەتی. لەسەرەخۆ لێ ناخوڕێ. هەرگیز لەسەرەخۆ لێ ناخوڕێ.

**خاتوو ساندز:**

(بە دەنگێکی بەرز پێ دەکەنێ) کەواتە خۆی دەداتە بەر مەترسییەکی گەورە.



**رۆز:**

چی؟

**مستەر ساندز:**

نەخێر، مەبەستم ئەوەیە، کە لێخوڕین بەشەو کارێکی بەرەواژییە.

**رۆز:**

لێخوڕێکی زۆر باشە.

(وچانێکی کورت)

ئێوە لە کەیەوە لێرەن؟

**خاتوو ساندز:**

نازانم. ئێمە لەکەیەوە لێرەین، توودی؟

**مستەر ساندز:**

نزیکەی نیو سەعات دەبێ.

**خاتوو ساندز:**

لە نیو سەعات زیاترە. زۆر زیاترە.

**مستەر ساندز:**

نزیکەی سێ و پێنج دەقیقەیە.

**رۆز:**

دە باشە، وا بزانم مستەر کید هەر لەم دەوروبەرە دەدۆزیتەوە. لەمێژ نییە چووە چا لێ بنێ.

**مستەر ساندز:**

ئەو لێرە دەژی، وانییە؟

**ڕۆز:**

هەڵبەت لێرە دەژی.

**مستەر ساندز:**

تۆش گوتت ئەو خاوەنی خانووەکەیە، وایە؟

**ڕۆز:**

هەڵبەت خۆیەتی.

**مستەر ساندز:**

باشە با بڵێین من ویستم بیبینم. لە کوێ دەکرێ بیدۆزمەوە؟

**ڕۆز:**

بڵێم چی، لەمە دڵنیا نیم.

**مستەر ساندز:**

ئەو لێرە دەژی، وانییە؟

**ڕۆز:**

بەڵێ، بەڵام نازانم...

**مستەر ساندز:**

تۆ نازانی ئێستا ئەو ڕێک لە چ شوێنێکە.

**ڕۆز:**

نەخێر. بەوردی نازانم

**مستەر ساندز:**

بەڵام خۆ لێرە دەژی، وانییە؟

(وچانێکی کورت)



**خاتوو ساندز:**

ئەم خانووە زۆر گەورەیە توودی.

**مستەر ساندز:**

بەڵێ دەزانم زۆر گەورەیە، بەڵام وا دیارە خاتوو هود زۆر باش مستەر کید دەناسێ.

**ڕۆز:**

نەخێر، من قسەی وام نەکردووە. لە ڕاستیدا من هەر نایناسم. ئێمە ئاسوودە و بێدەنگین. بۆ خۆمان دەژین و چیمان بەسەر خەڵکەوە نییە. هەرگیز دەست لە کاری کەس وەرنادەین. مەبەستم ئەوەیە بۆ وا بکەین؟ ژووری خۆمانمان دەستکەوت. هیچ کەسێ بێزار ناکەین. ئیش دەبێ وابێ.

**خاتوو ساندز:**

خانوویەکی خۆشە، وانییە؟ فراوانە.

**ڕۆز:**

من زۆر دەربارەی خانووەکە نازانم. ئێمە باشین، بەڵام پێم خۆشە گرەو لەسەر ئەوە بکەم، کە ئەم خانووە کەموکووڕی زۆری هەیە.

(لەسەر کورسییە هەژۆکەکە دادەنیشێ)

وا بزانم زۆر شێدارە.

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ. من کە ئێستا لە ژێرزەمینەکە بووم، هەستم کرد کەمێ شێدارە.

**ڕۆز:**

تۆ لە ژێرزەمینەکە بووی؟

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ. کە هاتینە ژوورەوە، یەکەم جار بۆ خوارەوە چووین.

**ڕۆز:**

خوارەوە چۆن بوو؟

**مستەر ساندز:**

هیچ شتێکمان نەبینی.

**ڕۆز:**

بۆ؟

**مستەر ساندز:**

هیچ ڕووناکییەکی تێدا نەبوو.

**ڕۆز:**

بەڵام ئەی چۆن... گوتت شێدار بوو؟

**خاتوو ساندز:**

من کەمێ هەستم پێ کرد. ئەی تۆ توودی؟

**مستەر ساندز:**

بۆ، تا ئێستا هیچ نەچوویتە خوارەوە، خاتوو هود؟

**ڕۆز:**

ها؟ با، یەک جار. ئەویش ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا.

**مستەر ساندز:**

ئێ، کەواتە دەزانی چۆن بوو، وانییە؟



**ڕۆز:**

ئاخر ئەمە زۆر لەمێژە.

**مستەر ساندز:**

تۆ ئەو ماوە دوورودرێژە نەهاتوویتە ئێرە، وانییە؟

**ڕۆز:**

بەڕاستی بڕوام نەدەکرد، کە ئێستا کەسێ هەبێ لەوێ لەم خوارەوە بژی.

**خاتوو ساندز:**

با پیاوێک.

**ڕۆز:**

پیاوێک.

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ.

**ڕۆز:**

یەک پیاو

**مستەر ساندز:**

بەڵێ، پیاوێک لەوێ، لە خوارەوە بوو. تەواو.

(پاڵ بەمێزەکە دەدا)

**خاتوو ساندز:**

تۆ دانیشتوویت!

**مستەر ساندز:**

(لەخۆی هەڵدەدا) کێیە؟

**خاتوو ساندز:**

تۆ بووی.

**مستەر ساندز:**

گەوج مەبە. من پاڵم بە مێزەکە دا.

**خاتوو ساندز:**

من تۆم بینی دادەنیشتی.

**مستەر ساندز:**

تۆ منت نەبینی دابنیشم، چونکە من بەتەواوی دانەنیشتم. من پاڵم بەمێزەکەوە دابوو.

**خاتوو ساندز:**

پێت وایە، کە یەکێک دادەنیشێ، من ناتوانم بیبینم؟

**مستەر ساندز:**

بینین! هەر ئەوەیە، کە تۆ دەیکەیت. بینین.

**خاتوو ساندز:**

دەتوانی نەختێک لەمە زیاتریش بکەیت لەجیاتی ئەو هەموو شتە پڕوپووچانەی دەیکەیت.

**مستەر ساندز:**

تۆ هەندێ لەم شتە پڕوپووچانەت بەدڵ نییە!

**خاتوو ساندز:**

تۆ هەر لە مامت دەچیت. مامت ئەو کەسەیە، کە تۆ پێی دەچیت.



**مستەر ساندز:**

ئەی تۆ بەکێ دەچیت؟

**خاتوو ساندز:**

(هەڵدەستێتەوە) من تۆم نەهێناوەتە دونیا.

**مستەر ساندز:**

تۆ چیت نەکردووە؟

**خاتوو ساندز:**

گوتم من تۆم نەهێناوەتە دونیاوە.

**مستەر ساندز:**

باشە، ئەی کەواتە کێ بوو؟ من دەمەوێ ئەمە بزانم. بزانم کێ بوو؟ کێ بوو منی هێنایە ئەم دونیایە؟

(خاتوو ساندز دادەنیشێ. لە ژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵێ دەکا. هەڵدەستێتەوە. بۆڵەبۆڵ دەکا)

**رۆز:**

تۆ دەڵێی پیاوێکت لە خوارەوە بینی، لە ژێر زەمینەکە، وانییە؟

**خاتوو ساندز:**

بەڵێ خاتوو هود. سەیرکە، مەسەلەکە ئاوایە خاتوو هود، ئێمە کە بیستمان ئەوان ژوورێکیان هەیە بۆ کرێ، یەکسەر بیرمان کردەوە بێین بۆ ئێرە و سەیرێکی بکەین. لەبەرئەوەی ئێمە لە شوێنێک دەگەڕێین. شوێنێکی هێمن. دەشمانزانی ئەم گەڕەکە هێمن و کشوماتە. ئێمە چەند مانگێک بەر لە ئێستا بەلای ئەم خانووە تێپەڕین و پێمان وابوو خانووێکی خۆشە. بەڵام

بڕیارمان دا ئێوارەیەک سەردانێکی بکەین و خاوەنەکەی ببینین. بۆیە ئەم ئێوارەیە هاتووین. بەڵام هەرکە گەیشتینە ئێرە، بەبەر دەرگەکە تێپەڕین. هۆڵەکە تاریک بوو. کەسیشمان لەم ناوە نەبینی. بۆیە چووین بۆ ژێرزەمینەکە. ڕاستی، ئێمە بۆ خوارەوە چووین، چونکە "توودی" بینایی زۆر بەهێزە و بەینی خۆمان بێ من لە دەرەوە شێوەکەیم زۆر بەدڵ نەبوو. مەبەستم ئەوەیە سەرنجی نەپێکام. نەمانتوانی باش ببینین. هەستم کرد تەڕ و شێدارە. بەهەرحاڵ تیغە دیوارێکمان بڕی و پاشان گەیشتینە دیوارێکی ناوبڕەی تر. نەمانزانی بەرەو کوێ دەچین. با ئەوەشت پێ بڵێم، هەرچەند زیاتر بۆ پێشەوە دەڕۆیشتین، تاریکتر دەبوو. کە زیاتر چووینە ژوورەوە هاتمە سەر ئەو ڕایەی، کە بەهەڵە هاتووینەتە ناو ئەم خانووە. بۆیە وەستام. "توودی"یش وەستا. پاشان ئەم دەنگە گوتی. ئەم دەنگە بوو – گوتی – با پێت بڵێم نەختێک ترسام. نازانم چۆن بوو، توودی. بەڵام یەکێک پێی گوتین، کە ئامادەیە هەر شتێکمان بوێ بۆمان بکا. بۆیە پێمان گوت، کە بەدوای خاوەن خانووەکە دەگەڕێین. ئەم پیاوەش پێی گوتین، کە خاوەن خانووەکە لە نهۆمی سەرەوەیە. پاشان "توودی" پرسی، ئاخۆ ژوورێکی بەتاڵ هەیە. ئینجا ئەو پیاوە، هەر ئەو دەنگە خۆی، وا بزانم لە پشت ناوبڕەکە بوو، گوتی: بەڵێ ژوورێکی بەتاڵ هەیە. وای بۆ چووم، کە پیاوێکی بەنەزاکەت و ڕەوشت بەرزە. بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانبینییەوە. نازانم بۆ گلۆپەکەیان هیچ دانەگیرساند. بەهەرحاڵ، پاشان چووینە دەرەوە و لەوێشەوە بۆ سەرەوە



هاتین. هەتا سەرووی سەرەوە نەوەستاین. نازانم ئەوێ سەرووی سەرەوە بوو یان نا. لەسەر پێبلیکانەکان دەرگەیەک هەبوو داخرابوو. بۆیە لەوانەیە هێشتا نهۆمێکی تر مابووبێ. بەڵام ئێمە کەسمان نەبینی. تاریکیش بوو. ئینجا ئێمە دیسان هاتینە خوارەوە و تۆش دەرگەکەت کردەوە.

**ڕۆز:**

گوتت ئێوە بۆ سەرەوە دەچوون؟

**خاتوو ساندز:**

چی؟

**ڕۆز:**

گوتت پێشتر  بۆ سەرەوە دەچووین؟

**خاتوو ساندز:**

نەخێر بۆ خوارەوە دەهاتین.

**ڕۆز:**

تۆ پێشتر وات نەگوت.

**خاتوو ساندز:**

ئێمە لە سەرەوە بووین.

**مستەر ساندز:**

ئێمە لە سەرەوە بووین. بۆ خوارەوە دەهاتین.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

ئەو پیاوە، پیاوێکی چۆن بوو؟ پیر بوو؟

**خاتوو ساندز:**

ئێمە نەمانبینی.

**رۆز:**

بەتەمەن بوو؟

(وچانێکی کورت)

**مستەر ساندز:**

ئێستا باشتر وایە ئێمە خاوەنی ئەم خانووە بدۆزینەوە ئەگەر لەم دەوروبەرە بێت.

**رۆز:**

هیچ ژوورێکی بەتاڵ لە ناو ئەم خانووە نادۆزیتەوە.

**مستەر ساندز:**

لەبەر چی؟

**رۆز:**

مستەر کید وای پێ گوتم. ئەو  پێی گوتم.

**مستەر ساندز:**

مستەر کید؟

**رۆز:**

ئەو پێی گوتم هەمووی گیراوە.

**مستەر ساندز:**

ئەو پیاوەی لە ژێرزەمینەکە بوو گوتی یەکێک هەیە. ژوورێک. ژووری ژمارە حەوت.

(وچانێکی کورت)



**رۆز:**

ئەمە ئەو ژوورەیە!

**مستەر ساندز:**

باشتر وایە بچین خاوەنی خانووەکە بدۆزینەوە.

**خاتوو ساندز:**

(هەڵدەستێتەوە) باشە سوپاس. گەرم بووینەوە، خاتوو هود. ئێستا هەست دەکەم باشترم.

**رۆز:**

ئەم ژوورە گیراوە.

**مستەر ساندز:**

دە با برۆین.

**خاتوو ساندز:**

شەوت شاد، خاتوو هود. هیوادارم مێردەکەت زۆری پێ نەچێ. ئەگەر لێرە هەر بەتەنیا بیت، هەست بەتەنیایی دەکەیت.

**مستەر ساندز:**

دەی بابرۆین.

(دەڕۆنە دەرەوە. رۆز چاوی لە دەرگەکەیە هەتا دادەخرێ. بەرەو دەرگەکە دەچێ و دەوەستێ. کورسییەکە هەڵدەگرێ و دەیباتە لای مێزەکە. گۆڤارەکە هەڵدەگرێ. سەیرێکی دەکا و دای دەنێتەوە شوێنی خۆی. دەچێتە لای کورسییە هەژۆکەکە. دادەنیشێ. خۆی رادەژەنێ. دەوەستێ و بەبێدەنگی دادەنیشێ. بەتووندی لە دەرگەکە دەدرێ. مستەر کید دێتە ژوورەوە).

**مستەر کید:**

من یەکسەر هاتمە ژوورەوە.

**رۆز:**

(هەڵدەستێتەوە سەر پێ) مستەر کید! من هەر ئێستا دەمویست بچم تۆ بدۆزمەوە. هەندێ قسەم هەیە لەگەڵ تۆ.

**مستەر کید:**

سەیرکە خاتوو هود. من دەبێ قسەت لەگەڵ بکەم. بەتایبەتیش بۆ ئەمە هاتمە سەرەوە.

**رۆز:**

هەر ئێستا دوو کەس، لێرە، لە ژوورەوە بوون. دەیانگوت ئەم ژوورە خەریکە بەتاڵ بکرێ. باسی چییان دەکرد؟

**مستەر کید:**

هەرکە گوێم لە ترومبێلەکە بوو رۆیشت، خۆم ئامادە کرد بێم بتبینم. من تاقەتم لەبەر براوە.

**رۆز:**

ئەم هەموو شتە لەبەر چی؟ ئەوانت بینی؟ چۆن ئەم ژوورە بەتاڵ دەکرێ؟ ئاخر گیراوە. ئەی تۆیان دۆزییەوە، مستەر کید؟

**مستەر کید:**

من بدۆزنەوە؟ کێ؟

**رۆز:**

پێم گوتی دوو کەس. دەیانویست خاوەن خانووەکە بدۆزنەوە.



**مستەر کید:**

من وا پێت دەڵێم، هەرکە گوێم لە دەنگی ترومبێلەکە بوو رۆیشت، کەوتمە خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی بێم بتبینم.

**رۆز:**

باشە، با بزانم ئەوانە کێ بوون؟

**مستەر کید:**

هەر بۆیەش پێشتر هاتمە سەرەوە. بەڵام ئەو(*) هێشتا نەڕۆیشتبوو. ئەوە یەک هەفتەی تەواوە چاوەڕوانی ئەو دەکەم بڕوا.

**رۆز:**

مستەر کید، ئەوان چ نیازێکیان هەبوو دەربارەی ئەم ژوورە؟

**مستەر کید:**

کامە ژوور؟

**رۆز:**

ئەم ژوورە بەتاڵە؟

**مستەر کید:**

بەتاڵ؟

**رۆز:**

بە دوای خاوەنی خانووەکە دەگەڕان.

**مستەر کید:**

کێ؟

---

(*) مەبەستی «بێرت»ە.

**رۆز:**

گوێ بگرە، مستەر کید، تۆ خاوەنی خانووەکەی، وانییە؟ هیچ کەسێکی تر نییە خاوەنی خانووەکە بێت؟

**مستەر کید:**

چی؟ ئەمە چ پێوەندییەکی بەم شتەوە هەیە؟ من نازانم تۆ باسی چی دەکەیت! هاتم پێت بڵێم و هیچی تر. هاتم پێت بڵێم. پشووی هەفتەم زۆر ناخۆش بوو. تۆ دەبێ چاوت پێی بکەوێ. من چیتر ئەمە قبووڵ ناکەم. پێویستە چاوت پێی بکەوێ.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

بە کێ؟

**مستەر کید:**

بەو پیاوە. ئەو پیاوە هەر چاوەڕوان بوو تۆ ببینێ. دەیەوێ بتبینێ. ناتوانم لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە. من گەنجێک نیم، خاتوو هود. ئەمە شتێکی روونە. شتێکی دیارە. تۆ پێویستە بیبینیت.

**رۆز:**

کێ ببینم؟

**مستەر کید:**

ئەو پیاوە. ئێستا وا لە خوارەوەیە. بەدرێژاییی پشووی هەفتە هەر لەوێ بوو. گوتی هەرکاتێ مستەر هود رۆیشتە دەرەوە، من دەبێ پێی بڵێم. لەبەر ئەمە بوو پێشتر هاتم. بەڵام ئەو هێشتا نەڕۆیشتبوو. بۆیە منیش پێم گوت. پێم گوت، ئەو هێشتا



نەڕۆیشتووە. پێم گوت باشە، کە ئەو رۆیی، گوتم تۆ دەتوانی بچیتە سەرەوە. بچیتە سەرەوە. چیت هەیە تەواوی بکە. ئەو دەڵێ نەخێر پێویستە تۆ لەم ژنە بپرسیت ئاخۆ حەز دەکا من ببینێ یان نا. بۆیە من وا جارێکی تر هاتمە سەرەوە تا لێت بپرسم ئاخۆ حەز دەکەی بیبینیت یان نا.

**رۆز:**

ئەو پیاوە کێیە؟

**مستەر کید:**

من چۆن بزانم ئەو پیاوە کێیە. ئەوەی دەیزانم و نایزانم ئەوەیە، کە هیچ قسەیەک ناکا. ئارەزووی گفتوگۆکردنی نییە. ئێستا ئەو رۆیشت؟ هەر ئەمە و هیچی تر. تەنانەت یەک جار یاری شەترەنجیش ناکا. باشە، من، شەوی دواتر، پێم گوت ئەو کاتەی، کە چاوەڕوان دەکەین، با یارییەکی شەترەنج بکەین. تۆ شەترەنج دەزانی، وا نییە؟ من پێت دەڵێم خاتوو هود. من نازانم ئاخۆ ئەو گوێی لێ بوو من چیم دەگوت یان نا. هەر لەوێ پاڵ دەکەوێ. بۆ من ئەوە باش نییە. هەر لەوێ پاڵ دەکەوێ. چاوەڕوان دەکا و هیچی تر.

**رۆز:**

لەوێ لە ژێرزەمینەکە پاڵ دەکەوێ؟

**مستەر کید:**

خاتوو هود پێی بڵێم باشە؟

**رۆز:**

ئاخر خوارەوە هەمووی تەڕ و شێدارە.

**مستەر کید:**

پێی بڵێم زۆر باشە؟

**رۆز:**

چ زۆر باشە؟

**مستەر کید:**

کە تۆ حەز دەکەی بیبینیت.

**رۆز:**

بیبینم؟ داوای لێبووردن دەکەم، مستەر کید. بۆ دەبێ بیبینم؟

**مستەر کید:**

حەز ناکەی بیبینیت؟

**رۆز:**

تۆ دەتەوێ من دیدەنی یەکێک بکەم، کە نایناسم؟ لە کاتێکا مێردیشم لێرە نییە؟

**مستەر کید:**

ئاخر ئەو تۆ دەناسێ، مستەر هود! تۆ دەناسێ!

**رۆز:**

کە من نەیناسم، مستەر کید، ئەو چۆن من دەناسێ؟

**مستەر کید:**

هەڵبەت تۆ دەیناسیت.

**رۆز:**

بەڵام من هیچ کەسێ ناناسم. ئێمە لێرە ئاسوودەین. تازە هاتووینەتە ئەم شوێنە.



**مستەر کید:**

ئاخر خۆ ئەویش خەڵکی ئەم ناوە نییە. دەشێ لە شوێنێکی تر بیناسیت.

**رۆز:**

مستەر کید، تۆ وا دەزانی من لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک دەگەڕێم تا پیاوان بناسم؟ تۆ چۆن لە من دەگەیت؟

**مستەر کید:**

نازانم چۆن لە تۆ دەگەم. (دادەنیشێ) وا بزانم واز لەم سەرسەختییەی خۆم دێنم.

**رۆز:**

تۆ پێویستیت بە پشوودان هەیە. پیاوێکی پیری وەک تۆ. ئەوەی تۆ پێویستت پێیەتی پشوودانە.

**مستەر کید:**

ئەو نەیهێشتووە پشوو بدەم. هەر لەوێ پاڵ کەوتووە. لە ناو ئەم تاریکییە ئەنگوستەچاوە. سەعات دوای سەعات.

بۆ وازم لێ ناهێنن، ئێوە هەردووکتان؟ خاتوو هود، نەختێک بەزەییت هەبێ. تکات لێ دەکەم بیبینە. بۆ نایبینیت؟

**رۆز:**

نایناسم.

**مستەر کید:**

تۆ دەری ناخەیت. لەوانەیە بیناسیت.

**رۆز:**

من نایناسم.

**مستەر کید:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ) من نازانم ئەگەر تۆ نەیبینی چ دەقەومێت.

**رۆز:**

پێم گوتی ئەو پیاوە ناناسم.

**مستەر کید:**

من دەزانم ئەو چ دەکا. ئەگەر تۆ نەیبینیت، چ شتێ دەکا. لەمە زیاتر هیچ چارەیەکی تری نییە. بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ دێتە سەرەوە، مێردەکەیشت لێرەیە، هەر ئاوا دەکا. ئەو کاتە دێتە سەرەوە، کە مستەر هود لێرە بێ. مێردەکەت لێرە بێ.

**رۆز:**

ئەو هەرگیز کاری وا ناکا.

**مستەر کید:**

با دەیکا. دەیەوێ رێک ئەم کارە بکا. وا تێ نەگەی ئەو، دوای ئەوەی ئەو هەموو رێگەیەی بڕیوە، بێ ئەوەی تۆ ببینێ بڕوا، وا نییە؟ پێت وایە وا دەکا، ها؟

**رۆز:**

ئەو هەموو رێگەیە؟

**مستەر کید:**

پێت وانییە نیازی وابێ ئەم کارە بکا، وانییە؟

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

نا، نایکا.



**مستەر کید:**

با، بەڵێ. دەزانم.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

سەعات چەندە؟

**مستەر کید:**

نازانم.

(وچانێکی کورت)

**رۆز:**

بیهێنە، خێراکە، خێراکە.

(مستەر کید دەچێتە دەرەوە. رۆز لەسەر کورسییە هەژۆکەکە دادەنیشێ. دوای چەند چرکەیەک دەرگەکە دەکرێتەوە. پێستڕەشێکی نابینا دێتە ژوورەوە. دەرگەکە لە دوای خۆی دادەخا. بۆ پێشەوە دەڕواو بە گۆچانەکەی دەستی ئەملا و ئەولای خۆی دەکوتێ تا رێگەی خۆی بدۆزێتەوە. دەگاتە لای کورسییە دەسکدارەکە و دەوەستێ).

**رایلی:**

خاتوو هود.

**رۆز:**

گەیشتیتە لای کورسییەکە، بۆ دانانیشی؟

(دادەنیشێ)

**رایلی:**

سوپاس

**رۆز:**

لە هیچەوە سوپاسم مەکە. من نامەوێ تۆ لێرە بیت. نازانم تۆ کێیت. چەندە زووتر بچیتە دەرەوە ئەوەندە باشترە.

(وچانێکی کورت)

(هەڵدەستێتەوە) دە باشە بەسە. بیبڕەوە. تۆ دەزانی زۆر پێت لێ هەڵبڕیوە. چیت دەوێ؟ بە زۆر دێیتە ئێرە. ئاسوودەیی ئەم ئێوارەیەمم لێ دەشێوێنی. دێیتە ژوورەوە و لێی دادەنیشی. چیت دەوێ؟

(رایلی رووی بەملا و بەولای ژوورەکەدا دەگێڕێ)

سەیری چی دەکەی؟ تۆ نابینایت، وانییە؟ ئەو کەواتە سەیری چی دەکەیت؟ وا دەزانی چیت دۆزیوەتەوە لێرە، کچێکی بچووک؟ من یەکێکم، وەکو تۆ، لە هەموو خەڵکم بردووەتەوە. پێم بڵێ چیت دەوێ و دەتەوێ بگەیتە چی؟

**رایلی:**

من ناوم "رایلی"یە.

**رۆز:**

بەلامەوە گرنگ نییە – چی؟ ئەمە ناوی تۆ نییە. ناوی تۆ نییە. تۆ لەم ژوورەوە لەگەڵ ژنێکی گەورە و گرانی. گوێت لێیە یان کەڕیشی؟ کەڕ نیت، وانییە؟ تۆ هەمووییانی، کەڕ و لاڵ و نابینای. کلافەیەکی لە ئیفلیجی.

(وچانێکی کورت)

**رایلی:**

ئەم ژوورە گەورەیە.



**رۆز:**

خۆت لەم بارەوە نیگەران مەکە. چی دەربارەی ئەم ژوورە دەزانی؟ تۆ هیچ دەربارەی ئەم ژوورە نازانی. خۆ ناتەوێ زۆریش تێیدا بمێنیتەوە. بەختی منە بەشەری وا هیچوپووچم بۆ دێتە ژوورەوە. ژوورەکەمم لێ بۆگەن دەکات. چیت دەوێ؟

**رایلی:**

دەمەوێ بتبینم.

**رۆز:**

ئاخر تۆ ناتوانی من ببینی، وانییە؟ تۆ نابینای. پیرەمێردێکی پەڕپووتی نابینای، وانییە؟ ناتوانی باڵندەیەکی بچووک ببینی.

(وچانێکی کورت)

دەڵێن من تۆ دەناسم. ئەمە هەر لە سەرەتاوە سووکایەتی پێکردنە، چونکە من وا پێت دەڵێم من نەمدەویست بتناسم تا لە دووری میلێکەوە تفت لێ بکەم.

(وچانێکی کورت)

ئۆف لە دەست ئەم خەڵکە. دێنە ئێرە و دوای ئەوەی خێریان پێ دەکەین، بە بۆنی پیس شوێنەکەمان قانگ دەدەن. من لە سەروبەندی هەموو ئەمانە دەزانم. بە گوێرەی تۆش، کە دەڵێن گوایە من دەناسی، ئەمە چ بێشەرمییەکە! بە خاوەنی خانووەکەیشم دەڵێی. ئەویش هەراسان دەکەی. پێت وایە چیت لە دەست دێ بیکەیت؟ ئێمە لێرە گیرساوینەتەوە. هێمن و ئاسوودەین. خاوەنی خانووەکەمان ئێمەی زۆر خۆش دەوێ. ئێمە باشترین کرێچی ئەوین. تۆش هاتوویتە ژوورەوە و تووڕەی

دەکەی و ناوی منیش تێوە دەگلێنی. چ مەبەستێکت هەیە لە تێوەگلانی ناوی من و ناوی مێردەکەم؟ چۆن ناوی ئێمەت زانی؟

(وچانێکی کورت)

تۆ لەم پشووی هەفتەیە ئەم بەزمەت پێ کرد، وا نییە؟ تۆ ئەوت برد، وانییە؟ پیرەمێردێکی زەبوون و بەستەزمانی وا، خانووێکی وا باش بەکرێ دەدا. فەوتاوە. چی تێدا نەماوە. تۆ خۆت دێنیتە پێشەوە و پاڵێکیش بەوەوە دەنێی. ناوی منیش تێوە دەگلێنی.

(وچانێکی کورت)

دە کەواتە وەرە. تۆ دەڵێی ویستووتە من ببینی. باشە، ئەوەتا من لێرەم. ئەوەی لە دڵتایە هەڵی ڕێژە. ئەگەرنا بڕۆ دەرەوە. چیت دەوێ؟

**رایلی:**

پەیامێکم پێیە بۆ تۆ.

**ڕۆز:**

چیت هەیە؟ چۆن تۆ پەیامت بۆ من هەیە، مستەر رایلی، لە کاتێکا من تۆ ناناسم و کەسیش نازانێ من لێرەم. ئێ خۆ منیش کەس ناناسم. تۆ پێت وایە من وا بە ئاسانی دێمە دەست، وانییە؟ باشە تۆ بۆ واز ناهێنی، وەکو چۆن واز لە کارێکی خراپ دێنی؟ واز بێنە. من لەمە زۆر بێزار و بێ تاقەت بووم. تۆ هەر کەسێکی سەر بەگۆبەند نیت، بەڵکو کوێرێکی سەر بەگۆبەندی. دەتوانی هەر بەم ڕێگەیە بگەڕێیتەوە، کە پێیدا هاتوویت.



(وچانێکی کورت)

پەیامی چی؟ ئەو پەیامەت لە کێ وەرگرتووە؟ لە کێ؟

**رایلی:**

باوکت دەیەوێ بێیتەوە ماڵێ.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

ماڵەوە؟!

**رایلی:**

بەڵێ.

**ڕۆز:**

ماڵەوە؟ دەبڕۆ بڕۆ. درەنگە درەنگ.

**رایلی:**

دێیتەوە ماڵەوە.

**ڕۆز:**

بەسە ناتوانم باوەڕ بکەم. چیت دەوێ؟ چیت دەوێ؟

**رایلی:**

"سال"، وەرەوە ماڵ.

(وچانێکی کورت)

**ڕۆز:**

چۆن بانگی منت کرد؟

**رایلی:**

وەرەوە ماڵ سال؟

**رۆز:**

ئاوا بانگم مەکە.

**رایلی:**

ئێستا وەرە.

**رۆز:**

ئاوا بانگم مەکە.

**رایلی:**

کەواتە ئێستا تۆ لێرەیت؟

**رۆز:**

نەک سال.

**رایلی:**

ئێستا دەستت لێ دەدەم.

**رۆز:**

دەستم لێ مەدە.

**رایلی:**

سال.

**رۆز:**

ناتوانم.

**رایلی:**

دەمەوێ بێیتەوە ماڵ.

**رۆز:**

نەخێر



**رایلی:**

لەگەڵ من.

**رۆز:**

ناتوانم.

**رایلی:**

چاوەڕوان بووم تۆ ببینم

**رۆز:**

بەڵێ.

**رایلی:**

سال

**رۆز:**

مەڵێ سال.

**رایلی:**

کەواتە ئێستا.

(وچانێکی کورت)

کەواتە ئێستا.

**رۆز:**

لێرە بووم.

**رایلی:**

بەڵێ.

**رۆز:**

لەمێژە.

**رایلی:**

بەڵێ.

**رۆز:**

رۆژەکە دژوار و دڵپەستکەرە. هەرگیز ناچمە دەرەوە.

**رایلی:**

نا.

**رۆز:**

تا ئێستا هەر لێرەم.

**رایلی:**

ئێستا وەرەوە ماڵ سال.

(رۆز دەست بە چاوی رایلی و پشتی سەری و لاجانگی دادێنێ. بێرت دێتە ژوورەوە. لەبەر دەرگەکە دەوەستێ. ئینجا دەچێتە لای پەنجەرەکە و پەردەکان دادەداتەوە. تاریکە. دێتە ناوەڕاستی ژوورەکە و سەیری ژنەکە دەکا).

**بێرت:**

باشە، ئەوا هاتمەوە.

**رۆز:**

(بەرەو لای ئەو دەچێ) بەڵێ.

**بێرت:**

باشە وا هاتمەوە.

(وچانێکی کورت)



**رۆز:**

درەنگە؟

**بێرت:**

یارییەکی باوڵینگی خۆشم کرد لە خوارەوە.

(وچانێکی کورت)

بەقایمی بۆ خوارەوە لێم خوڕی. دەرەوەش تاریک بوو.(*)

**رۆز:**

بەڵێ.

**بێرت:**

ئینجا گەڕامەوە. دەرەوە بەستەڵەک بوو.

**رۆز:**

بەڵێ.

**بێرت:**

بەڵام لێم خوڕی.

(وچانێکی کورت)

خێرا لێم خوڕی.

(وچانێکی کورت)

پاشان هێورم کردەوە. زۆر باش بوو. ئینجا گەڕامەوە. رێگەکەم باش دەبینی. هیچ ترومبێلێک لەسەر رێگەکە نەبوو. یەکێک هەبوو، نەدەجوولایەوە. خۆم پیادا. هاتمەوە سەر رێگەی خۆم.

---

(*) لە ئینگلیزییەکە "بێرت" کە باسی ترومبێلەکەی دەکات ڕاناوی مێینەی بۆ بەکار دێنێ.

هەموو ڕێگەکەم بڕی. دەچووم و دەگەڕامەوە. لەسەر ڕێگەکە لایان دا. من ڕێک و ڕاست لێم خوڕی. هیچ کێشەیەک نەبوو، لەگەڵ ترومبێلەکەش. زۆر باش بوو. بەدڵی من بوو. پشێوی بۆ دروست نەکردم. من دەستم بەکار دێنم. توند دەیگرم، ئاوەها. بۆ هەر شوێنێ بێ دەڕۆم. ئەو بردمیە ئەوێ. ئەو منی گەڕاندەوە.

(وچانێکی کورت)

بە سەلامەتی گەڕامەوە.

(لە لای مێزەکەوە کورسییەک هەڵدەگرێ و دەچێ لە لای چەپی کورسیی پێستڕەشەکە، زۆر نزیک دای دەنێ و دادەنیشێ. چەند چرکەیەک سەیری پێستڕەشەکە دەکا. ئینجا بەپێ کورسییە دەسکدارەکە بەرز دەکاتەوە. پێستڕەشەکە دەکەوێتە خوارەوە. لەسەرەخۆ هەڵدەستێتەوە).

**رایلی:**

مستەر هود، ژنەکەت...

**بێرت:**

بێ قیمەت!

(لە پێستڕەشەکە دەدا و لەسەر عەرزەکە دەیگەوزێنێ. چەند جارێک سەریشی بە سۆپا غازەکە دەدا. پێستڕەشەکە لەسەر عەرزەکە پاڵ دەکەوێ. جوولەی لەبەر دەبڕێ. بێرت لێی دوور دەکەوێتەوە)

(بێدەنگی)



(ڕۆز هەڵدەستێتەوە. چاوەکانی خۆی هەڵدەگلۆفێ)

**ڕۆز:**

هیچ نابینم. نابینم. نابینم.

(شانۆ تاریک دەبێ)

پەردە

# خوێندنگەی شەوان

Harold Pinter: Plays 2
This collectio first published in 1991
By Faber Limited
3 Queen Square London WCIN 3 AU
Reissued in 1996
Originally published by Eyre Methue Limited in 1977
Printed and bound in Great Britain by
Mackays of Chatham PLC, Chatham Kent

شانۆنامەی "خوێندنگەی شەوان" لە ساڵی ١٩٦٠ لە تەلەفزیۆن پیشان درا، کە "جۆن کێمپ وێڵش" دەری هێنابوو. لە ساڵی ١٩٦٦ لە پرۆگرامی سێیەم لە بی بی سی پەخش کرا، کە "گێی ڤایسن" دەری هێنابوو:

**کارەکتەرەکان**

ئانیا

وەڵتەر

میلیا

سالی

سۆڵتۆ

توولیا

بەربارە

ماڤیس



(ژووری دانیشتن)

**ئانیا:**

سەیری پاڵتۆکەت بکە. لەسەر عەرزەکەیە.

**وەڵتەر:**

ئێستا هەڵی دەواسم. جانتاکەش دەبەمە نهۆمی سەرەوە، باشە؟

**ئانیا:**

چایەکەت بخۆوە. دە وەرە چایەکەت بخۆوە. خەمی ئەوە مەخۆ چایەکەت ببەیتە سەرەوە.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

کێکێکی بەتامە.

**ئانیا:**

پێت خۆشە؟ من وازم لە کێک خواردن هێناوە. تووشی دڵەکزێی کردم. دەی پارچەیەکی تر بخۆ.

**وەڵتەر:**

ئەێ باشە. وا دیارە شوێنەکە خۆشە.

**ئانیا:**

من بەجوانی خاوێنم کردەوە، پێش ئەوەی تۆ بێیت.

(وچانێکی کورت)

باشە، والی، ئەمجارە رەفتاریان چۆن بوو لەگەڵ تۆ، ها؟

**وەڵتەر:**

باش بوو.

**ئانیا:**

پێشبینیم نەدەکرد وا زوو بگەڕێیتەوە. وام زانی ئەمجارە زیاتر دەمێنیتەوە.

**وەڵتەر:**

نەخێر، زۆرتر نەدەمامەوە.

**ئانیا:**

میلیا: هێشتا باش نەبووە.

**وەڵتەر:**

بەڕاست؟ چییەتی؟

**ئانیا:**

دوای کەمێکی تر دێتە خوارەوە. بیستی تۆ هاتوویتەوە.

**وەڵتەر:**

هەندێ نوقڵم بۆ هێناوە.

**ئانیا:**

من نوقڵم بۆ ناخورێ.

**وەڵتەر:**

دەزانم. هەربۆیە هیچم بۆ تۆ نەهێنا.

**ئانیا:**

بیرت هاتەوە، وا نییە؟



**وەڵتەر:**

ئا، بەڵێ

**ئانیا:**

سەیرکە، ئەو تا ئێستاش هەر لە نهۆمی سەرەوەیە. من بیست و چوار سەعات ئیش و کارم ئەوەیە بچمە نهۆمی سەرەوە و بێمە خوارەوە. ئەی ڕۆژەکانی تر؟ لە سەرەوە بووم، پەردەکانم ڕێک دەخست. زۆر ناخۆش بوو. پاشان پێم دەڵێ نەدەبووایە بەم شێوەیە ڕێکیان بخەیت. دەبووایە بەشێوەیەکی تر ڕێک بخرێن. لە سەرەوە پاڵ کەوتووە. من لە ئەو گەورەترم.

(ئانیا زیاتر چای بۆ خۆی و بۆ وەڵتەر تێ دەکا)

هەرکە نامەکەی تۆم بەدەست گەیشت، یەکسەر چوومە خوارەوە و ئەو کێکەم هێنا.

**وەڵتەر:**

(هەناسەیەک هەڵدەمژێ) ئاه، تۆ نازانی ئەوە چەند مانگە بیر دەکەمەوە... تۆ ئەمە دەزانی؟... چەند مانگە... دەگەڕێمەوە ئێرە... لەسەر جێگەکەی خۆم پاڵ دەکەوم... سەیری پەردەکان دەکەم بەپەنجەرەکەوە فش بوونەتەوە. پشوویەکی باش دەدەم، گوتت چی؟

**ئانیا:**

ئەوەتا وا ئەویش دەجووڵێتەوە[١]. کەمێک خۆرانگاز بوویت.

**وەڵتەر:**

دەمەوێ هەتا چەند هەفتەیەک گوێی پێ نەدەم.

---

(١) دیارە مەبەستی "میلیا"یە.

**ئانیا:**

نا، دەبێ گوێی پێ بدەی. دەبەنگییە. پێویستە چەند هەفتەیەک پشوو بدەیت.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

مستەر سۆڵتۆ چۆنە؟

**ئانیا:**

تا ئێستا باشترین خاوەن هوتێلە لەم ناوچەیە. لە هیچ شوێنێکی تر خاوەن هوتێلێکی لەم باشتر نادۆزیتەوە.

**وەڵتەر:**

ئێوە کرێچی باشن بۆ ئەو.

**ئانیا:**

ئەو زۆر دڵنەرمە. هەر دەڵێی ئەندامێکە لە خێزانەکە. هەر ئەوەیە لێرە ناژی. راستی، ئەوە چەند مانگێکە چای نەخواردووەتەوە.

**وەڵتەر:**

دەمەوێ داوای لێ بکەم نەختێ پارەم پێ بدا.

**ئانیا:**

وا دێتە خوارەوە.

**وەڵتەر:**

دوو دانە سەدی بۆ ئەو چییە؟ هیچ نییە.

**ئانیا:**

(بە چرپە) هیچ قسەیەک دەربارەی پەردەکان مەکە.



**وەڵتەر:**

گوتت چی؟

**ئانیا:**

باسی پەردەکان مەکە، باسی هەڵواسینیان. ئەو قسانەی من پێم گوتی. ئەوانەی ئەو بەمنی گوت سەبارەت بەشێوازی هەڵواسینی پەردەکان. هیچ قسەیەک دەربارەی ئەمانە مەکە. ئەوەتا وا هات.

(میلیا دێتە ژوورەوە)

**وەڵتەر:**

(ماچی دەکا) پوورە میلیا.

**میلیا:**

پارچە کێکەکەی پێ دای؟

**وەڵتەر:**

کێکێکی بەتام بوو.

**میلیا:**

من پێم گوت بچێ کێک بێنێ.

**وەڵتەر:**

ئەوە نۆ مانگی رەبەقە پارچە کێکێکی ئاوا بەتامم نەخواردووە.

**میلیا:**

لە لای شەقامەکەی خوارەوە هەیە.

**وەڵتەر:**

فەرموو پوورێ، فەرموو ئەم چوکلێتانە بخۆ.

**میلیا:**

لە بیری نەکردووە، کە من حەز لە چوکلێت دەکەم.

**ئانیا:**

لە بیری نەکردووە، کە من حەز لە چوکلێت ناکەم.

**میلیا:**

پڕ کاکڵە بادەمن. پڕ بادەمن.

**وەڵتەر:**

من بەتایبەتی لەبەر بادەمەکەی ناویان ئەمانەم هەڵگرت. بەتامترین چوکلێت بوو، کە لەوێ هەبوو.

**ئانیا:**

دانیشە میلیا. بەپێوە مەوەستە.

**میلیا:**

هەر دانیشتبووم. پاڵ کەوتبووم. پێویستە جار جاریش هەڵسمە سەر پێیان.

**وەڵتەر:**

هێشتا چاک نەبوویتەوە، وانییە؟

**میلیا:**

مامناوەندییە. تا رادەیەک ئاساییمە.

**ئانیا:**

منیش هەروا مامناوەندیمە.

**میلیا:**

راست دەکا. ئانیاش مامناوەندییە.





**وەڵتەر:**

باشە، ئەوا من هاتمەوە، وانییە؟

**میلیا:**

ئەمجارە مامەڵەیان چۆن بوو لەگەڵ تۆ؟

**وەڵتەر:**

زۆر باش بوو. زۆر باش بوو.

**میلیا:**

کەی دەگەڕێیتەوە؟

**وەڵتەر:**

ناگەڕێمەوە.

**میلیا:**

هەقە شەرم لە خۆت بکەیت، وەڵتەر. نیوەی ژیانی خۆتت لە بەندیخانە بەسەر برد. پێت وایە ئەمە دەتگەیەنێتە کوێ؟

**وەڵتەر:**

نیوەی ژیانم؟ مەبەستت چییە؟ هەمووی دوو جارە.

**ئانیا:**

ئەی ئەوەی" بۆرستاڵ"؟

**وەڵتەر:**

ئەمەیان حیساب نییە.

**میلیا:**

گرنگ نییە ئەگەر جارێک بەختت هەبووبێ. بەڵام پاشان چ

دەبێ؟ هەموو جارێ کەتنێ دەکەیت و ئەوانیش دەتبەنە ژوورەوە.

**وەڵتەر:**

بەهەرحاڵ من کۆتاییم بە هەموو ئەمانە هێنا.

**میلیا:**

گوێ بگرە. من پێشتر پێم گوتی، ئەگەر تۆ سەرت لەم کارە دەرناچێ، برۆ هەوڵی شتێکی تر بدە. پێویستە دەست بەکارێکی تر بکەیت. دەتوانی پارە لە سۆڵتۆ وەربگریت. هەڵبەت پارەت پێ دەدا. مەبەستم ئەوەیە هەرجارەی تۆ پێت لە دەرگەکە دەبەیتە دەرەوە، ئەوان دەتگرن و دەتبەنە ژوورەوە. ئەمە چ سوودێکی هەیە؟

**ئانیا:**

دەتەوێ کێکە بەمورەباکەت بخۆیت؟

**وەڵتەر:**

هەڵبەت.

**میلیا:**

(دەخوا) ئەم کێکە بەموڕەبایەت لە کوێ دەست کەوت؟

**ئانیا:**

لە نزیک سووچەکەوە.

**میلیا:**

لە نزیک سووچەکەوە؟ وا بزانم پێم گوتی لە شەقامەکەی خوارەوە بیهێنە.



**ئانیا:**

ئەوەی شەقامەکەی خوارەوە هیچی نەبوو.

**میلیا:**

بۆ؟ تەواو بووبوو؟

**ئانیا:**

نازانم ئاخۆ ئەمڕۆ دروستی کردبوو یان نا.

**میلیا:**

ئەمانە چۆنن؟

**وەڵتەر**

خۆشن.

(یەکێکی تر هەڵدەگرێ و دەیخوا. وچانێکی کورت)

**میلیا:**

من دەبێ مورەباکەی ناوی لابدەم. وا نییە ئانیا؟

**ئانیا:**

تووشی دڵەکزێی دەکا.

**میلیا:**

هەر دەرم کردووە. یەکسەر دەرم هێناوە. لە دوای "ئیستەر"(*) تووش بوویمە.

**ئانیا:**

والی، دڵنیام لە بەندیخانە هیچ کێکت نەخواردووە.

---

(*) مەبەست لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیحە.

**وەڵتەر:**

نەخێر. هەر دەستم بەکێک نەکەوتووە.

( وچانێکی کورت)

**میلیا:**

چی؟ پێت گوت؟

**ئانیا:**

چیم پێ گوت؟

**میلیا:**

پێت نەگوت

**وەڵتەر:**

چی پێ گوتم؟

**میلیا:**

تۆ گوتت نیازت وایە پێی بڵێیت.

**ئانیا:**

من غیرەتم نەبووە پێی بڵێم.

**وەڵتەر:**

ئەوە چ روو دەدا لێرە؟ ئەم هەموو شتە چییە؟

(وچانێکی کورت)

**ئانیا:**

والی، فەرموو کێکێکی رەق بخۆ.

**وەڵتەر:**

نا سوپاس، تێرم.



**ئانیا:**

دەی فەرموو ، کێکێکی رەق بخۆ.

**وەڵتەر:**

نا، بەخوا تێرم خواردووە.

**میلیا:**

دە بخۆ دەی. کێکێکی رەق بخۆ.

**وەڵتەر:**

ناتوانم، تێرم.

**ئانیا:**

دەچم قۆرییەکە پڕ دەکەم.

**میلیا:**

من دەچم.

**ئانیا:**

تۆ نابێ بچیت. دە قۆرییەکەم بدەرێ. نابێ تۆ بچیت. تۆ باش نیت.

**میلیا:**

من دەچم. دە قۆرییەکەم بدەرێ.

**ئانیا:**

من چام کردووە، بۆ دەبێ من قۆرییەکە پڕ نەکەم؟

**میلیا:**

نابێ من قۆرییەکە بۆ برازای خۆم پڕ بکەم!

**وەڵتەر:**

ئێستا گوێ بگرن. چ شتێک هەیە پێویستە پێم بڵێن – مەسەلەکە چییە؟ من لە بەندیخانەوە دێمەوە ماڵ. نۆ مانگە لێرە نیم. هاتمە ماڵەوە بۆ ئەوەی کەمێ ئاسوودەیی و ئارامیم بۆ بگەڕێتەوە.

**میلیا:**

ئاخر... ئێمە ژوورەکەی تۆمان بەکرێ داوە.

**وەڵتەر:**

ئێوە چی؟

**ئانیا:**

ئێمە ژوورەکەی تۆمان بەکرێ داوە.

(وچانێکی کورت)

**میلیا:**

سەیرکە، والی، زوێر مەبە. ئێمە چیمان لە دەست دەهات؟

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

چیتان کرد؟

**ئانیا:**

ئێمە تۆمان لەدەست چوو.

**میلیا:**

بۆ ئێمە ئاوەدانی بوو.

**ئانیا:**

هەڵبەت...



**میلیا:**

دەستێکی یارمەتی بوو بۆمان درێژ کرا.

**ئانیا:**

تۆ نیوەی تەمەنی خۆت لە ژوورەوە بەسەر دەبەیت. نازانین کەی دێیتە دەرەوە.

**میلیا:**

ئێمە تەنها ئەو میوانخانەیەمان هەیە.

**ئانیا:**

هەمانە و نیمانە هەر ئەو میوانخانەیە.

**میلیا:**

پارەیەکی باشمان پێ دەدا. هەفتەی سی و پێنج، سی و شەش پاوەند و شەش شلینگمان پێ دەدا..

**ئانیا:**

هەموو بەیانییەکی رۆژانی هەینی لێرە لە خوارەوەیە. کرێیەکەیشی هێناوە.

**میلیا:**

با ئەوەشت پێ بڵێم، ئاگای لە ژوورەکەی خۆیەتی. هەردەم ژوورەکەی خۆی گەسک دەدا و پاکی دەکاتەوە.

**ئانیا:**

یارمەتی منیش دەدا لە پاککردنەوەی خانووەکە.

**میلیا:**

لە پشووی هەفتەکان...

**ئانیا:**

ئەو گەرماوە وا لێ دەکا هەر دەڵێی تازەیە.

**میلیا:**

تۆ بچۆ سەیرکە چی لە ژوورەکەی خۆی کردووە.

**ئانیا:**

ئا بچۆ سەیرکە ژوورەکەی خۆی چۆن ڕاگرتووە.

**میلیا:**

زۆر جوانی کردووە. بەڕاستی جوانی کردووە.

**ئانیا:**

گلۆپێکی سەرمێزی لە لاتەنیشتەوە داناوە، زۆر لە ژوورەکە دێ، وانییە؟

**میلیا:**

هەردەم کتێب دەخوێنێتەوە.

**ئانیا:**

لە هەفتەیەکا سێ شەو لێرە نییە. دەچێتە خوێندنگەی شەوان.

**میلیا:**

کچێکی جحێڵ و جوانە.

**ئانیا:**

کچێکی زۆر پاکە.

**میلیا:**

هێمنە...



**ئانیا:**

کابانە...

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

ناوی چییە؟

**ئانیا:**

سالی.

**وەڵتەر:**

سالی:

چی؟

**میلیا:**

سالی: گیبز.

**وەڵتەر:**

لە کەیەوە لێرەیە؟

**میلیا:**

نزیکەی – کەی هات؟

**ئانیا:**

نزیکەی...

**میلیا:**

نزیکەی چوار مانگە... هاتۆتە ئێرە...

**وەڵتەر:**

کاری چییە؟ بەچی دەژی؟

**میلیا:**

لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە.

**وەڵتەر:**

مامۆستای قوتابخانەیە!

**میلیا:**

بەڵێ.

**وەڵتەر:**

مامۆستای قوتابخانە! لە ژوورەکەی من.

(وچانێکی کورت)

**ئانیا:**

والی، بە بێگومان خۆشت دەوێ.

**وەڵتەر:**

ئێستا لە ژوورەکەی من خەوتووە!

**میلیا:**

چوارپایەکە(*) چییەتی؟ دەتوانی بیهێنیتە ئێرە.

**وەڵتەر:**

چوارپایەکە؟ لە سەر جێگەکەی من خەوتووە.

**ئانیا:**

جاجمێکی جوانی کڕی. بەسەر جێگەکەی داداوە.

---

(*) وشەکە بە ئینگلیزی بەمانای جۆرە قەریۆڵەیەک دێ، کە دەچێتەوە ناو یەک و لە کاتی پێویست بۆ میوان بەکار دێ.



**وەڵتەر:**

جاجم؟ دەتوانم هەر ئێستا بچمە دەرەوە جاجمێک بدۆزمەوە لە هی ئەو باشتر بێ. تۆ بۆ باسی جاجمم بۆ دەکەی؟

**میلیا:**

وەڵتەر، هات و هاوار بەسەر پوورتدا مەکە، ئەو کەڕە.

**وەڵتەر:**

من ناتوانم باوەڕ بکەم. دوای ئەوەی نۆ مانگ زیندان بووم. دێمەوە ماڵ.

**ئانیا:**

پارە باشترین پاڵپشتە.

**وەڵتەر:**

هیچ کاتێ من بێ پارەم کردووی؟

**میلیا:**

بەڵێ.

**وەڵتەر:**

ئاخر... نەک لەبەرئەوەی خەتای من بووبێ. من هیچ کاتێ درێخیم نەکردووە.

**میلیا:**

باشە، ئەمە تۆی گەیاندە کوێ؟

**وەڵتەر:**

ئەمە چییە، تۆ سەرزەنشتم دەکەی؟

**ئانیا:**

پوورت لەم جۆرە کەسانە نییە بە دوای سەرزەنشتکردنی خەڵک بگەڕێ، وەڵتەر.

**میلیا:**

بۆ خۆت بژی و واز لە خەڵک بێنە. ئەمە دروشمی منە.

**ئانیا:**

هـی منیشە.

**میلیا:**

هەردەم دروشمی من ئەوە بووە هەقت بەسەر کەسەوە نەبێ.

**وەڵتەر:**

گوێ بگرە. تۆ تێ ناگەی. ئێرە ماڵی منە. من لێرە دەژیم. من ئەوە چەند ساڵە لەم ژوورە دەژیم.

**ئانیا:**

جار جار.

**وەڵتەر:**

داوام لێ دەکەی لەسەر ئەو جێگەیە بخەوم. تاکە کەسێ تا ئێستا لەسەر ئەم جێگەیە خەوتبێ پوورە گراسی بووە. ئەویش چوو بۆ ئەمریکا.

**میلیا:**

پێنج ساڵ لەگەڵ ئۆڵف لە ناویا خەوت. پوورە گراسیا. هیچ گلەییەکیان نەکرد.



**وەڵتەر:**

ئۆڵف! بە خوا ئەمە شەش جار... سەرکۆنەی کردم. ناتوانم باوەڕ بکەم، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم دەربارەی ئەو جێگەیەی ئەو کچە تێدا خەوتووە.

**ئانیا:**

چییەتی ئەم جێگایە؟

**وەڵتەر:**

هیچی نییە. جێگەی خۆمە. بڕایەوە. من کڕیومە.

**ئانیا:**

کەواتە کڕیویەتی میلیا.

**میلیا:**

تۆ؟ وام زانی من کڕیومە.

**ئانیا:**

ڕاستە تۆ کڕیت. بیرم دێ.

**وەڵتەر:**

تۆ کڕیت. تۆ تەنها چوویتە دەرەوە و هەڵت بژارد. بەڵام کێ پارە پارەی پێ دایت تا بیکڕی؟

**ئانیا:**

ئا، ڕاست دەکا. ئەو پارەی پێ دایت.

**وەڵتەر:**

دە باشە... ئەی کەلوپەلە لەعنەتییەکانم چییان بەسەر هات؟ جانتاکەم چی لێ هات؟ ئەو جانتایەی لەوێ بەجێم هێشت؟

**ئانیا:**

بەڕاست، ئەو پێی ناخۆش نەبوو کەلوپەلەکانت هەر لە ناو دۆڵابەکە بەجێ بێڵین. ئەی وانییە، میلیا؟

**وەڵتەر:**

کەلوپەلەکان؟ ئەوە کاری ژنەکەمە.

(وچانێکی کورت)

ئەو دەبێ ئەوێ بەجێ بێڵێ و بڕایەوە.

**میلیا:**

ئەوێ بەجێ ناهێڵێ.

**وەڵتەر:**

بۆ؟

**ئانیا:**

نایەوێ بەجێی بێڵێ.

**میلیا:**

من دەڵێم بەجێی ناهێڵێ. دەمێنێتەوە.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

(بە شەکەتییەوە) ئەی بۆ لەسەر چوارپایەکە ناخەوێ؟

**ئانیا:**

کچێکی جوانی وەکو ئەم کچە لەسەر چوارپایەکە دەخەوێنی؟ لە ژووری نان خواردن؟



**وەڵتەر:**

کچێکی جوانە، ها؟

**میلیا:**

هەڵبەت. ئەو کرێمە جوانانە نابینی، کە لەسەر مێزی ئارایشتکردنەکەیەتی؟

**وەڵتەر:**

مێزی ئارایشتکردنی من؟

**میلیا:**

من ئەو کچەم بەدڵە، کە بایەخ بە ئارایشت و خۆجوانکردن بدا.

**ئانیا:**

هەموو شەوێک ماوەیەکی باش دەچێتە دەرەوە.

**میلیا:**

لە گەرماوەکە نایەتە دەرەوە. بەیانیان و ئێواران. ئەو شەوانەی دەچێتە خوێندنگەی شەوان، بەر لەوەی بچێتە دەرەوە گەرماوێک دەکا. شەوەکانی تریش، ڕێک پێش خەوتن گەرماوێک دەکا.

**وەڵتەر:**

باشە خۆ دوای ئەوەی دەچێتە ناو جێگە ناتوانێ گەرماو بکا، وانییە؟

(وچانێکی کورت)

خوێندنگەی شەوان؟ چ جۆرە خوێندنگەیەکی شەوان؟

**میلیا:**

لەوێ زمانە بیانییەکان دەخوێنێ. خۆی فێری دوو زمانی تر دەکا.

**ئانیا:**

بەڵێ. کە بەناو خانووەکەدا دێت و دەچێ، بۆنوبەرامەیەکی خۆش پەخش دەکا.

**وەڵتەر:**

بۆنوبەرامەی خۆش پەخش دەکا؟

**ئانیا:**

بەڵێ. منیش وا دەڵێم. بۆنوبەرامەکەیت زۆر پێخۆشە.

**وەڵتەر:**

بەڕاست؟

**ئانیا:**

خۆ شتێکی هەڵە نییە کەمێ بۆن لە خۆت بدەیت.

**میلیا:**

ئێمە ئەوەندە بیر تەسک نین پێمان ناخۆش بێ بۆنوبەرامەیەکی کەم لە خۆی بدا.

**ئانیا:**

کچێکی هاوچەرخەو بڕایەوە.

**میلیا:**

لەگەڵ تازەترین مۆدە دەڕوا.



**ئانیا:**

منیش کە کچ بووم وابووم.

**میلیا:**

ئەی من؟

**ئانیا:**

تۆش وابوویت. بەڵام تۆ وەکو من هاوچەرخ نەبوویت.

**میلیا:**

با وابووم. بە هەموو شتێ رازی نەدەبووم.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

دەزانێ من لە کوێ بوومە؟

**ئانیا:**

ئا، بەڵێ.

**وەڵتەر:**

پێت گوت من گیرابووم.

**ئانیا:**

ئا. ئێمە پێمان گوت. بەڵێ.

**وەڵتەر:**

پێت گوت بۆ گیرابووم؟

**ئانیا:**

نانا باسی ئەوەمان نەکرد، کە... ئاخر ئەویش بایەخی بەمە

نەدا، وانییە میلیا؟ زۆر بە کەیف بوو. ئا زۆر بەکەیف بوو.

**وەڵتەر:**

(لەسەرەخۆ) بەڕاست وابوو؟

**ئانیا:**

بەڵێ.

(وەڵتەر لەپڕێکا بە توندی شەقێک لە مێزەکە دەدا)

**وەڵتەر:**

جانتاکەم لە کوێ دابنێم؟

**ئانیا:**

دەتوانی لە هۆڵەکە دای بنێیت.

**وەڵتەر:**

هۆڵەکە؟ کەواتە من هەر کاتێ شتێکم پێویست بێ، دەبێ راکەم بۆ هۆڵەکە.

(وچانێکی کورت)

من ناتوانم تا ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر ئەم بارودۆخەدا بژیم. من لە شتی باشتر راهاتوومە. من وا راهاتووم هەر سەربەخۆ بم. هەرکاتێ دێتە ئێرە، بەشەو بەڕۆژ، گرنگ نییە. ئەمە ژووری دانیشتنە. من نامەوێ ژەمەکانی خواردنم لەگەڵ یەکێک بێ، کە نایناسم.

**ئانیا:**

ئەو تەنیا نانی بەیانیان و خەوتنی لێرەیە. من بۆی دەبەمە سەرەوە، بۆ ژوورەکەی.



**وەڵتەر:**

چی دەخوا؟

**ئانیا:**

لەتە گۆشتی سوورکراوەی بەراز لەگەڵ هێلکەوڕۆن. ئەو خواردنەی زۆر پێ خۆشە.

**وەڵتەر:**

هەفتەی بە سی و پێنج شلینگ و شەش پەنس؟ لە گشت شوێنێک لەمسەر و لەو سەری وڵات سێ پاوەند و دە شلینگ وەردەگرن. هەڵت دەخەڵەتێنێ. ئاوی سارد و گەرمی بە بەردەوامی هەیە. هەموو هۆکارێکی حەوانەوە، نانی بەیانیان لەگەڵ جێگەی خەوتنی نمرە یەک. دەتخەڵەتێنێ.

**ئانیا:**

نەخێر وانییە.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

شتێکم لە ژوورەکەی خۆم بەجێ هێشت. دەچم دەیهێنم.

(دەچێتە دەرەوە. بەسەر پێبلیکانەکان سەردەکەوێ. دەرگەی گەرماوەکە دەکرێتەوە. سالی دێتە دەرەوە. هەتا نیوەی پێبلیکانەکان دێتە خوارەوە. چاویان بە یەکتر دەکەوێ)

**سالی:**

مستەر ستریت؟

**وەڵتەر:**

بەڵێ.

**سالی:**

خۆشحاڵم بە دیدارت. زۆر شتم دەربارەی تۆ بیستووە.

**وەڵتەر:**

ئا، ڕاست دەکەی.

(وچانێکی کورت)

من... لە...

**سالی:**

پوورەکانت خەڵکێکی باش و ڕەوشت بەرزن.

**وەڵتەر:**

ئممم.

(وچانێکی کورت)

**سالی:**

دڵت خۆشە گەڕایتەوە؟

**وەڵتەر:**

شتێکم لە ژوورەکەم جێ هێشتووە. دەبێ بیهێنم.

**سالی:**

باشە، فەرموو. پاشان چاومان بە یەکتر دەکەوێتەوە. دەتبینمەوە.

(سالی دەچێتە ژوورەکەی خۆی. وەڵتەر بەدوایدا دەڕوا. تەپەتەپی پێ لەسەر پێپلیکانەکان دەوەستێ).

**وەڵتەر:**

دەتوانم...؟



**سالی:**

چی؟

**وەڵتەر:**

بێمە ژوورەوە؟

**سالی:**

بێیتە ژوورەوە؟ ئاخر... دەتوانی... ئەگەر بتەوێ.

(دەچنە ژوورەوە. وەڵتەر لە دوای ئەو دەرگەکە دادەخا)

ببوورە، جێگەکە شەپرێوە. هەموو شتێ پەرشوبڵاوە. من مامۆستای خوێندنگەم. زۆر کاتم بەدەستەوە نییە تا جێگەکەم ڕێک بخەم.

(وچانێکی کورت)

وا بزانم هەر لەو خوێندنگەیە وانە دەڵێمەوە، کە تۆ تێیدا دەتخوێند. هی منالان.

**وەڵتەر:**

ئەوەی سەری سووچەکە؟ بەڵێ من دەچوومە ئەوێ.

**سالی:**

تۆ بەهەموو ئەو شتانە نازانی، کە من دەربارەی تۆ بیستوومە.

تۆ لە لای پوورەکانت زۆر خۆشەویستی.

**وەڵتەر:**

تۆش.

**سالی:**

من ئێرەم زۆر پێخۆشە. لەگەڵ ئەوان باش هەڵ دەکەم.

**وەڵتەر:**

بزانە... من دەبێ هەندێ شت بێنمە ژوورەوە...

**سالی:**

ژوورەوە ئێرە؟ وام زانی گوتت، شتێکم لە ژوورەکەت بەجێ هێشتووە.

**وەڵتەر:**

ئەمە ژووری منە.

(وچانێکی کورت)

**سالی:**

ئەمە؟

**وەڵتەر:**

تۆ ژوورەکەی منت گرتووە.

**سالی:**

من؟ من... ئاگەداری ئەمە نیم. کەس ئەمەی پێ نەگوتوومە. من زۆر داوای لێبووردن دەکەم. ئێستا ژوورەکەت دەوێتەوە؟

**وەڵتەر:**

پێم خۆشە.

**سالی:**

منت حەپەساند... ئەمە کارێکی ناخۆشە... ئاخر من ئێرەم زۆر لا خۆشە. مەبەستم ئەوەیە، ئەی من لە کوێ بخەوم؟

**وەڵتەر:**

چوارپایەیەک لە خوارەوە هەیە.



**سالی:**

نا، من زۆر ئومێدم بەم جۆرە شتانە نییە، ئەی تۆ؟ بۆ من ئەم جێگەیە زۆر خۆشە.

**وەڵتەر:**

دەزانم خۆشە. جێگەی خۆمە.

**سالی:**

مەبەستت ئەوەیە، کە من لە شوێنەکەی تۆ دەخەوم.

**وەڵتەر:**

بەڵێ.

**سالی:**

ئۆه.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

شتێکم لێرەیە. دەمەوێ بیبەم.

**سالی:**

باشە... بیبە.

**وەڵتەر:**

لە شوێنێکی زۆر تایبەتە.

**سالی:**

دەتەوێ من بچمە دەرەوە.

**وەڵتەر:**

ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ.

**سالی:**

مەبەستت ئەوەیە لە ژوورەکە بچمە دەرەوە؟

**وەڵتەر:**

زۆرم پێ ناچێ.

**سالی:**

بەدوای چی دەگەڕێی؟

**وەڵتەر:**

ئەمە مەسەلەیەکی تایبەتە.

**سالی:**

مەسەلەکە چەکە؟

(وچانێکی کورت)

نابێ تەنها رووم وەربگێڕم؟

**وەڵتەر:**

دوو دەقیقە. هەر ئەوەندە و بەس.

**سالی:**

باشە. دوو دەقیقە.

(سالی لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە و لەسەر تەختایی سەر پێبلیکانەکان دەوەستێ. وەڵتەر لە پێش خۆیەوە مرخە مرخ و بۆڵە بۆڵێ دەکا).

**وەڵتەر:**

سەیر سەیر. ئەم هەموو شتە بێ کەڵکانە. ئەم شتە هیچوپووچانە... بەم ناوەدا پەرت و بڵاوە. بە لەعنەت بێ. بووەتە



خانووەچۆڵکەی منالان. دەک بە قوڕ گیرێ ئەم ژوورە.

(دەنگی سالی لە دەرەوەی ژوورەکە دێ)

**سالی:**

تەواو بوویت.

**وەڵتەر:**

یەک دەقیقە.

(دۆلابەکە دەکاتەوە و دەیپشکنێ)

(بە بۆڵەبۆڵ کردنەوە) کوا ئەو جانتا لەعنەتییە؟ یەک دەقیقە...

ئەمە چییە؟

(دەنگی دڕاندنی زەرفێک دەبیسرێ)

(بە نەرمییەوە) ئەها... ئێ ئێ ئێ!

**سالی:**

تەواو؟

**وەڵتەر:**

بەڵێ، سوپاس.

(بەرەو دەرگەکە دەچێ)

چ وانەیەک دەڵێیتەوە – سەمای بالێ؟

**سالی:**

سەمای بالێ؟ نەخێر. پرسیارێکی سەیرە.

**وەڵتەر:**

سەیر نییە. زۆر ئافرەت وانەی بالێ دەڵێنەوە.

**سالی:**

من سەما نازانم.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

ببوورە... من ئێوارەکەم لێ تێک دایت.

**سالی:**

گوێ مەدەرێ. هیچ نەبووە.

**وەڵتەر:**

شەوت شاد.

**سالی:**

شەوت شاد.

(شانۆ وردە وردە تاریک دەبێ)

(شانۆ وردە وردە ڕووناک دەبێتەوە)

**ئانیا:**

مستەر سۆڵتۆ، فەرموو پارچەیەکی تر لەم کێکە بە لیمۆیە بخۆ.

**سۆڵتۆ:**

بە خۆشحاڵییەوە.

**ئانیا:**

هەڵبەت پێت خۆشە.

**سۆڵتۆ:**

ڕۆژی دواتر سێ سەد و پەنجا پاوەندیان لێ وەرگرتم وەکو



باجی دەرامەت. پێم گوتن، بە شەرەفم ئێوە ئەقڵتان لەدەست داوە! نیازی چیتان هەیە؟ دەتانەوێ تووشی مەرگێکی ناوەختم بکەن؟ جا بڕۆن بێڵێکی هەرزانم بۆ بکڕن. بەیانی، کە لە خەو هەڵسام، پێش هەموو شتێک، بەر لەوەی چێشت بخۆم، دەچم گۆڕێک بۆ خۆم هەڵدەکەنم. سێ سەد و پەنجا پاوەندی ئەستەرلینی، تێ دەگەی؟ من وام پێ گوتن. پێم گوتن پیشانم بدەن، بەڕەش، بەسپی، لە کوێ ئەوەندەم چنگ کەوتووە،، تۆ داوای ئەوەندەم لێ دەکەی؟ ڕەنگە هەر دەوروبەری هەزار پاوەندم چنگ کەوێ. گوتیان ئەمە مەزەندەکردنە. ئێمە داهاتی تۆمان وا خەملاندووە. خەملاندن؟ کێ ئاوای بۆ خەملاندن؟ پیاوێکی نابینا، کە شتەکان دوو ئەوەندەی خۆی دەبینێ؟ من پیاوێکی پیری خانەنشینم. هەفتانە سێ پاوەند وەردەگرم. شتێکم بۆ بدۆزەرەوە تا بیخەملێنم! وەڵتەر دەڵێی چی؟

**وەڵتەر:**

ئەمان خەڵکێکی خراپن. خەڵکێکی زۆر بەدکارن.

**ئانیا:**

گوێ بەخەڵکی پیر نادەن.

**میلیا:**

تا ئێستاش، مستەر سۆڵتۆ، تا ئێستاش تۆ وزە و توانایەکی زۆرت هەیە.

**سۆڵتۆ:**

چیم هەیە؟

**میلیا:**

وزە و توانا.

**سۆڵتۆ:**

وزە و توانا؟ هەبێ و نەبێ منت لە دێهاتەکانی ئوستراليا بينيوە. من ئەو کەسە بووم، کە هەرێمی باکوورم لە بەردەم ئەوان والا کرد.

**میلیا:**

سەیرە. تا ئێستا ژنت نەهێناوە، مستەر سۆڵتۆ.

**سۆڵتۆ:**

من هەردەم حەزم لە تەنیایی کردووە. جاری یەکەم فریودرام. لە دڵی خۆما گوتم، سۆڵتۆ ئاگەداری هەنگاوەکانت بە. نهێنییەکانت مەدرکێنە. ئەگەر بیانەوێ فریوت بدەن، با فریوت بدەن. بەڵام هاوسەرێتییان لەگەڵ پێک بێنی؟ ئەمە هەر نابێ.

**وەڵتەر:**

ئەمە لە کوێ؟ لە ئوسترالیا یان لە یۆنان؟

**سۆڵتۆ:**

لە ئوسترالیا.

**وەڵتەر:**

ئەی چۆن لە ئوسترالیاوە چوویت بۆ یۆنان؟

**سۆڵتۆ:**

بە کەشتی. مەبەستت چییە؟ جێگەم گرت. چ گەشتێک بوو. ئەو کاتە باڵق بووبووم. بەم دەستانەی خۆم پیاوێکم کوشت. شەش



پێ و دە ئینج بوو. خەڵکی مەدغەشقەر بوو.

**ئانیا:**

خەڵکی مەدغەشقەر؟

**سۆڵتۆ:**

ئائا، خەڵکی مەدغەشقەر.

**ئانیا:**

ئالاسکا؟

**سۆڵتۆ:**

مەدغەشقەر.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

ئەمە لە رابوردوو.

**سۆڵتۆ:**

بەڵام لە داهاتووش روو دەداتەوە.

**میلیا:**

فەرموو سۆڵتۆ پارچەیەکی تر لەم کێکە لوولە بخۆ.

**ئانیا:**

دڵنیام ژنت هەبا زۆر باش دەبوو بۆت.

**سۆڵتۆ:**

ئەگەر بمەوێ ژن بێنم، دەتوانم بۆ بەیانی لە باوەشم بێ. بەڵام منیش وەکو وەڵتەر وام پێخۆشە تەنیا بم.

**وەڵتەر:**

مستەر سۆڵتۆ کاروباری سکراپ چۆنە؟

**سۆڵتۆ:**

وس! ئەمە هەر ئەو پرسیارەیە، کە باجگرەکە لێی کردم. پێم گوت ئەوە چەند ساڵە خانەنشین بوومە. پێی گوتم ئەی بۆ فۆرمەکانی باجی داهات پڕ ناکەیتەوە، کە بۆت دەنێرین؟ گوتم من هیچ داهاتێکم نییە تا روونی بکەمەوە. گوتی، تۆ تەنها کەسێکی لەم هەرێمە، کە فۆرمەکانی خۆت پڕ ناکەیتەوە. دەتەوێ بچیتە بەندیخانە؟ گوتم بەندیخانە بۆ پیاوێکی وەکو من، پیاوێک، کە ژیانی بەپاکی بەسەر دەبا، پیاوێک، کە "دۆن برادمان"ی(*) دۆزییەوە، دەبێتە شەرمەزاری بۆ نیشتمان. گوتی، فۆرمەکانت پڕکەوە. تووشی هیچ کێشەیەک نابیت. گوێ بگرە! گوتم، ئەگەر دەتانەوێ ئەم فۆرمانە پڕ بکەمەوە، ئەگەر دەتانەوێ بەهەموو تۆمارەکانی فەرمانگەکەدا بچمەوە، قەیناکا، بەڵام برێ پارەم پێ بدەن. هەقی ئەم سەرئێشەیە. دەستهەقم بدەنێ تا بیکەم، ئەگەرنا تۆ خۆت پڕیان بکەرەوە. وازم لێ بێنە. سێ سەد و پێنج پاوەندی ئیستەرلینی؟ نێچیرێکی چەوریان دۆزیوەتەوە.

**ئانیا:**

ژنێکی باش نەیدەهێشت ئەزیەت بکێشیت. فۆرمەکانی بۆ پڕ دەکردیتەوە، بۆ تۆ.

---

(*) دۆن برادمان ١٩٠٨ – ٢٠٠١ یاریزانێکی کریکێتی ئوسترالی بوو. وەکو گەورەترین یاریزانی کریکێت لە هەموو یارییە جیهانییەکان پاڵەوانێتی بەدەست هیناوە. لەم یارییە بووەتە پاڵەوانی سەدەی بیستەم.



**سۆڵتۆ:**

ئاخر من لەمە دەترسم.

**میلیا:**

مستەر سۆڵتۆ، فەرموو کێکێکی بە کاستەر بخۆ.

**ئانیا:**

هێشتا ئارەزووی خواردنی ماوە.

**سۆڵتۆ:**

هەڵم گرتبوو هەتا، دوا جار، هاتمە ئێرە.

**وەڵتەر:**

بۆ، مستەر سۆڵتۆ، تۆ دواجار کەی لێرە بوویت؟

**میلیا:**

یەکسەر دوای ئەوەی، کە تۆ چوویتە دەرەوە.

**سۆڵتۆ:**

هەندێ گوڵە نێرگزم هێنا.

**ئانیا:**

نۆ مانگ پێش ئێستای بیر دێتەوە.

**سۆڵتۆ:**

ئێستا چۆنن؟

**ئانیا:**

چی؟

**سۆڵتۆ:**

گوڵە نێرگزەکان.

**ئانیا:**

ئەها، سیس بوونە.

**سۆڵتۆ:**

ئێ؟ (دەخوا)

**وەڵتەر:**

کەواتە تۆ هیچ دەربارەی کرێچییەکە نازانیت؟

**سۆڵتۆ:**

کرێچییەکە؟

**وەڵتەر:**

بەڵێ، ئێستا کرێچییەکی تازەمان هەیە.

**میلیا:**

مامۆستای خوێندنگەیە.

**سۆڵتۆ:**

مامۆستای خوێندنگە، ها؟ ئم، باشە، لە کوێ دەخەوێ؟ لەسەر چوارپایەکە؟

**وەڵتەر:**

پوورەکانم ژوورەکەی منیان داوەتێ.

**میلیا:**

وەرە ئانیا یارمەتیم بدە، سەر مێزەکە پاک بکەمەوە.

**سۆڵتۆ:**

ئەو خانمەی یەکەم جار لە ئوسترالیا منی فریودا، مێردەکەی خۆی تێ هەڵدایە دەرەوە و ژوورەکەی دایە من. دوای چەند



ساڵێک تووشی بوومەوە وتارێکی دەدا لە "ماربڵ ئارک". وتارێکی خراپ نەبوو. شتی وا روو دەدا.

**میلیا:**

(قاپ و کەوچکەکان کۆ دەکاتەوە) مستەر سۆڵتۆ، بۆچی هەندێ پارە بە قەرز نادەیتە وەڵتەر؟

**سۆڵتۆ:**

من؟

**ئانیا:**

بەڵێ تۆ.

**میلیا:**

پارەی بدەرێ با کاسپییەکی پێوە بکا.

**سۆڵتۆ:**

بۆ ناچیتە لای کۆمەڵەی هاریکاریکردنی زیندانییەکان. ئەوان قەرزت پێ دەدەن. تۆ دوو جار زیندانی کراویت. بێگومان پشتگیرییەکی زۆرت دەکەن.

**وەڵتەر:**

هەڵبەت تۆش دوو سەد پاوەندی ئیستەرلینیت لە کیس ناچێ.

**سۆڵتۆ:**

دووسەد لێرە و سێ سەد و پەنجاش لەوێ – بۆ، تۆ من بەچی تێ دەگەیت؟

**میلیا:**

خۆ لەگەڵ خۆت نایبەیتە گۆڕەوە، مستەر سۆڵتۆ.

**وەڵتەر:**

دەیەوێ ببێتە دەوڵەمەندترین پیاوی ناو گۆڕستان.

**ئانیا:**

پارە لە هەموو شوێنێ بەکەڵکت نایە.

**میلیا:**

بابڕۆین ئانابێڵ.

**ئانیا:**

یەک کێکی رەق ماوە مستەر سۆڵتۆ.

**سۆڵتۆ:**

ئانیا، دەڵێم کێکە رەقەکە هەڵگرە.

**میلیا:**

ئانابێڵ.

(ئانیا و میلیا دەڕۆنە دەرەوە. قاپ و کەوچکەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن)

**سۆڵتۆ:**

بەخوا حەز دەکەم بتوانم یارمەتیت بدەم، ئانیا، بەڵام شتەکان زۆر سەخت و دژوارن. لەم رۆژانە گرەوم لەسەر شەش پێشبڕکێی دوو کەسی کرد. سیانم بەتەواوی دۆڕاند. ژمارە چوار لە دوا قۆناغا تووشی رۆماتیزم هات. دوو رۆژ نانم بۆ نەخورا.

**وەڵتەر:**

من بەخۆشحاڵییەوە دەیکەم. نیازم وایە واز لە تاوانکاری بێنم.



**سۆڵتۆ:**

بۆ؟ هەست دەکەیت ئەم جۆرە ژیانە ماندووی کردوویت؟

**وەڵتەر:**

زۆر زیرەک نیم. زۆر جار دەسگیر کراوم. بلیمەت نیم.

**سۆڵتۆ:**

ئێستاش لەسەر تۆمارەکانی فەرمانگەی پۆست کار دەکەی؟

**وەڵتەر:**

بەڵێ.

**سۆڵتۆ:**

کارێکی پووچ و بێ سوودە. پێشتر پێم گوتی ئەگەر دەتەوێ ببیتە کەسێکی ساختەکەر، دەبێ بەهرەت هەبێ. پێویستە لە دڵەوە بێ.

**وەڵتەر:**

من ساختەکەرێکی لێزان نیم.

**سۆڵتۆ:**

تۆ ساختەکەرێکی ترسناکی.

**وەڵتەر:**

بۆیە هەموو جارێ دەسگیر دەکرێم.

**سۆڵتۆ:**

من هەردەم ساختەکەرێکی باشترم لە تۆ. ساختەکاریش ناکەم.

**وەڵتەر:**

من شارەزاییەکی تەواوم نییە.

**سۆڵتۆ:**

ساختەکەر دەبێ کارەکەی خۆی خۆش بوێ. تۆ کاری خۆتت خۆش ناوێ. کێشەکەی تۆ ئەمەیە وەڵتەر.

**وەڵتەر:**

ئەگەر تۆ دوو سەد پاوەندم بدەیتێ، واز لە تاوانکاری دێنم.

**سۆڵتۆ:**

من خانەنشنێکی پیرم، والی، تۆ باسی چی دەکەی؟

**وەڵتەر:**

خۆزگە ژوورەکەی خۆمم دەست بکەوتایەوە! بۆ خۆم تیا دەگیرسامەوە. بیرم لە هەموو شتێ دەکردەوە

**سۆڵتۆ:**

بۆ، ئەی ئەم مامۆستای خوێندنگەیە کێیە؟ نیازی چییە؟

**وەڵتەر:**

(بە لامسەرییەوە) گوێ بگرە، دەمەوێ شتێکت پیشان بدەم.

**سۆڵتۆ:**

چی؟

**وەڵتەر:**

ئەم وێنەیە.

**سۆڵتۆ:**

ئەمە کێیە؟

**وەڵتەر:**

کچێکە... دەمەوێ بیدۆزمەوە.



**سۆڵتۆ:**

ئەم کچە کێیە؟

**وەڵتەر:**

منیش دەمەوێ ئەمە بدۆزمەوە.

**سۆڵتۆ:**

ئێمە ساختەکاریمان دەکرد. باسی ژوورەکەی تۆمان دەکرد. باسی مامۆستاکەی خوێندنگەمان دەکرد. ئەمە چ پێوەندییەکی بەمانەوە هەیە؟

**وەڵتەر:**

ئەمە یانەیە، لە وێنەکە، وانییە؟

**سۆڵتۆ:**

خۆیەتی.

**وەڵتەر:**

ئەم کچەش خانەخوێی یانەکەیە، وانییە؟

**سۆڵتۆ:**

بێگومان.

**وەڵتەر:**

دەتوانی شوێنەکەیم بۆ بدۆزیتەوە؟

**سۆڵتۆ:**

من؟

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

هیچ کام لەم پیاوانە دەناسیت؟ ئەو پیاوانەی لەگەڵ کچەکەن؟

**سۆڵتۆ:**

چی، کوا؟ ئا یەکێکیان... دەڵێی دەیناسم.

**وەڵتەر:**

ئەو کچەم بۆ بدۆزەرەوە. زۆر گرنگە. چاکەیەکە لەگەڵم دەکەی. تۆ تەنیا کەسێکی بتوانی بیدۆزیتەوە. تۆ شارەزای ئەم یانانەیت.

**سۆڵتۆ:**

تۆ ئەو کچە دەناسی؟

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

نەخێر.

**سۆڵتۆ:**

باشە، ئەی ئەم وێنەیەت لە کوێ دەستکەوت؟

**وەڵتەر:**

دەستم کەوت.

**سۆڵتۆ:**

چیت کردووە، عاشقی وێنەکە بوویت؟

**وەڵتەر:**

بەدڵنیاییەوە، بەڵێ.

**سۆڵتۆ:**

بەڵێ... کچێکی زۆر قەشەنگە. کچێکی جوانە. باشە، والی، من هەوڵ دەدەم بۆت بدۆزمەوە.



**وەڵتەر:**

سوپاس.

(دەرگای پێشەوە بە قایمی دادەخرێ. دەنگی تەپە تەپی پێ دێ لەسەر پێپلیکانەکان)

**سۆڵتۆ:**

ئەمە چییە؟

**وەڵتەر:**

ئەمە ساختەکەرەکەیە. مامۆستای خوێندنگەیە.

(شانۆ بەرەبەرە تاریک دادێ)

(شانۆ بەرە بەرە رووناک دەبێتەوە)

**میلیا:**

من شیرم بەگەرمی ناوێ. دەمەوێ سارد بێ.

**ئانیا:**

ساردە.

**میلیا:**

وام زانی گەرمت کردووە.

**ئانیا:**

گەرمم کرد. هەرکە هاتمە سەرەوە گەرمم کرد. ئێستا سارد بووەتەوە.

**میلیا:**

دەبووایە لە ناو مەنجەڵۆکەکە هەڵت گرتبا. ئەگەر لە ناو مەنجەڵۆکەکە هێنابات، هەتا ئێستا هەر بەگەرمی دەمایەوە.

**ئانیا:**

وام زانی دەڵێی ناتەوێ گەرم بێ.

**میلیا:**

من نامەوێ گەرم بێ.

**ئانیا:**

ئێ، منیش بۆیە دەڵێم ساردە.

**میلیا:**

دەزانم، بەڵام ئەگەر بەگەرمی بمویستایە، من هەروا دەڵێم.

(شیرەکە فڕ دەکا) ساردتر دەبوو.

**ئانیا:**

پارچە ماسییەک دەخۆی یان کێکێکی ئەڵقەیی شیرین.

**میلیا:**

ماسییەکە دەخۆم. تۆ دەتەوێ چ بخۆیت؟

**ئانیا:**

من دەچمە خوارەوە. کێکە ئەڵقەییەکە دەخۆم.

**میلیا:**

دەتوانی ئەمە بخۆیت.

**ئانیا:**

نا، یەکێکم لە خوارەوە هەیە. تۆ بۆ خۆت دوای ماسییەکە ئەمە بخۆ.

**میلیا:**

ئەی بۆ ماسییەکە ناخۆیت؟



**ئانیا:**

تۆ دەزانی من چ جۆرە ماسییەکم لا خۆشە؟ "پیلکارد"[١] خراپ نییە.

**میلیا:**

"هێرنیک"، حەزم لە پارچەیەک "هێرنیک"ە.

**ئانیا:**

کەمێک "پیلکارد" بە هەندێ سرکە. دوای ئەمیش قاپێک "مووس"[٢] بە شیلەی کاکاو داپۆشراو.

**میلیا:**

"مووس" بە شیلەی کاکاو داپۆشراو؟

**ئانیا:**

بیرت نایە کاتێ "مووس" بە کاکاومان دەخوارد لە "کلاکتۆن"؟

**میلیا:**

ئاخر "مووس" بە کاکاو لەگەڵ ماسی "هێرنیک" نابێ.

**ئانیا:**

من ماسی "هێرنیک"م ناوێ. "پیلکارد"م دەوێ.

(دەنگی تەپە تەپی پێ دێ)

گوێ راگرە.

(ئانیا دەسکی دەرگەکە بادەدا و گوێ رادەگرێ. وەڵتەر لە

---

(١) جۆرە ماسییەکی بچووکە وەکو ساردین وایە.

(٢) جۆرە شیرینییەکە لە شیری خەستی شڵەقێنراو و سپێنەی هێلکە و شەکر دروست دەکرێ.

دەرگەی ژووری "سالی" دەدا)

**سالی:**

بەڵێ.

**وەڵتەر:**

منم.

**سالی:**

وا هاتم. فەرموو وەرە ژوورەوە.

(دەرگەکە دەکرێتەوە)

**وەڵتەر:**

چۆنی؟

**سالی:**

باشم.

(دەرگەکە دادەخرێ)

**ئانیا:** وەڵتەر: چووە ژوورەوە.

**میلیا:**

مەبەستت چییە دەڵێی چووە ژوورەوە؟

**ئانیا:**

مەبەستم ئەوەیە ئێستا وا لە ژوورەوەیە.

**میلیا:**

لە ژوورەوە، لە کوێ ئانیا؟

**ئانیا:**

لە ژوورەکەی سالی.



**میلیا**

ژوورەکەی وەڵتەر.

**ئانیا:**

ژوورەکەی وەڵتەر.

**میلیا:**

وەڵتەر چووە ژوورەوە؟

**ئانیا:**

بەڵێ.

**میلیا:**

"سالی" یش لە ژوورەوەیە؟

**ئانیا:**

بەڵێ.

**میلیا:**

وەڵتەر لەگەڵ سالی لە ژوورەوەیە؟

**ئانیا:**

بەڵێ.

**میلیا:**

برۆ دەرەوە گوێیان لێ رابگرە.

(ئانیا لە دەرگەکە دەچێتە دەرەوە و بۆ تەختایی سەر پێبلیکانەکان و دەچێتە لای دەرگەکەی ژوورەکەی سالی)

**وەڵتەر:**

با هەندێ لەمە بخۆینەوە. من بۆ تۆم هێناوە.

**سالی:**

چییە؟

**وەڵتەر:**

براندی.

**سالی:**

ئەمە بۆچییە؟

**وەڵتەر:**

با پێت بڵێم. من بیرم لەوە کردەوە، کە پێویستە یەکتر بناسین مادامەکی هەردووکمان لە ناو یەک خانوو دەژین.

**سالی:**

باشە، بۆ نا.

**وەڵتەر:**

دەخۆیتەوە؟

**سالی:**

نا، بەڕاستی ناخۆمەوە.

**وەڵتەر:**

جارێک دووان، جارجارە، وانییە؟

**سالی:**

زۆر کەم.

**وەڵتەر:**

بەڵام نەختێک لەمە دەخۆیتەوە؟



**سالی:**

هەر کەمێک... پەرداخەکان..

**وەڵتەر:**

هێناومن.

**سالی:**

هەموو شتێک ئامادە کراوە، وانییە؟

**وەڵتەر:**

نۆش!

**سالی:**

نۆشی گیانت بێ.

**وەڵتەر:**

دەمەوێ پێت بڵێم... دوێنێ قسەکانم نەختێک ڕەق بوون. هەر ویستم داوای لێبووردنت لێ بکەم.

**سالی:**

قسەکانت ڕەق نەبوون.

**وەڵتەر:**

کەمێکی دەوێ هەتا رادێم. تۆ ژوورەکەی منت گرتووە.

**سالی:**

باشە، با پێت بڵێم. من بیرم لەوە دەکردەوە. ڕەنگە بتوانین بەشێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە لە ژوورەکە بین.

**وەڵتەر:**

پێکەوە؟

**سالی:**

من مەبەستم ئەوەیە، تۆ دەتوانی بەکاری بێنی ئەو کاتەی، کە من لێرەنیم یان شتێکی ئاوا.

**وەڵتەر:**

ئاخر من لە مەسەلەکە نەگەیشتم.

**سالی:**

ئاسانە. من بەڕۆژ لە قوتابخانەم.

**وەڵتەر:**

ئەی ئێوارەکان؟

**سالی:**

بۆ ئەمەش خۆت دەیبینی. من هەفتەی سێ شەوان لە دەرەوەم.

**وەڵتەر:**

بۆ کوێ دەچی؟

**سالی:**

گوتم بۆ خوێندنگەی شەوان. زمان دەخوێنم. پاشان هەر لەگەڵ کچێکی هاوڕێم دەبم. مامۆستای قوتابخانەیە. گوێ لە مۆسیقا دەگرین.

**وەڵتەر:**

چ جۆرە مۆسیقایەک؟

**سالی:**

هی مۆزارت، براهمز، ئەم جۆرە شتانە.

**وەڵتەر:**

ئەها، ئەم جۆرە مۆسیقایانە.



**سالی:**

بەڵێ.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

تۆ دەزانی ئێرە گەرم و خۆشە؟ فەرموو قومێکی تریش بخۆوە.

**سالی:**

ئاخر من...

**وەڵتەر:**

(بۆی تێ دەکا) هەر نەختێک.

**سالی:**

سوپاس. نۆش!

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

من پێشتر لەگەڵ هیچ کچێک نەبوومە لەم ژوورە.

**سالی:**

ئەها.

**وەڵتەر:**

بەڵام کوڕ دەهاتن. لێرە پلانەکانمان بۆ چەتەگەری دادەنا.

**سالی:**

بەڕاست؟

**وەڵتەر:**

بۆ پوورەکانم پێیان نەگوتی بۆ لە زیندان بووم؟ ها؟

**سالی:**

نەخێر.

**وەڵتەر:**

مەسەلەکە ئەوەیە، کە من پیاوێکی چەکدارم.

**سالی:**

ئێ ئێ.

**وەڵتەر**

پێشتر پیاوی چەکدارت بینیوە؟

**سالی:**

باوەڕ ناکەم.

**وەڵتەر:**

جۆرە ژیانێکی خراپ نییە. هەموو شتێ بە وردی بیری لێ کراوەتەوە. کاتێکی زۆر دەست بەتاڵم. راستی، دەتوانی بڵێی پشووەکان بە مووچەوەن. خۆ ئیشوکاری ناپەسندی زۆر تێدایە. ئێستا کە زانیت پیاوێکی چەک لەشانم، لێم ناترسی، وانییە؟

**سالی:**

نەخێر. پێم وایە تۆ کەسێکی خۆشەویستی.

**وەڵتەر:**

ئا، تۆ لەمەیان راست دەکەی. هەر بۆیەش زۆر بەباشی زیندانم بەسەر برد، چونکە خۆشەویست بووم. دەزانی لە بەندیخانە کارم چی بوو؟ کتێبخانەی بەندیخانەم بەڕێوەوە دەبرد.




باشترین بەڕێوەبەری کتێبخانە بووم، کە بەندیخانەکە بەخۆیەوەی دیبێ. ئەو رۆژەی بەندیخانەم بەجێ هێشت، بەڕێوەبەری بەندیخانەکە خۆی بەڕێی کردم. هەتا دەرگەی سەرەکی بەندیخانەکە بەڕێی کردم. پێی گوتم لەوەتەی من بەرپرسیارێتی کتێبخانەکەم لە ئەستۆ گرتووە، ئەوان پێیان زانیوە، کە کاری کتێبخانەکە زۆر زیادی کردووە.

**سالی:**

چ رێزلێنانێکی گەورەیە.

**وەڵتەر:**

(زیاتر تێ دەکا) پێی گوتم ئەگەر واز لە چەتەگەری چەکدارانە بێنم، ئەوان لە مۆزەخانەی بەریتانیا پێشنیازی وەزیفەیەکم بۆ دەکەن. ئاگام لە دەسنووسەکان بێ. ئاخر تا رای خۆم دەربارەیان بنووسم.

**سالی:**

دەزانم، ئەم وەزیفەیە شارەزایی دەوێ.

**وەڵتەر:**

نۆش کە! شارەزایی؟ زۆر سەیرە. لە کاتی خۆیا شارەزاییم دەربارەی دەسنووسە دەگمەنەکان هەبوو. کابرایەکم دەناسی نهێنییەکانی ئەم دەسنووسانەی دەخستە ڕوو.

**سالی:**

نهێنییەکانی دەخستە ڕوو؟

**وەڵتەر:**

دەسنووسە دەگمەنەکان. لەسەر تاشەبەرد هەڵکەنرابوون. ئەو

کاتە ئیش و کارم نەبوو. پارەیەکی چاکم وەردەگرت. دەزانی چۆن؟ دەسنووسەکان هەر بە لاشەکانەوە نووسابوون. دەبووایە ئێسکی سێبەندەیان بە مووکێشێکی گەورە هەڵگرین. دەزانی دەبووایە شوێن پەنجەمان لەسەر لاشەکان بەجێ نەهێڵین. یاسای ئاینییە. ناخۆشترین داچڵەکان ئەو کاتە بوو، کە ئێسکەپەیکەرێک کەوتە سەر سەرم. زۆر تووڕە بووم. ئەو کاتە هەستێکی سەیر دای گرتم. هەستم کرد من ئێسکەپەیکەرەکەمە و ئێسکەپەیکەرەکەش مێردی پوورمە، کە ماوەیەکی زۆر بوو نەمدیبوو. هاتووە ماچم دەکا و پێم دەڵێ شەوت شاد. وا بزانم تۆ هیچ نەچوویتە ناو گۆڕەوە. من وا بە باش دەزانم مرۆڤ هەموو شتێ تاقی بکاتەوە، کە لە ژیانا تووشی دێ.

**سالی:**

ئێ، رۆژێ دێ منیش بچمە ناو یەکێکیانەوە.

**وەڵتەر:**

من هیچ لەمەیان نازانم. لەوانەیە بتسووتێنین یان لە ناو دەریا نقووم بیت، وانییە؟

(ئانیا لە تەختایی سەر پێبلیکانەکان بە هێواشی دەچێتە خوارەوە بۆ ژوورەکەی و دەچێتە ناو جێگە)

**میلیا:**

گوێت راگرت؟

**ئانیا:**

بەڵێ.



**میلیا:**

ئێ؟

**ئانیا:**

گوێم لێ بوو قسەیان دەکرد.

**میلیا:**

چییان دەگوت؟

**ئانیا:**

لێم مەپرسە.

**میلیا:**

جارێکی تر بڕۆ بۆ لای دەرگەکە و باش گوێ رابگرە.

**ئانیا:**

تۆ بۆ ناچیت؟

**میلیا:**

من لە ناو جێگەم.

**ئانیا:**

منیش

**میلیا:**

ئاخر من پێش تۆ چوومەتە ناو جێگە.

(ئانیا لە پێش خۆی پرتە و بۆڵە دەکا. لە ناو جێگەکە دێتە دەرەوە. دەگەڕێتەوە بۆ تەختایی سەر پێبلیکانەکان و دەچێ لەبەر دەرگەکە دەوەستێ.)

**وەڵتەر:**

تۆ خەڵکی باکووری؟

**سالی:**

تۆ زیرەکی. من وام زانی...

**وەڵتەر:**

لە ئەکسێنتی زمان دەزانم.

**سالی:**

من وام زانی ئەو ئەکسێنتەم نەماوە...

**وەڵتەر:**

شتێ لە چاوەکانیشتا هەیە، کە تەنها لە چاوی کچە لانکەشارییەکان(*) دەیدۆزیتەوە.

**سالی:**

بەڕاست؟ چییە؟

**وەڵتەر:**

(کەمێک لێی نزیک دەبێتەوە) وا دیارە تۆ لەگەڵ من کەمێ نارەحەتی. لەبەر چی؟

**سالی:**

من نارەحەت نیم.

**وەڵتەر:**

باشە ئەمە بۆ؟ نەختێک نائاسوودەی.

---

(*) ئاماژەیە بۆ ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای بەریتانیا.



**سالی:**

من وانیم.

**وەڵتەر:**

با ئاشتت بکەمەوە، وانییە؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ دوێنێ ئاسایی نەبووی. دوێنێ لەگەڵ لووتی خۆت بەشەڕ دەهاتی.

**سالی:**

ئەوە تۆ بوویت دوێنێ نائاسایی بوویت. ئەمڕۆ جیاوازی.

**وەڵتەر:**

بەمە دڵگران نیت، کە دەبینی من چەتەیەکی چەکدارم. پێیان دەگوتم چەتەیەکی ڕەوشت جوانە.

**سالی:**

نەخێر دڵگران نیم.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

پوورەکانم پێیان وایە تۆ کچێکی زۆر باشی. وا بزانم ئەوان لای خۆیان بیر لە هاوسەرێتیمان دەکەنەوە.

**سالی:**

چی؟

**وەڵتەر:**

بەڵێ، وا بزانم ئەوان پێیان وایە ژنیان بۆ من دۆزیتەوە.

**سالی:**

ئەمەیان سەیرە.

**وەڵتەر:**

ئەوان تۆیان بۆ شـووکـردن هـان داوە، بەڵام شـتـێکیـان لەبیـر کردووە.

**سالی:**

چییە؟

**وەڵتەر:**

من ژنم هێناوە. لە ڕاستیدا من سێ ژنم هێناوە. پیاوێکی سێ ژنەم. باوەڕم پێ دەکەی؟

**سالی:**

پێم وایە تۆ سروشتێکی زۆر سەیرت هەیە.

**وەڵتەر:**

ئەوە نیگای چاوەکانتە وات لێ دەکا بەم شێوەیە ببینیت.

**سالی:**

تۆ خۆت بینینی خراپت نەبووە؟

**وەڵتەر:**

چاوەکانت هی ناوچەی باکوورن. پڕن لە سووتووی دووکەڵ.

**سالی:**

سوپاس.

**وەڵتەر:**

(تێ دەکا) دەی پڕی بکە.

**سالی:**

بە خۆشی چاوەکانت.



**وەڵتەر:**

وام زانی نەتخـواردووەتەوە. باشـە دەتوانـی زیاتر بخـۆیتـەوە. بۆ خـۆت لە قـوتابخانـەش هـەر وابکە. لە پشـووی شیـر خـواردنەوە، بۆ یاری سـەبـەتە گـورجـوگـۆڵ و ڕێکوپێکت دەکـا. یان لە خوێندنگەی شەوان، وانییە؟ دڵنیام خوێندنگەی شەوانت بە دڵە. دەی پێم بڵێ لەم خوێندنگەیەی شەوان چ دەکەی؟

(ئانیـا لەسـەرەخـۆ باوێشـک دەدا. بەبێ خـشـپـە دەگـەڕێتـەوە ژوورەکەی خۆی. دەرگەکە دادەخا و دەچێتە ناو جێگە)

**ئانیا:**

هێشتا هەر قسە دەکەن.

**میلیا:**

(خەواڵووە) باسی چی دەکەن؟

**ئانیا:**

سەرم لێ دەرنەچوو.

**میلیا:**

دەبووایە خۆم بچم. هەردەڵێی کەڕی.

(لە ناو جێگە پاڵ دەکەون. بە کزییەوە چرپە چرپ دەکەن)

**ئانیا:**

کـێکە ئەڵقـەییـیـەکـە تووشـی دڵەکـزێی کـردووم. (بە دەنگێکی کزەلۆکەوە) شەوت شاد.

(میلیا سووکە پرخەیەکی دێ)

(ڕووناکی ئاراستەی ژوورەکەی سالی دەکرێ)

**سالی:**

ژیانێکی ئاسوودە بەسەردەبەم. زۆر ئاسوودەم. من تێکەڵی خەڵک نابم.

**وەڵتەر:**

منی لێ دەربچێ. تێکەڵی من دەکەی.

**سالی:**

من هیچ ژیانێکی کۆمەڵایەتیم نییە.

**وەڵتەر:**

پێویستە بتبەم بۆ هەندێ لەو بارانەی، کە من پێیان دەزانم. دیمەنەکانت پیشان بدەم.

**سالی:**

نا. حەز لەمە ناکەم.

**وەڵتەر:**

حەز لە چ دەکەیت؟

(وچانێکی کورت)

**سالی:**

لێرە پاڵ کەوم... بە تەنیا...

**وەڵتەر:**

لەسەر جێگەی من؟

**سالی:**

بەڵێ.



**وەڵتەر:**

چ دەکەی؟

**سالی:**

بیر دەکەمەوە.

**وەڵتەر:**

بیر لە من و دوێنێ شەو دەکەیتەوە؟

**سالی:**

تۆ؟

**وەڵتەر:**

ئەو پێشنیازەی لە ژوورەکە لەگەڵتا هاوبەش بم. من بە گرنگی دەزانم.

(وچانێکی کورت)

دڵنیام ئێستا بیر لە من دەکەیتەوە.

(وچانێکی کورت)

**سالی:**

بۆ بیر لە تۆ دەکەمەوە؟

**وەڵتەر:**

من بیر لە تۆ دەکەمەوە.

(وچانێکی کورت)

نازانم ئەم گلەییە چی بوو کردم دەربارەی ئەم ژوورە. خۆ ژوورێکی ئاساییە. گوێ مەدەرێ. دەزانی چی، ئەگەر تۆ لێرە نەبوویتایە. ئەگەر لەم ژوورە نەبوویتایە ئەوا گوێم پێ نەدەدا.

(وچانێکی کورت)

بۆ لەم ژووره نامێنیتەوه؟ من ژنم نەهێناوه. ئەمه هەر قسه بوو کردم. من بەهیچ کەسێکەوه نەبەستراومەتەوه. با بەڕاستی پێت بڵێم... بەڕاستی پێت بڵێم. من تا ئێستاش بۆ ژنێکی خاتوون دەگەڕێم.

**سالی:**

من وا دەبینم پێویسته لێره بڕۆم.

**وەڵتەر:**

بۆ کوێ دەچی؟

(وچانێکی کورت)

**سالی:**

هەر شوێنێک بێ.

**وەڵتەر:**

دەچیته کەناری دەریا؟ من دەتوانم لەگەڵتا بێم. لەوێ ماسی دەگرین... لەسەر شۆستەکە. بەڵی، باپێکەوه بچین، یان خۆ دەتوانین لێره بمینێینەوه. هەر لێره لەم ژووره بین.

**سالی:**

بەڕاست؟

**وەڵتەر:**

دانیشه.

**سالی:**

چی؟



**وەڵتەر:**

دانیشه.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت بخەره سەر یەک.

**سالی:**

ها؟

**وەڵتەر:**

قاچەکانت بخەره سەریەک.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت لەسەریەک لابه.

(وچانێکی کورت)

هەڵسەوه سەرپێ.

(وچانێکی کورت)

خۆت بسوورێنه.

(وچانێکی کورت)

بوەسته.

(وچانێکی کورت)

دانیشه.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت بخەره سەر یەک.

(وچانێکی کورت)

قاچەکانت لەسەر یەک لابە.

(بێدەنگی)

(مۆسیقای یانەی شەوان)

**توولیا:**

نا من پێت دەڵێم، دەبێ... بوەستە. هەر نزیکەی دە ساڵ دەبێ. دواین جار ئەو کاتە بوو، کە من لە خوارەوە لەگەڵ "ریچمۆند" بووم.

**سۆڵتۆ:**

ئا وایە. لە یانەی "دۆنکی".

**توولیا:**

"دۆنکی"، ئا، وایە، من سێ ساڵە ئەوێم جێ هێشتووە.

**سۆڵتۆ:**

ئەی لەکەیەوە هامشۆی ئێرە دەکەی؟ من سێ ساڵە نەهاتوومەتە ئێرە.

**توولیا:**

هەڵبەت غەریبیم دەکەیت. من سێ ساڵ پێش ئێستا هاتم بۆ ئێرە(هاوار دەکا) چارلی!

(توولیا بە چەقەنەیەک بانگی شاگردی یانەکە دەکا)

**سۆڵتۆ:**

با ئەوەشت پێ بڵێم. جاران بەڕاستی بارێکی پیس بوو.

**وەڵتەر:**

هەر هەمان مەشرووب، مستەر توولیا.



**توولیا:**

هەمان مەشرووب. پیس و پۆخڵ – هەڵبەت پیس و پۆخڵ بوو. دەزانی داوایان لە من کرد کەمێک بۆیان رێک بخەم. نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا. منیش نەمهێنا و نەمبرد، هەر لە سەرەتاوە دە خوێریم دەرکرد. هەڵوێستی خۆمم روون کردەوە.

**سۆڵتۆ:**

هیچ کێشەیەکیان بۆ نەنایەتەوە؟

**توولیا:**

بۆ من؟ با پێت بڵێم. ئەوان دەزانن ئەگەر کێشە بنێنەوە، ئەوا کەسێکی راستەقینەیان هەڵبژاردووە. بیرت نایە لە "بلاک هیث" چیم کرد؟

**سۆڵتۆ:**

تۆ نەختێک دەچیتە دواوە.

**توولیا:**

من دەگەڕێمەوە چەند ساڵێک پێش جەنگ.

**سۆڵتۆ:**

دەگەڕێیتەوە ئەو کاتەی یارییەکە خۆش بوو.

**توولیا:**

ئەی خۆت لە "بلاک هیث"؟

**سۆڵتۆ:**

تۆ باسی "بلاک هیث" دەکەی. ئەمە چیرۆکێکی ترە.

**توولیا:**

سوپاس چارلی. فەرموو ئەمبرۆس، نۆش!

(وچانێکی کورت)

نەخێر. ئەوا بە چاوی خۆت دەبینی بارەکە وەکو جاران پیس و پۆخڵ نییە. شتێکی تریش، تیپێکی مۆسیقامان لێرە هەیە – ئا، پیانۆیەک و دوو گۆرانیبێژمان هەیە. کوڕی باشن، کوڕی زۆر چاکن. کۆمەڵێ مەعمیلی ڕێکوپێکمان هەیە دێنە ئێرە. دەزانی زۆر مۆسیقاژەن هەن دێنە ئێرە... کە دێنە ئێرە. کۆمەڵێ مەعمیلی هەمیشەیی ڕێکوپێکیش دێنە ئێرە. هەڵبەت ژمارەیەکی باشن. بازرگان و کاربەدەستانی دەزگاکان دێنە ئێرە. مەبەستم خەڵکی پلەوپایە بەرزە. هەر دوێنێ شەو قسەم لەگەڵ هەندێکیان کرد. سەر بە دادگەی "هامپتۆن" بوون لە "توینکهام" و "داچێت" هاتبوون.

**سۆڵتۆ:**

لە داچێتەوە. ئەم هەموو ڕێگەیەیان بڕیبوو.

**توولیا:**

ئەی چۆن. بە ترومبێل هاتبوون. چەندی خایاندووە تا گەیشتوونەتە ئێرە. مەبەستم ئەوەیە ئێمە دوو کاتژمێر مۆڵەتمان هەیە. سێ کۆتریشمان هەیە لێرە نیشتەجێن. باشە چی وای لێ کردووی ئاوا کتوپڕ بێیتە ئێرە؟

**سۆڵتۆ:**

ئا، هەر یەکێک لەم شتە سەیرانە، سیریل، بیستم کۆترێکی بچکۆڵانە لێرەیە.

**توولیا:**

چی، یەکێک لە کۆترەکانی ئێرە؟



**سۆڵتۆ:**

ئێستاش هەر زیرەکی، وانییە سیریل؟

**توولیا:**

بیستووتە چەند بەگزادە و خەڵکی پایەبەرز دێنە ئێرە؟ دڵ لە دڵ مەدە. هەندێ کچی قەشەنگی بێ هاوتاش دێنە ئێرە. ڕێگەیەکی دووورودرێژ لە خوێندنگە تایبەتییەکەی کچانەوە دەبڕن هەتا دێنە ئێرە.

(شانۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ)

(شانۆ بەرە بەرە ڕووناک دەبێتەوە)

(ژووری جلگۆڕینی کچان)

**بەرباره:**

پاشان ئەو گوتی چی؟

**سالی:**

گوتی یەکشەمەیەک لەگەڵ من نانی ئێوارە بخۆ. ژنەکەم ببینە. بۆ، من گوتم، چۆن من بە ئەو دەناسێنی؟ وەکو خوشکێکت؟ نانا، ئەو گوتی، ژنەکەم زۆر مێشک کراوەیە. بە ناسینت زۆر دڵخۆش دەبێ.

**ماڤیس:**

بەڵێ وایە. من پێشتر لەم جۆرە قسانەم زۆر بیستووە.

**سالی:**

هەڵبەت منیش ئاوام پێ گوت. بەڵێ من پێم گوت، من پێشتر لەم قسانەم زۆر بیستووە. چەقە چەق. گوتم بڕۆ لە بەرچاوم ون

به. لاچۆ لێره هەتا پۆلیسم بانگ نەکردووه.

**بەربارە:**

کامەیان خۆی بوو؟ لووت زلەکە؟

**سالی:**

بەڵێ.

**بەڕێوەبەر**

دەی کچینە، وەرن. خۆتان بجوولێنن. ئامادە بن دەست پێ دەکەین.

**بەربارە:**

کێ ڕێگەی پێ دایت بێیتە ناو ژووری کچان؟

**بەڕێوەبەر**

دەمە دەمم لەگەڵ مەکە. پێڵاوە پێچکەدارەکانتان بکەنە پێتان (بۆ سالی) سیریل داوات دەکا هەر ئێستا بچیتە لای ئەو.

**سالی:**

ڕۆژێ دێ لە ناو کەلوپەلەکانی تێی هەڵدەم.

**بەربارە:**

بڵێ بزانم پاشان چ رووی دا؟

**سالی:**

بۆ رۆژێک لەگەڵ من نایەیتە سەر رووبارەکە؟ ئاوای گوت، هەتا سواری تەختە بەلەمت بکەم و پیاسەیەکت پێ بکەم.

**ماڤیس:**

سواری چی؟





**سالی:**

تەختە بەلەم.

**ماڤیس:**

تەختە بەلەم چییە؟

**سالی:**

منیش پێم گوت، لەگەڵ تۆ سواری بەلەم بم؟ هەبێ و نەبێ شێت بووی. تۆ من سواری بەلەم ناکەیت.

**بەربارە:**

وام زانی دڵی فڕاندی.

**سالی:**

لە سەرەتا بەڵێ. هەر وا بوو. وام زانی پیاوێکی خراپ نییە، بەڵام دەزانی، خەڵکی ئوستراليا بوو. زۆر دابونەریتی ئوسترالییەکانی هەبوو. لەگەڵ من نەدەگونجا.

**بەڕێوەبەر**

دە هەستن، وەرن. نامەوێ جارێکی تر دووبارەی بکەمەوە. ئێوە وا دەزانن لە کوێن. لە "بریتۆن" دانیشتوون؟ (بۆ سالی) سیریل لەبەر مێزەکەی چاوەڕوانی تۆ دەکا.

**سالی:**

دەبێ گوێچکەکانی ببڕم.

(دەچێتە ناو یانەکە)

**سۆڵتۆ:**

ئیتر من بیرم کردەوە، توولیا، بیگ جۆنی بۆڵسم، هەڵبەت دەبێ

کچێکی باش بێ.

**توولیا:**

بێگومان باشە.

**سۆڵتۆ:**

بۆیە من بیرم کردەوە دوای بکەوم.

**توولیا:**

لەمە باشترت پێ نەدەکرا. ئەوەتانێ خۆی. ئەوەتانێ. فەرموو گیانە، ئەمە برادەرێکی کۆنی خۆمە. ئەمبرۆس سۆڵتۆ.

**سۆڵتۆ:**

خۆشحاڵم بە دیدارتان.

**سالی:**

خۆشحالم بە دیدارتان.

**توولیا:**

دانیشە ئەمبرۆس. حەز دەکەم بەم کچەت بناسێنم. ئەم کچە زیرەکترین کچە لێرە. سێ زمان دەزانی.

**سۆڵتۆ:**

زمانەکان چین؟

**توولیا:**

پێی بڵێ.

**سالی:**

بەسەر چاو. یەکەمیان ئینگلیزی.



**سۆڵتۆ:**

زیرەکە، ها!

**توولیا:**

زیرەک؟ لای من باشترین کچە.

**سالی:**

ئۆه، وانیم.

**سۆڵتۆ:**

بە نیاز نیت ناوی خۆتمان پێ بڵێی؟

**سالی:**

کاتینا.

**سۆڵتۆ:**

کاتینا. ڕێکەوتێکی چەندە سەیرە! دەنکەکەی سەردەمی مناڵیم ناوی کاتینا بوو.

**توولیا:**

نا، ئێ؟

**سالی:**

بەڕاستیتە مستەر سۆڵتۆ؟

**سۆڵتۆ:**

بەڵێ، ئەو کاتە کوڕێکی بچووک بووم لە ئەثینا. ئەمە هی ئەو کاتە بوو.

(شانۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ)

(شانۆ بەرە بەرە ڕووناک دەبێتەوە)

**وەڵتەر:**

من دەبێ بە شەمەندەفەر بچمە ساوث ئێند. هەر ئەمەیە و بڕایەوە.

**ئانیا:**

ساوث ئێند بۆچی؟

**وەڵتەر:**

حەز دەکەم سەیری کەناری دەریا بکەم. ئەوێ خراپ نییە. لەم ناوە دەسووڕێمەوە و هیچی تر. هەر بۆنی دەریا دەکەم.

(وچانێکی کورت)

**ئانیا:**

نهێنییەکت لە ژێر سەردایە.

**وەڵتەر:**

من؟

**ئانیا:**

بەڕاست، والی، بڵێ بزانم رات چییە بەرامبەر بەم کچە؟ جوانە، وانییە؟

**وەڵتەر:**

کێ؟ ئەو کچەی سەرەوە؟

**ئانیا:**

بەدڵتە؟، وانییە؟

**وەڵتەر:**

کێ؟



**ئانیا:**

بە دڵت نییە؟

**وەڵتەر:**

چی؟ ئەو کچەی لە سەرەوە دەژی، ها؟

**ئانیا:**

گاڵتە و گەپ بخەرە ئەو لاوە.

**وەڵتەر:**

باشە... با هەموو گاڵتە و گەپێک وەلا بنرێ... بەبێ گاڵتە من دەڵێم کچێکی باشە.

**ئانیا:**

بەڵام تۆ لە یەکەم دیدارا ئەمت بە دڵ نەبوو، وانییە؟

**وەڵتەر:**

ئەها، ئاخر یەکەم دیدار... هیچ وەکو... دووەم جار نەبوو. دەزانی؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم... جاری دووەم... زۆر جار جیاواز بوو لەوەی، کە تۆ چاوەڕوان بووی... لە جاری یەکەم رووبدا. هیوادارم لە قسەکەم بگەی.

**ئانیا:**

ژوورەکەی جوان و رێکوپێک نەکردووە، ها؟

**وەڵتەر:**

زۆر جوان و دڵگرە.

**ئانیا:**

بەڕاستی کردوویەتییە ژوورێکی ژنانەی دڵڕفێن، وانییە؟

**وەڵتەر:**

با... تۆسقاڵێک گومانی تێدا نییە.

**ئانیا:**

هاکا هاتە ژوورەوە. دوای نیو کاتژمێر رێک کاتی خۆیەتی لە خوێندنگەی شەوان بگەڕێتەوە ماڵ.

(شانۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ و پاشان بەرە بەرە روونـاک دەبێتەوە).

**سۆڵتۆ:**

رات چییە بەمە؟

**سالی:**

نا، بەڕاستی نەزمێکی مۆسیقی رێکوپێکت نوواند. مستەر سۆڵتۆ: جیگەی دڵخۆشییە.

**سۆڵتۆ:**

من هەردەم ئەو ریتمەم هەبووە. بڕوا بکە من هەر بە زگماک ئەو ریتمەم هەیە. پەنجە گەورەکەی پێم هەر لە خۆیەوە سەمای پۆلکا[١] دەکا. بە شەرەفم لەگەڵ دەنکەکەم هەموو جارێ لە نزیک دەریاوە سەمامان دەکرد. شەپۆلەکانیش کەنارەکەیان دەلستەوە. تۆ قەت کاری وات کردووە؟ سالی.

نا، نەخێر. با بخۆینەوە.

**تولیا:**

چۆن لەگەڵ یەکتر هەڵدەکەن؟

---

(*) جۆرە سەمایەکی بۆهیمییە.



**سۆڵتۆ:**

زۆر باش.

**سالی:**

زۆر بە خۆشییەوە.

**سۆڵتۆ:**

ئێمەتان لەسەر سەکۆکە بینی؟

**تولیا:**

چیتان دەکرد لەسەر سەکۆکە؟

**سالی:**

سەمامان دەکرد!

**سۆڵتۆ:**

خۆزگە لە "بلاک هیث" دەتبینی. بڕۆ، تۆ بڕۆ سیریل، ئێمە باسی فەلسەفە دەکەین.

**تولیا:**

ئاگات لە خۆتان بێ.

(دەڕوا)

(سۆڵتۆ و سالی دەچنە بەر مێزەکە و دادەنیشن)

**سۆڵتۆ:**

دەمویست شتێکت پێ بڵێم.

**سالی:**

چی؟

**سۆلتۆ:**

من شوێنێکی تایبەتیم لە کەناری دەریا هەیە لە ساوث کۆست. هەر هی خۆمە. کووخێکی بچووکە لە کەناری دەریا. راستی، زۆر بچووک نییە. کووخیش نییە نەختێک لە کووخ گەورەترە. مافووری هیندی تێدایە. لای پێشەوەی هەر هەمووی پەنجەرەیە. سیستەمی گەرمکردنی ناوەندی هەیە. شەپۆڵەکانیش راستەوخۆ لە پەیژەکەی پێشەوە دەدەن. دەتوانی لە دیوەخانەکە دابنیشیت و سەیریان بکەیت کاتێ بەرە بەرە نزیک دەبنەوە. بە تۆ بێ لەوێ لەبەر مانگەشەو پاڵ کەوی و سەیری شەپۆڵەکان بکەیت. وتت چی، ها؟

**سالی:**

ئاه... زۆر خۆشە.

**سۆلتۆ:**

هەفتەی داهاتوو دەڕۆینە ئەوێ، وتت چی؟

**سالی:**

ئاخر من...

**سۆلتۆ:**

بیانوو مەهێنەوە. بەڵێن بێ من لە کەناری دەریا بەرازە کێوییەک بە تەواوی ببرژێنم.

**سالی:**

ئەم بەرازە کێوییە لە کوێ دێنیت؟

**سۆلتۆ:**

بە تایبەتی لە فەرەنساوە بۆم دێ. ئەی پێت وایە لە چ شوێنێکی



تر؟ گوێ بگرە، تۆ حەز دەکەی نهێنییەکی بچووک بزانیت؟ من هاتوومەتە ئێرە بەتایبەتی تا بە دوای تۆ بگەڕێم.

**سالی:**

مەبەستت چییە؟

**سۆلتۆ:**

من ئەم وێنەیەی تۆم بینی؟ وێنەگرەکەم دۆزییەوە. ئەو ناوی ئەو یانەیەی پێ گوتم، کە لە وێنەکەدایە. منیش ئەوەتا هاتوومەتە ئێرە.

**سالی:**

وێنەکەت لە کوێ دەستکەوت؟

**سۆلتۆ:**

پێویست ناکا ئەمەت پێ بڵێم. بینیت چیم دەکرد. بەدوای تۆیا دەگەڕام تا ببمە هاوڕێت.

**سالی:**

هاوڕێ؟... کێ؟

**سۆلتۆ:**

دڵی خۆت بەمە ناڕەحەت مەکە. من پێی ناڵێم، کە تۆم لێرە دۆزییەوە. ماوە نادەم پیاوێکی ئاوا دەستی بگاتە تۆ.

**سالی:**

ناوی چییە؟

**سۆلتۆ:**

پیاوێکە ناوی "والی"یە. شەقامی والی. پۆلیس دەیگرێ و

بەرەڵڵای دەکا. ساختەکەرە. دزێکی ناقۆڵایە. لە فەرمانگەی پۆستە لەسەر تۆمارەکانە. دەیناسی؟

**سالی:**

نەخێر

**سۆڵتۆ:**

سەیرە... من نازانم ئەو چۆن... بەهەرحاڵ لە بیر خۆتی بەرەوە. بەڵام من مافی ئەوەی پێ دەدەم. ئەگەر ئەو ئەم وێنەیەی بە من نەدایا، ئێستا من لە کوێ دەبووم؟ ئەی تۆ لە کوێ دەبووی؟

**سالی:**

من لە کوێ دەبووم؟

(شانۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ)

(شانۆ بەرە بەرە ڕووناک دەبێتەوە)

(لە دەرگەی پێشەوە دەدرێ. وەڵتەر لە دەرگەی هۆڵەکەوە سەیر دەکا)

**سۆڵتۆ:**

ئەم کاتەت باش والی. هەر ئێستا دێم. تەکسییەکم لە دەرەوە ڕاگرتووە.

(دەچنە ژوورەوە)

**وەڵتەر:**

دەنگوباس چییە؟ کچەکەت دۆزییەوە؟

**سۆڵتۆ:**

کچەکە؟ کچی چی؟



**وەڵتەر:**

کچەکە. ئەو وێنەیەی بە تۆم دا. ئەو وێنەیە.

**سۆڵتۆ:**

ئەها، کچەکە؟ مەبەستت ئەو کچەیە، کە دەمویست...

**وەڵتەر:**

بەڵێ. من وام زانی بۆ ئەمە هاتوویتەوە.

**سۆڵتۆ:**

تۆ ڕاست دەکەی. من ڕێک لەبەر ئەم مەبەستە هاتوومەتەوە.

**وەڵتەر:**

منیش هەروا بیرم کردەوە.

**سۆڵتۆ:**

تۆ بە هەڵەدا نەچوویت.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

ئێ، لە کوێیە؟

**سۆڵتۆ:**

من دەمویست ئەمەت پێ بڵێم. ناتوانم بیدۆزمەوە.

**وەڵتەر:**

ناتوانی بیدۆزیتەوە؟

**سۆڵتۆ:**

لە هیچ شوێنێ سۆراخێکی نەبوو. منیش هەر بۆ ئەوە هاتم تا ئەمەت پێ بڵێم.

**وەڵتەر:**

چۆن... شوێنەوارێ، شتێ.

**سۆڵتۆ:**

شوێنەوارێکی بچووکیشم دەست نەکەوت.

**وەڵتەر:**

منیش وام زانی تۆ سۆراخت کردووە.

**سۆڵتۆ:**

هیچ سۆراخێکی نییە. هەموو شوێنێ گەڕام. مادریگاڵ، وایب رووم، گاموت، پێدرۆ. کەسێ نەبوو ئەم دەموچاوە بناسێ. ئا، بوەستە، بەڕاست، پێدرۆ گوتی لەوانەیە لە مەدرید یەکێکی دیبێ هاوشێوەی ئەو بێ. چووەتە مەدرید؟

**وەڵتەر:**

چۆن بزانم؟ تا ئێستا نەمبینیوە.

**سۆڵتۆ:**

وام زانی بینیوتە.

**وەڵتەر:**

ئەی یانەکەت نەدۆزییەوە؟

**سۆڵتۆ:**

یانەی چی؟

**وەڵتەر:**

ئەوەی لە وێنەکەدایە.



**سۆڵتۆ:**

نەخێر. دەزانی، من بیرم کردەوە، کە باشترین شت ئەوەیە بچم وێنەگرەکە بدۆزمەوە. بۆیە سەردانێکم کرد.

**وەڵتەر:**

چی گوت؟

**سۆڵتۆ:**

لەوێ نەبوو. چووەتە کەنەدا بۆ کۆنفراسێک.

**وەڵتەر**

چ کۆنفراسێک؟

**سۆڵتۆ:**

کۆنفراسێک دەربارەی دانسازی. دەیەوێ ببێتە پزیشکی ددان.

**وەڵتەر:**

بۆ، واز لە وێنەگرتن دێنێ؟

**سۆڵتۆ:**

رای خۆی گۆڕی. خۆت ئەم شتانە دەزانی. کووپێ قاوەی پێ دام و چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە.

**وەڵتەر:**

کێ؟

**سۆڵتۆ:**

براکەی. پزیشکی ئێسک بوو. بە تەواوی تووشی کێشە هاتووە. بە خەرجییەکانی خۆی راناگا.

**وەڵتەر:**

سەیرکە، مستەر سۆڵتۆ، ئەگەر من لە شوێنی تۆبام وازم لە هەموو شتێ دەهێنا.

**سۆڵتۆ:**

تۆ دەتەوێ رای من بزانی؟ من پێم وایە وێنەکە ساختەیە. یانەی ئاوا هەر نییە. کچی ئاوا هەر نییە. ئەمانە بوونیان نییە.

**وەڵتەر:**

منیش هەروا تێ دەگەم.

(وچانێکی کورت)

**سۆڵتۆ:**

بەڕاست؟

**وەڵتەر:**

بەڕاست.

**سۆڵتۆ:**

کێ دەزانی؟ لەوانەیە قسەی تۆ بێ.

**وەڵتەر:**

ئەو وێنەیە ساختەیە. هەرگیز نایدۆزیتەوە.

**سۆڵتۆ:**

چۆن ساختەیە؟ من وا تێ گەیشتم تۆ دەیناسی.

**وەڵتەر:**

من هیچ کاتێ نەمگوتووە دەیناسم. هەر نەشمبینیوە.



**سۆڵتۆ:**

ئێ خۆ منیش هەروا دەڵێم. ئەو خۆی بوونی نییە تا بیناسی. تۆ هەرگیز نەتبینیوە. من هەرگیز نەمبینیوە. کەسێ بوونی نەبێ، نایبینی.

**وەڵتەر:**

ئەو کچە بوونی نییە.

(وچانێکی کورت)

**سۆڵتۆ:**

گشتیان لە ڕواڵەتا وەک یەکن. ئەوەتا کچەکە. ئەمە وێنەی یەکێکە.

**وەڵتەر:**

یەکێک نییە من بیناسم.

(وچانێکی کورت)

**سۆڵتۆ:**

بە گوێی من بکە والی. ئەم کارە لە مێشکی خۆت دەرکە. بەتەواوی لە بیری بکە و مێشکت ساف بکەوە.

**وەڵتەر:**

منیش هەروا تێ دەگەم. بۆ تۆش باشترە وا بکەی، سۆڵتۆ.

(دەرگەی پێشەوە. دەنگی تەپەی پێیان)

**سۆڵتۆ:**

ئەمە چییە؟

**وەڵتەر:**

ئەمە مامۆستاکەی خوێندنگەیە.

**سۆڵتۆ:**

ئەمە ئامانجی تۆیە. کەسێکی رۆشنبیرە. ماوەی چەند کاتژمێرێکی باش مامۆستایەتی دەکا. لە کوێ بووە؟ خوێندنگەی شەوان؟

(شانۆ بەرە بەرە تاریک دەبێ و پاشان رووناک دەبێتەوە. دەنگی تەپەی پێ لەسەر پێپلیکانەکان دێ. لە دەرگە دەدرێت)

**وەڵتەر:**

تۆ لێرەیت؟

(هەوڵ دەدا دەرگەکە بکاتەوە. داخراوە)

هاتیتەوە؟ دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکەم. با یەک دەقیقە بێمە ژوورەوە. رێگەم دەدەی یەک دەقیقە بێمە ژوورەوە؟ تۆ بە تەمای چیت؟ ئەمە چییە تۆ خەریکی چیت؟ لێم گەڕێ با بێمە ژوورەوە. دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

(بێدەنگی)

**ئانیا:**

ئەو کچە رۆیشت.

**میلیا:**

رۆیشت؟

**ئانیا:**

ئەمەش نووسراوەکەیەتی.



**میلیا:**

بۆ کوێ چوو؟

**ئانیا:**

نووسراوێکی بەجێ هێشت.

**میلیا:**

چی نووسیوە؟

**ئانیا:**

خانمە بەڕێزەکان: زۆر داوای لێبووردنتان لێ دەکەم. کارێکی بە پەلە لە پڕێکا وای لێ کردم ئێرە جێ بێڵم. نازانم کەی دەگەڕێمەوە. بۆیە وام بەباش زانی هەموو شتێ لەگەڵ خۆم ببەم. حەزم نەکرد لە خەو بێدارتان بکەمەوە. سوپاس. ماڵئاوا. بە "والی"یش دەڵێم.

(دەنگی تەپەی پێی ئانیا دێ، کە بەرەو ژووری میوان دەچێ)

والی، هەڵسە.

(وچانێکی کورت)

ئەو کچە رۆیشت.

**وەڵتەر:**

کێ؟

**ئانیا:**

نووسراوێکی بەجێ هێشتووە. سەیرکە.

(وچانێکی کورت هەتا نووسراوەکە دەخوێنێتەوە)

**وەڵتەر:**

بەڵی... باشە... شتێکی ئاشکرا بوو، هەر دەڕۆیشت.

(وچانێکی کورت)

**ئانیا:**

لەگەڵیا تووشی هیچ دەمەقاڵێیەک نەهاتی، وانییە والی؟

**وەڵتەر:**

نەخێر، هیچ.

**ئانیا:**

دوێنێ شەو کە لە خوێندنگەی شەوان هاتەوە، نەتبینی؟

**وەڵتەر:**

نەخێر.

(میلیا دێتە ژوورەوە)

**میلیا:**

من هەر ئەم وێنەیەم لە ژوورەکەیا دۆزییەوە.

**ئانیا:**

ئەها، بینیت کە یاری باسکەی دەکرد،. جوان نەبوو؟

**میلیا:**

لەگەڵ کچەکانی قوتابخانە.

**ئانیا:**

من نەمزانیوە لە یاریکردنا ئاوا لێهاتووە. هیچ کاتێ شتی وای بە ئێمە نەگوتووە.

(وچانێکی کورت)



**میلیا:**

لەوە دەچێ بەیەکجاری رۆیشتبێ.

(وچانێکی کورت)

**وەڵتەر:**

بەڵێ.

(وچانێکی کورت)

وا دیارە هەروایە.

پەردە

## پەراوێزەکان

١- لاپەڕە ٦٠-٦٨ لە:

Esslin, Martin. The Plays of Harold Pinter, Methuen & Co LTD, 11 New Fetter Lane.Lomdon, EC4,1970

٢- لاپەڕە لە:

Martin.S.Regal. The Early Plays, Harold Pinter, Aquestion of Timing: Macmillan Press LTD, London, 199

٣- لاپەڕەکانی ١٢-٢٦ لە:

John Peter, Vladimir’s Carrot: Modern Drama and the Modern Imagination. London: Methuen, 1978

٤- سەیری Harold Pinter, Plays: one. London: Faber& Faber, 1991, p.ix بکە

٥- لاپەڕە ٩ لە:

Austin E.Quigley, The Pinter Problem, Princeton: Princeton Univ. Press, 1975.

٦- لاپەڕە ١٩ لە:

L.G.Gordon, Stratagems to Uncover Nakedness: The Dramas of Harold Pinter. Missouri: Univ, of Missouri Press, 1969.

٧- لاپەڕە ٢١- ٢٦ لە:

Knowles,Ronald, Understanding HaroLd Pinter, published in Columbia, University of South Carolina Press.1995

٨- هەمان سەرچاوە

٩- لاپەڕە ٧٩ لە:

"A letter to Peter Wood," in HaroLd Pinter: The Birthday Party," "The Caretaker," and "The Homecoming," edited by Michael Scott (London: Mamillan,1986),79

١٠- سەیری Terry Eagleton, A review of Party time, Times literary Supplement, 15 November 1991,20 بکە

١١- سەیری Knowles, “Names and Naming in Plays of Harold Pinter,” In Harold Pinter: You never heard Such Silence, Edited by Alan Bold, London and Totowa, N.J.: Vision Press, Barnes and Noble, 1985, 2 بکە



١٢-

Knowles,Ronald, Understanding HaroLd Pinter, published in Columbia, University of South Carolin
Press.1995

١٣- سەیری The Observer, 14 February 1993 بکە

١٤- لاپەڕە ١١٥ لە:

Esslin, Martin. The Plays of Harold Pinter, Methuen & Co LTD, 11 New Fetter Lane.Lomdon, EC4,1970

١٥- لاپەڕە ٧٠ لە:

Martin.S.Regal. The Early Plays, Harold Pinter, Aquestion of Timing: Macmillan Press LTD, London, 19

١٦- لاپەڕە ٧١ -٧٢ لە: Knowles,Ronald, Understanding HaroLd Pinter, published in Columbia, University of South Carolina Press.1995

١٧- لاپەڕە٧١ لە هەمان سەرچاوە.

١٨- دەقی ئەم چاوپێکەوتنەم لەم سەرچاوەوە وەرگێراوە:

Lawrence M.Bensky, Pinter: A Collection of Critical Essays, Prentice Hall, Inc., Englewood Cliffs, New Jersey.1972